# جن بۆ خۆیم دەبا

سەلام عومەر

جن بۆ خۆیم

نووسەر: سەلام عومەر

پیت چنین: زەمەند سەلام

دیزاینی بەرگ‌و ناوەڕۆك: هێرش مەغدید

هەڵەچن: محەمەد چۆمانی

چاپخانەی:

نرخ: 4000

تیراژ: 500 دانە

چاپی یەکەم 2018

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان-هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی(98)ی ساڵی 2018 پێدراوە

| ناوەڕۆك | لاپەڕە |
|---|---|
| 1-چیرۆكی پارچە بوونم | 5 |
| 2- ئامانج | 9 |
| 3- خەیاڵێك بەناو هەسارەكاندا | 41 |
| 4- كشانی تەمەن | 69 |
| 5- مرۆڤێك لە دەعبا | 77 |
| 6- چوونە چیا | 91 |
| 7- راپەڕین | 155 |
| 8- میوانی ناوەخت | 175 |
| 9- بوونە پاڵەوان | 195 |
| 10- چوونە ناو گەردوون | 205 |
| 12- حیكایەتی دڵكەش | 243 |
| 13- جولانی دەماری شەڕانگێزیم | 259 |

جن بۆ خۆيم

# چیرۆکی پارچە بوونم

چــــــۆڕانەوەی خــــــوێن منــــــداڵیمی ئــــــاودا، چــــــاوی سوورکردمەوەو لاویەتیمی بۆخۆی برد، گەڕەك و شارو ولاٌتەکـەمی سـوورداگەڕاندو زۆری نـەمابوو رقـم تێـدا بچێنێ، لە ئاوارەییدا بە سیمای نوێ ئاشنا بووم، شارو دێهاتی جیاواز هـەبوون سەرسامیان کـردم، لـە خـاکی خۆشمـدا گوللـەی زینـدووم دی بـۆ مـن دەهـات، فێـرە راکــردن و ترســیان کــردم، فڕێیاندامــە بەندیخانــەو ناچاری هـەڵاتنیان کـردم، ئـاژەڵی دڕنـدەو دێـوم دیـتن، هەنــدێکیان وەکوخۆمــان بــوون و خۆیــان پێناســاندم، هەندێکی تریان لەنێو ئەفسانەکاندا خـەویان دەزڕانـدم، بەچیای هەزاربەهـەزاردا هەڵگـەڕام، گەیشـتمە لوتکـە و

یــەك دوو جــارانیش خلــۆر بوومــەوەو لــەبنی بنــەوە گیرســامەوە، ئەوەنــدەنا، بوومــە هــاوەڵی هــەزاران و هەندێجار هاوڕێیەتیشیان لێستاندمەوە، ناچاریانکردم منداڵیم و لاویەتیم بەو تەقەڵە رزیوانە بدوورمەوە کە دواتر بوونە گرێکوێرەو ئێستا خـەریکی کردنـەوەیانم، ناچــارتریانکردم لــەو دەرگایانــەدەم کەلەئەفسـانەکان دیبــوومن، پیموابــوو خەونــەکانی مــن لەوێــدان، ئــەو شــوێنەی حــەزەکانم باڵیــان لێــدەڕوێ و پێیــان دەگەمــە نهێنییـــــەکان، وایـــــانلێکردم ئاینـــــدەم بخەمـــــە نێـــــو ئەگەرەکانــەوە و ئــەو ســەرەتایانە بدۆزمــەوە کــەلێوەی هــاتبووم، فێــری مــەی خواردنــەوە بــووم، تــا بگەمــە سڕبوون و لەگەڵ فڕێدانی شوشەکاندا شەرمیشم بشکێ.

دوواجارچــەند دیمــەنێکی تراژیــدی کــە ژنوژاڵــی گەڕەکەکــەمی لــە خــوێن وەردابــوو، کــەوتنی چــەکو چــۆڵکردنی ســەنگەرەکان، لەتوپــەتی کــردم، ئیــدی هەڵیانگرتمەوەو بەبێ خواستی خۆم، هەر پارچەیان لـە شــوێنێك فڕێــدام، لێــرەدا، لــە هــەڵوەرینی تەمــەن و

وشـەکاندا، خـەریکی کۆکردنـەوەی پارچـەکانی خـۆمم، خــەریکی ئاوێتــەکردنی ئــەو خــەیاڵ و چــیرۆکانەم کەهەنــدێکی لەگــەڵ لاشــەی (ئامــانج)دا نێــژران‌و هەندێکی دیشی وشك ببوونەوەو کەڵکی هەڵگرتنەوەیان نەمابوو، خۆ هەندێکیان ببوونـە هـەڵم و ئـەو هەنـدەی دەستیشـمکەوتەوە، لـەژێر شـەبقەی جنەکـەی هـاوڕێم شــاردرابوونەوەو بــۆم هێنانــەوە، تــا لــە ئەفســوونی پارچەبوونمدا هەندێکی بەر ئێوەش بکەوێ، تا هەرهیچ نــەبێ لــە چــیرۆکی هەلاهەلابوونمــدا هــەر بــە بــزری نەمێنمەوە.

* * *



# ئـــامــانج

سپێدەیەکی زوو بوو لە شقارتە کڕین دەهاتمـەوە، کـە دیمــەنی لاشــەی لــە خوێنــدا شــەلاڵ بــووی ئامــانجی جیرانمــانم دیــت، دایکــی لــە باوەشــی کردبــوو هــەر بــەراکردن بــەرەو خەســتەخانەی دەبــرد، ئــەو دیمەنــە توشی شۆکی کـردم، چـونکە هـەر پێـنج خولـەك پێشـتر بەیەکـەوە لـە کـۆلانی خۆمـان گـەمانمان دەکـردوو بـە کاغـەز سـاروخمان درووســتدەکرد، هێشــتا تەمــەنمان

**نەگەیشتبووە حەوت ساڵان و لە قوتابخانە وەریان نەگرتبووین، بۆیە بەیانیان تەنیا من و ئامانج دەماینەوەو لە کۆڵانەکەمان جۆرەها یاریمان دەکرد، خۆمان فێرە تیروکەوان درووستکردن و نیشانە شکاندن و زۆر جارانیش بە قەوانی فیشەکەکان کە هێشتا بۆن باروتیان لێدەهات سەنگەرمان لەیەکتری دەگرت، بەڵام پلانی ئەو رۆژەمان تەنیا دروستکردنی ساروخ بوو.**

**ئەو رۆژە دایکم هاتە بەردەرگاو عانەیەکی دامێ و پێی گوتم:**

**برۆ لەلای مام مەحمودی دووکاندار شقارتەیەکم بۆ بکرە، شقارتەی ئەوکاتی قەپێلکەکەشی هەر لەدار درووستدەکرا، وێنەی سێ ئەستێرەی لەسەربوو هەر لەو ئەستێرانە دەچن کە ئێستا لە سەر شانی ئەفسەرەکان دانراون، هەموو جارێکیش کە شقارتەم بەردەست کەوتبایە چەند دەنکێکم دەگێڕایەوە یان ئاگرمان پێدەکردەوە یاخود لەناو سیمی پاکەتمان داویشت و بە بەردێك دەمان تەقاندەوە، ئەو رۆژە خۆم**

ئامادەکرد تا لەگەڵ ئامانج ئـەو یاریـەش بکـەین، بـەڵام فریا نەکەوتین، چونکە لە گەڕانەوەمدا بوو ئەو دیمەنە لە جێی خۆم سڕی کردم، ئامانج بە لاشەیەکی شل و لە خوێندا گەوزاو لە باوەشی دایکیداشۆڕببۆوە.

بۆ یەکەمجارم بوو دایکی ئامانج بـەبێ لەچك ببینـم، ئـەو هەمیشـە لەچـکێکی سـپی بەسـەر پرچـەکانیدا بەردەدایـەوە، ئـەمجارەیان کەزییـەکانی شـۆڕ ببونـەوەو دەلاوایـەوە، ئامـانج سـەری بـە لەچـکەکەی دایکـی بەسترابوو چۆڕچۆڕ خوێنی لێ دەتکا، ڕەنگی لەچکەکەی و تـەواوی کراسـەکەی دایکی سوور داگـەڕابوو، دایکی من و ژنـی گـەڕەکیش بـە لـەخۆدان و لاڵانـەوە بـەدووی کەوتبوون، بەختی ئامانج لەم کاتەدا یەك ئۆتۆمبێلیش بەوناوەیـدا نـەهات، کـە بەتەنیشـتمدا ڕەتبـوون بەدایکیشمەوە کەس ئاگای لەمن نەبوو، ڕاوەستا بـووم و هـەردووك دەسـتم لـە باغەڵمـدا عاسـێ ببـوون، نەچۆڕانەوەی خوێنی ئامانج و نە چریکەی دایکی کـە بەردی بەدەنگ دێنا، نە لاوانەوەی داکم و ژنـی گـەڕەك

نەیانتوانی بەگریانم بهێنن، ساتێکی زۆر تراژیدی بوو، کەچی نەمتوانی بەدووشیان بکەوم، پێم وابوو ئۆتۆمبێل لێیداوە، بەلاّم نە ئەوان لەسەر ئۆتۆمبێل بوون و نە هیچ ئۆتۆمبێلێکیش لە گەڕەکەکەمان دیار بوو، بۆیە هاتمەوە ماڵ و دیتم هەرسێ خوشکەکانم کە ئەوان گەورەو عازەب بوون دەگریان و توند لە باوەشیان کردم، هیچ پرسیارم لێنەکردن بەلاّم گوێم لەوان بوو دەیانگوت بەخودای سەری بە بەردە نەقارپییەکان کەوتووەو مێشکی تەقیوە، ئیشاڵڵا بەشی دایك و باوکی دەبێت، کچە جیرانەکەمان کە هەمیشە خۆی پۆشتە دەکردوو منداڵیشی خۆش دەویست، هەرچەندجار منی دیبا ماچی دەکردم، ئەمنی لە خوشکم وەرگرت و توند بەخۆیەوە نووساندم، دەستی بە پرچ و لارومەتیدا دەهێنام و زۆر بەناسکی هەروەك ناسکی خۆی دەگریا، فرمێسکە گەرمەکانی کوڵمەکانی منیشی تەڕکرد، زوو زوو بە لچکە ئاوریشمینییەکەی چاوی دەسڕیەوەو بە هەنسك و دەنگێکی تێکەڵ

بــەگریان پێــی گــوتم: ئیشــاڵڵا بەتــەنێ لــە کــۆڵانێ نامێنییەوە.

ئەو قسەیە کاریگەری لەسەر جێهێشتم، بەڵام دیسان نەیگریانــدم، بــەردەرگای ئێمــە کــە بــەردەرگای مــاڵی ئامانجیش بوو چوونکە دەرگامـان لـە تەنیشت یـەکتری بوو پڕببـوو لـە منـداڵ و ژنـی گـەڕەك، هـەر هـەموویان روویـان لـەئاسمان دەکـردوو نزایـان بـۆ چـاکبوونەوەی دەخواسـت، یـا سـەبری جیرانمـان کـە لەهـەموان زیـاتر فرمێسکی دەڕشت گوتی:

تازە لە کۆڵان بوو کوێڕا گەیشتە سـەربان و بـەربۆوە، ئیـدی بـەو قسـەیەی یاسـەبری تێگەیشـتم بـۆ هەڵـدانی ئـەو سـاروخانەی درووسـتی کردبـوون چـۆتە سـەربان و ئەو کارەساتەی بەسەر هاتووە.

تادەهات خەڵکی گەڕەك زیـاتر خۆیـان دەخزانـدە نێـو قەرەباڵغیەکەوە، مـام وسـێنی جیرانمـان روی لەخوشـکم کردوو گوتی:

کچێ ئەوە چ قەوماوە ؟

خوشکیشم وەڵامی دایەوە گوتی:

وەڵا مامەوسێن ئامانجی کوڕی کاک حەمیدی جیرانمان لەو سەربانەیڕا بەربۆوە ئێرە، دەستی بۆ بەردە نەقاڕییەکان راداشت، زۆر بەخراپی سەری شکاو رفاندیانە خەستەخانەی.

مام وسێن مام وسێن بوو دەستی برد بۆ کڵاو و جەمەدانییەکەی توندوبەندی کردەوەو هیچیدی نەگوت و هەر بەراکردن رۆی، هەر لەوێ تێگەیشتم کە ئامانج چی بەسەرهاتووە، بۆیە لەنێو بێدەنگی خۆم و سەرسوڕمانم لەو قەرەباڵغییەی هەبوو مامەوە، خوشکیشم توند لەباوەشێی کردبووم هەر دەستیشی شلبایە دایدەنام و بەڵام نەیدەهێشت یەك مەتریش لێی دوور کەومەوە، پێموابێ کەس لەماڵێدا نەمابوو، منیش هێشتا دەستێکم لەنێو باغەڵمدا بوو تا شقارتەکە ون نەکەم، هەرچەندە ئەو دیمەنەو ئاپۆڕایە هەموو شتێکی بیر بردبوومەوە، بەتایبەتیش دەستم ئارەقەی کردبوو و شقارتەکەی خاو کردبۆوە، بۆیە دەرمهێناو

دامــە خوشــکم، ئــەویش لێــی وەرگــرتم و ئــەمنی بیرکەوتەوەو گوتی: لێم دوور نەکەوییەوە.

نزیکەی دوو کاتـژمێر بەسـەر رووداوەکـەدا رابـوورد تـا دەهـات ئـاپۆڕەی جیـران و خـزم و کەسـی مـاڵی کـاك حەمید زیاد دەبوو، تا جێبێکی سەوز کـەپڕ بـوو لـە ژن و ژاڵی گەڕەك و مام وسێن و بابیشی لەگـەڵ بـوون، بـە زیقـەو لـە خـۆدان لـە بـەردەمی مـاڵی ئێمـە رایگـرت و هەواڵی مردنی ئامانجیان راگەیاند، دایکم لـەناویان بـوو هــەموو کراســەکەی خــوێن بــوو، دیــاربوو لــە رێــی خەستەخانە ئامانجی لە دایکی وەرگرتووە، پڕپیدایە مـن و بە گریانەوە ماچی دەکـردم، دایکـی ئامـانج بەهـەموو ژنــی گــەڕەك نــەدەگیرا ، ئیــدی پیــاویش بــە گــەڕەکێ وەربــوون و قەرەباڵغییــەکی زۆر کــە پێشــتر شــتی وام نەدیبوو ماڵی ئێمەو ئەوانی داپۆشی، گریـان لـە هـەموو لایەکەوە دەهات، کەچی نەمدەزانی هۆکار چییە کـەمن فرمێسك بەچاومدا نە دەهاتـە خـوارەوە، دایکـی ئامـانج کەوەك شێتی لێهاتبوو پڕی دایە من و توند لەباوەشێی

گـرتم، بـە گریانـەوە زۆر شـتی گـوت بـەڵام لـە ترسـان هیچـی لێتێنەگەیشـتم، هـەر ئـەو ڕۆژە دوور لـە چـاوی منداڵـــەکانی وەك مـــن بردبوویـــان و ناشـــتبوویان، پرسەکەشی لە ماڵی ئێمەو ئەوان دانرا.

شـەوی یەکـەم خوشـکە گەورەکـەم کـە زۆر خـەمی ئامانجی بوو بـۆی دەگریـاو داکیشـم بەدوایـدا، ئـەمنیش بۆ یەکەم جار لە خوشکم پرسی ئامانج مرد؟

دایکـم کـە چـاوێکی هـەر لەسـەر مـن بـوو نـەیهێشـت خوشکم وەڵامم بداتەوەو گوتی: نا کوڕم فریشتەکان بـۆ خۆیان برد.

منیش گوتم فریشتەکان کێن؟

دایکـــم گـــوتی: فریشـــتەکان خـــەڵکی باشـــن، بەچـــاو نابینـرێن ڕوحی هەمووومان دەبەنە لای خۆیـان و کـەس ئازار نادەن.

گوتم: یەعنی ئێستا ئامانج لە ئاسمانە؟

دایکم گوتی : بەڵێ ڕوحەکەی لەوێیـە و ئێسـتا ئاگـای لە هەمووومانە.

دەرفەتی پرسیار کردنی دیم نەما، چوونکە یاسەبری جیرانمان هات و بەدایکمی گوت:

یانەجیبە دایکی ئامانجی رەحمەتی داوای ئێوەی کردووە بابرِۆین.

دایکیشم بەبێ هیچ چەندوچوونێك هەستاو دەستی منی گرت و چووینە ئەوێ، یەکسەر دایکی ئامانجی کە زۆر کەنەفت و ماندوو بوو هەر کەدیتمی لە پرِمەی گریانیدا، بەدوای ئەواندا هەموو گریان و بەو چاوانەی خۆم دیتم بابیشی دەگریا، بابی ئامانجی قەت ماچی نەکردبووم دواجار بابیشی ئەمنی لە مێز گرت و تەواو ماچی کردم، بۆنی کردم و بە هەنسکێکی شەرمنی ئاوێتە بەگریانی پیاوانەوە گوتی:

هێشتا بۆنی تاقانەکەمی لێدێ.

هەر کە ئەم قسەیەی بەگریانەوە کرد، بەتایبەتیش کە گریانی پیاو لەناو ژنان زۆر کاریگەرە، ئیدی قیژەی دایکم و دایکی و یاسەبری و هەموان تێکەڵی یەکتری بوون، منیش کە لەنێو کەشێکی ماتەمی پرِ لە

نووزانەوەودا بووم سەدای گریان تا ئەوسەری کۆڵانێ دەچوو، هەموان بە کچ و ژنەوە بەرگی رەشیان پۆشی بوو، گریان و ماتەم ئەوکی هەموانی گرتبوو، کەچی نازانم هۆکار چی بوو هەر گریانم نەدەهات، بەڵام بە سەر سورمانەوە تەماشام دەکردن و ئەوانیش هەمیشە چاوێکیان لەسەر من بوو، هەتا نازانم دایکی ئامانجی بوورایەوە یان نووست ئەمنیان نەهێنایەوە ماڵ، کە هاتیشینەوە، دایکم پێی گوتم: کوڕم بۆیە سەبووری بەتۆ دێت چونکە دایمە بەیەکەوە بوون، ئەو ژنە فەقیرە هەر ئەو منداڵەی هەبوو ئەویش چەند شێخ و موشایەخیان کرد تا خودا ئەو کوڕەی دانێ فریشتەکانیش ئەویان بۆ خۆیان برد.

هاتینەوە ماڵی خۆمان و خوشکەکەم میزی پێکردم و دواتر بردمییە سەرجێی خۆی تا بمنوێنێ، لەباوەشێی کردم و گوتی:

ئەوجار بنوو.

بەلاّم بە هۆکاری خـەیاڵی ئامـانج و ئـەو کارەساتەی ئەمڕۆ کە پێشتر شـتیوام نـەدیبوو خـەوم لێنەدەکـەوت، بیرم لەوە دەکردەوە ئێستا دەبێت ئامـانج لـەکویٚ بێت؟ فریشــتەکان لەباوەشــی دەگــرن؟ میــزی پێدەکــەن و دەیخەوێنن؟ باشە لەو ئاسمانە چۆن بەرنابێتەوە ؟ بـەو منداڵیـەی خـۆم کـە نەمـدەزانی گریـان چییە بـیرم لـە ئاسمـان و گــەردوون و فریشــتەو بزربــوون دەکــردەوە، ئاخر کوڕەکەی جیرانیشمان کە لەمن گەورەتر بوو هەر ئەو رۆژە پێی گوتم:

تــازە ئامــانج نابینیــەوە، ئــەو رۆیشــتە ئاسمــان منداڵێکیدی بکە برادەرت و یاری لەگەڵ بکە.

هەموو ئەو رووداوانەی ئەورۆ نەیاندەهێشت بخـەوم، خوشکەکەشــم کــە دیــاربوو رووداوەکــە ســڕی کردبــوو خەوی لێنەدەکەوت، بۆیە تەماشای کردم و گوتی:

تـا ئێستا نەخـەوتووی؟ بنـوو بابەکـەم سبەی دەبێـت زوو لە خەو هەستین.

دایکـم گـوێی لـە مشـتومڕی مـن و خوشـکم بـوو دەشـیزانی هـەردووکمان خـەومان لێناکـەوێ بۆیـە هاتـە لام و لەباوەشـێی کـردم، یەکسـەر ئـەو چـیرۆکەی بەبیرداهات کە من زۆر حەزم لێدەکرد، گوتی:

کوڕم چیرۆکی کوڕی بـەفرت بـۆ بگێڕمـەوە؟ منـیش چوونکە حەزم لێی بوو گوتم: دەی.

دایکم گوتی:

(هەبوو نەبوو خێزانێـك هـەبوون هـەموو بەیانییـەك بۆ نان کـڕین کـوڕە پاشـەبەرەکەیان دەنـاردە لای وەسـتا حـاجی نانـەوا ، خـۆ کـوڕی لـەوی گـەورەتریان هـەبوو بـەڵام هـەر ئـەویان دەنـارد، چـوونکە دووربـێ گـوێی شـەیتانی کـەڕبێ، کـوڕێکی وەك تـۆ ژیکەڵـە بـوو، کردبوویـە کـاری ڕۆژانـەی و سـەرما و گـەرمابا بـەبێ پێگوتن هەڵدەستاو سەرەویلکی نانی لە بنهەنگڵی دەنـاو کـاری خـۆی جێبـەجێ دەکـرد، بەیانیـەك کـە لەخـەو هەڵدەسـتێ تـا بچـێت نـانی گـەرم بـۆ ماڵـەوە بکـڕێ، دەبینێ بەفرێکی ئەستوور باریوەو بـەردەوامیش بـەفر

وەك كەرتكـــە جـــل دێتـــە خـــوارێ، ئـــەویش جزمـــە لاستیقەكانی لەپێ دەكات و قەمسەڵەیەكی بـە فـەرووی ئەسـتووری دەبێـت ئـەویش لەبـەر دەكـات، هێشـتا دنیـا رونـاك نەبۆتـەوە بـەلاّم چـوونكە بـەفر سـپییە بۆیـە شەقام سپی سپی دەچێتەوە، بـەفری تـازە بـاریویش كـە هێشـتا سـامالّی بـەر نەكـەوتووە وەكـو لۆكـە وایـە لاقـت تێیـدا نقـوم دەبێـت و هـەنگاوەكان زۆر ئەسـتەم دەبـن، كوڕەش كە بەناو بەفرەكەدا دەڕوات هەتا چۆكی نقـووم دەبێت.

كوڕیشـیرینم بۆخۆشـت دەزانـــی سـەرەوەی جزمــەی لاسـتیق كراوەیـە چـوونكە قـەیتانی توونـدكردنی نییـە بۆیـە لەگـەلّ هـەر هـەنگاو نانێـك كـە ناچـار بـوو هـەتا سـنگی بـەرزی بكاتـەوە جزمەكـەی پڕدەبـوو لەبـەفر، ئـەوجا بـە هـەردوو پەنجـە تـەزیوەكانی بەفرەكـەی دەردەهێنـاو جارێكیـدی هـەنگاوە سستەكانی دەنایـەوە، بەلاّم دواجار تەواوی جزمەكەی پڕدەبێـت لـە جلێتـاوی

بـەفرو لاقـەکانی دەتـەزن، تـەزینێك لـە جێگـەی خـۆی جوڵەی بۆ ناکرێ.

کـە خێزانەکـەیان لـە خـەو هەڵدەسـتن دەبیـنن کـوڕە پاشە بەرەکەیان لەناو جێگەی خۆیدا نییەو سەرەویلکو ئـەو بـڕە پارەیـەی لـە سـەریان دانـابوو نـەماوە، ئیـدی دەزانن کە چووە بۆ نان کڕین، دایکی سەماوەر پێدەکات و گیـزە گیزەکـەی رۆژە رێیـەك دەڕوا، چـا پێـدەگات و خوان دادەمەزرێ کەچی کوڕە هەر نەگەڕایەوە، کات درەنگ دەبێت و هەرگیز ئەوەنـدە دوانەکـەوتووە، بۆیـە بەدوویـدا دەچـن، کـە دەچـنە دووکـانی وەسـتا حـاجی نانەوا ئەو دەڵێت ئـەمڕۆ کوڕەکـەی ئێوە نـەهاتووە بـۆ نانکڕین، ئیدی دڵیان دادەخورپێت و دەکەونە سـۆراغی، سـەرەتا لـە جیرانەکانـەوە دەسـت پێدەکـەن، لـە یـەك ماڵیش نایدۆزنـەوە، بـەفریش بـەردەوام لـە بارینـدایـە ، یەك لە جیرانەکانیان کە شوێن هەڵگرێکی باش دەبێـت، دەتوانێـت جێپێـی دزانـیش بدۆزێتـەوە، وەگـەڵیان دەکەوێت و هەر لەبەر دەرکێوە بە دووی جێپێـی کـوڕە

دەکـەوێ، ئـەو پیـاوە زۆر شـارەزا دەبێـت، بـە پەنجـە ئیشـارەتی جـێ پێیـەکان دەکـات و یـەك یـەك بۆیـان شیدەکاتەوە.

دەڵـێ ئـەوە جێپێـی کوڕەکـەی ئێوەیـە ئـەوەتا بـەفر بەسەریدا باریوەتـەوەو دیـارە زۆر زوو لـە مـاڵێ هاتۆتـە دەر، نابینن خەریکە بەبەفر پڕ دەبێتەوە، ئـەمما ئـەوە جێپێی مام سمایلییە ئەو لەویش زووتر وەدەر کەوتووە چـوونکە هـەموو بـەیانیان دەچـێت سـۆبەی مزگـەوتێ دایسێنێ، ئەها تەماشاکەن ئەوە جێپێـی بـاجی ئایشـێیە ئـەو دوای هـەردووکیان هاتۆتـە دەر، چـوونکە ئـەویش هـەموو بەیانییـەك دەچـێت خـواردنی خەسـتەخانەی لێدەنێ، جێپێی کوڕەکـەی ئێـوەش زۆر بـەڕوونی دیـارە، وەدووی جێپێکـان دەکـەون، یـەك یـەك هـەنگاوەکانی دەبیننەوە، هەرچەندە جێپێی دیش هەبوون لەم دەورو بـەرە ئـەویش هـەمووی جێپێـی خـەڵکی گـەڕەك بـوون بەتایبـەتی ئیمـاڵی کوڕەکـەی، هەروابێتـەوە پێـی دیـش هەبوون کەوتبوونە سـەر جێپێـی کـوڕە، بـەڵام قۆڵتـایی

جزمـــەکانی ئامـــانج هـــەر هـــەتا کـــن دووکـــانی مـــام مەحمودی دیار بوو، کە هەر دووسەد مەترێك لـە مـاڵی خۆیانەوە دوور بـوو، لـەوێ کـاڵ دەبـۆوەو قۆرتاییەکـەی کەم دەبۆوە تا بەیەکجاری لە چاوان بـزر دەبـوو، شوێن هەڵگرەکە دەڵێ:

خۆش بەختانە جێپێی یەك دەعبـای دڕنـدەش وەکو گـورگ و کـەمتیارو ورچ لـە کـۆلانێ نـین، تەنانـەت ئـی سەگەکانیش دیار نـین، جێپێـی گەورەشـی لێنییـە هـەتا گومـــانی دێـــوە شـــەلەی بکـــەین، هەروابێتـــەوە نـــە ســـەرەویلکی نـــانی و نـــە جلوبـــەرگ و نـــە دلۆپـــە خوێنێکیش رژاوە، خەم و نەبێت هەر پەیا دەبێتەوە.

بـەلاَم کـەس نـەیزانی ئـەو کـوڕە پاشـەبەرەی دایـەو بابـــەی چـــی بەســـەرهات ئـــەرز قوتیـــدا یـــان ئاسمـــان هەڵیلوشی.

تـــەواوی شـــاریان لـــەم هەواڵـــە ئاگـــادارکردەوە، نەخۆشـــخانەو پـــۆلیس و مزگـــەوت و مـــاڵی فـــەقێ و مجێورەکـانیش گـەڕان، کەچـی یـەك سـۆراغیان دەسـت

نەکەوت، هەندێك لە پیاوە بە تەمەنەکان دەیانگوت دێوەشەلە رفاندوویەتی، چوونکە ئەو گۆپاڵێکی پێیە هەر بەوی دەڕواو لەبن هەنگڵێی ناوەو تۆڵەی خۆی کردۆتەوەو بردوویەتی.

جا کوڕی شیرینم حیکایەتی دێوە شەلەشت بیستووە، دێوەشەلە پیاوی زێیەیە، هەموو نیوەشەوێك لەسندۆلأنەوە، باش دەزانی سندۆلأن گوندێکی سەرزێیەیە، هەڵدەکشێت بەرەو ئاواییەکانی سەرێ، زێ و زێ هەر بەناوەڕاستی ئاوەکەیدا دێت، کە دێوەکە لەناو زێیەدا بێت شڵپ و هوڕی رۆژە رێیەك دەڕوا، ئەو زێیە قوڵە کە دارتێلی تێدا نقوم دەبێ هەر تا ئەژنۆی دێت، دەڵێن تەنیا ئەو کاتانە دێوەشەلە ئاسوودە دەبێت کە زێ هەڵدەستێ، هەستانی زێش تەنیا لە بەهاراندا روودەدات کاتێك بارانێکی زۆر دەبارێت و بەفری چیاکان دەتوێنێتەوەو تەواوی روبارەکان دەبنە لافاو و کڵۆ دەکەن، ئەوجا بەهەموو شتێکەوە دەڕژێنە زێیەوە، دێوەش وەك گەمیەکی گەورە دەکەوێتە مەلە، هەروا

گۆپالێکیشی پێیە بەقەت کاریتەیەکی دەبێت، دێت و تا دەگاتە ئەو روبارەی ئاواییەکەی ئێمە لەتدەکا، لەوێش سەر دەکەوێتە سەرێ و هەرکەسێك لەدەم ڕوبارەکە ببێنێ بەهەموو قوەتی خۆی مستێکی لەپشتی دەدا، جائەوەی مستی دێوەشەلەی وێکەوتبێ یەکسەر لەرز گرتویەتی و هەرحەوتوێکی ژیاوە، زۆرکەمن ئەوانەی لەچنگی دێوەشەلەی ڕزگاریان بووە، بۆیەش دەست لەخەڵکی دەوەشێنێ، چوونکە پێشتر ئەو بەرۆژ لەنێو زێیەدا خۆی حەشارداوەو بەشەویش ڕوبارو ڕوبار بەرەوسەر هەڵکشاوە، بەلاّم شەوێکی شێخی سندۆلاّن تووشی دەبێت و هەر لەنزیك گوندەکەی خۆیانی دەیبینێ، شێخ دەیەوێ لەو قەمچانەی دوورخاتەوە، بەلاّم دێوە هەر حسابی بۆ ناکا، لێیان دەبێتە شەڕ، دێو هەر گاشە بەردێکی بۆ شێخی داوێ هێندەی کەللە قەندێکی دەبێ، شێخیش بە خاکە ناسەکەی خۆی قوتار دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە، دێو کە دەبینێ ئەو بەشەرە لەوی ناترسێ و دەست دەکاتەوە، ترس لێی

دەنیشێ و دەیەوێ راکا، شێخیش هەست بەبەزینی دێوە دەکات و بەهەمموو هێزی خاکەناسێکی تێدەسرەوێنێ و لاقێکی دەشکێنێ، دێوە لەتاوان و بە شەلە شەل رادەکا، هەتا یەك دوو مانگان کەس دێوەشەلەی نابینێ، دوایی کە دەگەڕێتەوە ناو زێیە خەڵکی بە شەلی دەیبینن و دەزانن ئەو گۆپاڵەش هەر لەبەر شەلیەکەی هەڵێدەگرێ و جێ زەبری شێخی بۆهەتایە پێوە دیار دەبێ، ئیدی لەوە بەدواوە هەرکەسێکی بەردەست کەوتبێ زەبری خۆی لێدەدات، دەست لە کەس نا پارێزێ، بەلاّم ناوێرێ توخنی سندۆلاّن و ماڵی شێخی بکەوێ.

دەڵێن ئێستاش ئەو دێوەشەلە هەرماوە، چەندین کەسی هەنگاوتوەو لە پەلوپۆی خستووە، ئەوکاتەی بەری پشدەرێ رادەگوازرێ، خەڵکی بیتوێنێ بەچاوی خۆیان دیویانە لە برسان پەلاماری هۆردوێك عەسکەری داوەو کەلوپارچەی کردوون، ئەو دێوە بەچنگە زلەکانی داری لە رەگەوە هەڵدەکێشێ، زۆر حەزی لە ئاوە، بۆیە هەر بەناو ئاوێدا دەڕوا، دەڵێن بەر لەوەی شێخ لێیدا

**زەڕی بۆکەس نەبووە، چوونکە جارێکی لافاو هاتوەو گوندێکی بە تەواوی بردووە، ئەو چۆتە ناوەڕاستی لافاوەکە وەك چیا لەوێ وەستاوە هەرچی لانکو کەسانی گوندو ئاژەڵ هەیە کەلافاو رایمالیون هەمووی رزگار کردوون، دوایش دوو مەڕی لەبن هەنگلی خۆی ناوەو بردوونی، ئەوجا هەتا برسی بووبێ هەلکشاوەتە نزیك شاری و چۆتە سەر قەلاتێ، خەلکیش ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆیان بردووەو ئەویش هەلی لووشیوە، دەشلێن جێقونی دێوەکەی کە لە سەر قەلاتێ دانیشتووە هەر ماوە، ئاوی بەهارانی تێدا کۆدەبێتەوەو ئەو گۆمەی گامێش دەچنە ناوی ئەوە ئەو شوێنەیە کە دێوەکە لێی دانیشتووەو ناویان ناوە گۆمی گامێشان، قەتیش زەڕی بۆ کەس نەبووە، تا لەدوای ئەو شەڕەی کە لەگەڵ شێخی کردوویەتی ئیدی رەحم بەکەس ناکا، مندالان هەر بە زیندوویی قوتدەدا، دوور نییە هاتبێ و لاقێکی لەدیوی ئەو دیوی روباری چەقاندبێ و گۆپالەکەشی بە بەسەربانێکەوە گیر کردبێ و ئەو ناسکونۆلەی قوتدابێ.**

هەش بوو دەیگوت نا فریشتەکان زگیان پێ سوتاوەو لەو سەرماو تەزینەی فریای کەوتوون لەگەڵ خۆیان بردوویانە، ناشیدەنەوە داکوبابی چۆن دڵیان هاتووە بەو بەیانییە ساردوو بەفرانبارەی بینێرنە نانکڕینێ؟مام سمایلیش کە پیاوێکی دنیادیتەو خاوەن ئەزموون بوو دەیگوت: باشە کەبابی منداڵەکە بێرەحم و لا موبالاتە خۆ حەمدییەی دایکی بەرەحم بوو، هەتا دەمدیت بەسەر ئەو کوڕەیدا دەگوت و دەیگوتەوە:

هەموو عالەم زووی دەبوو

هەموو گەند و گوی دەبوو

ئەمن چونکە درەنگم بوو

بازێك لەسەر چنگم بوو

شەمامێك حەوت رەنگم بوو

ئەدی بۆ هێشتی بەو سەرمایەی ئەو کوڕە نازدارە کە پاشەبەرەیان بوو بچێتە نانکڕین؟ هەبێ و نەبێ سەری خۆی هەڵگرتووەو لە رقان جزمەکانیشی لە باوەشی کردوەو بەلایەکیدا رۆشتوەو خۆی شاردۆتەوە.

زستان رۆیشت و ساڵان هاتن و چوون نە سۆراغی کوڕەی دەرکەوت نە کەس زانی چی بەسەرهات، هەر بۆیەو هەموو ساڵێك لەو وەختەی کە لەمانگی بەفرانبار بەفر دەبارێت و کۆڵانی ماڵی کوڕە پاشەبەرەی داك و بابی سپی دەچێتەوە، داکی کوڕە ونبووەکە دێتوو بەبێ سەڵتەو کەوا تا هەست بە سەرماو تەزین بکات هەر بە بەفر پەیکەری کوڕەکەی لە کن دووکانی مام مەحموودی درووستدەکات و هەتا نزیکی نەورۆزێ دەمێنێ، ئێستا ئەو گەڕەکەیان ناوناوە گەڕکی کوڕی بەفر.)

جا کوڕکەم هەرگیز بەبێ پرسی دایەو بابەی خۆ لە بەفرێ نەدەی، چوونکە لەنێو بەفرێدا وندەبی، ئێستا پێم بڵێ گەڕەکەکەیان ناونا چی؟

نەك تاقەتی وەڵامدانەوەم نەبوو، بەڵکو هێندەی ئەو حیکایەتە بۆ گێڕابوومەوە کۆتاییەکەیم هەر لە مێشکی خۆم پێش وی تەواو کردبوو، کەنەفت و ماندوو لەنێو خەیاڵی مردنی ئامانج و دواتریش چیرۆکی کوڕی

بەفرچـــــوومە خـــــەوێکی زۆر قوڵـــــەوە، بـــــەڵام بۆیەکەمجارخەونم دیت، پـێم وابـێ هـەر یەکـەمجاربوو، چوونکە بەبیرم نایە پێشتر خـەونم دیبـێ، لـە خەونمـدا من و ئامانـج لە ئاسمان بەیەکەوە بەسەرشاردا دەفڕین ، پیاســەمان دەکــردوو چــاومان بــە گــەڕەکی خۆمانــدا دەگێـڕا، خـەڵکی لـەنێو خۆشـی خۆیانـدا بـوون و کـەس هەقی بەسەر ئێمەوە نەبوو، بەتەنیشت ئەستێرەکانەوە دەڕۆشـتین، کوێمـان حـەز لێبایـە دەچووین، داکوبابمـان لـەوێ نـەبوون تـا لێمـان تـوڕە بـن، لـەزەتێك کەپێشـتر نەمدیبوو تـەزووی بـە جەسـتەمان دەبەخشـی، تـەواوی ئاسمـان لـەژێر کـۆنتڕۆڵی خۆمانـدا بـوو، دایکـم و دایکـی ئامانـج لە خـوارەوە تەماشـایان دەکـردین و پێدەکـەنین، بـۆ یەکـەم جـارم بـوو ئازادیـەکی ڕەهـا ببیـنم نەکـەس ڕێگریمان لێبکات و نـەتوشـی مـەترسـی بـین، ئیـدی هـەر ئەوەنـدەی خەونەکـەم بیرمـاوە نـازانم دواتـر چـیمان بەسەر هات، بەڵام کەسبەی هەستام دیتم نەدایکم و نە خوشکم لەلام نەماون و جگەلەمن هەمووان بەخەبەرن

و خۆشیان گۆڕیوە، ماڵمان پڕە لەمیوان و منیش لەو کاتەی کە دایکم هاتە لام و نان و ماستی بۆ تێکردم ، دەمخواردوو تەنیا بیرم لای خەوەکەم بوو، بیرم لە ئاسمان دەکردەوەو ئەو ساتە خۆشانەم بەبیر دەهاتەوە کە بەکەیفی خۆمان لە گەردووندا پیاسەمان دەکرد، ئەو خەونە بووە هۆکاری عاشق بوونی من بە فڕین و ئاسمان، بەدڵ حەزم لێبوو بچمە لای ئامانج و لەجیاتی هەڵدانی ساروخی کاغەز خۆمان بفڕین، خەونێك بوو دوواتر تەواوی بیرکردنەوەی گۆڕیم، مادام گەورەکان باوەڕیان بە فریشتەو چوونە ئاسمانە منیش دەبێت ئەو باوەڕە هەڵگرم و ئەگەر بە تەنێشبێ دەبێت سەفەرێکی وێ بکەم.

هەر ئەو خەونە بوو، بووە کردنەوەی دەرگا نهێنییەکان و دواتر منداڵیمی گەورە کرد، یەکەم خەو بینین بوو بەڵام دواتر زنجیرەیەك خەوی تاڵ و شیرنیدی بەدوواهات، هەر لەسەر نانخواردنی یەکەم بەیانی بێ ئامانجی برادەرم بووم کە بابم پۆشتەو

پـەرداخ خـۆی گۆڕیبـوو، جەمەدانیـەکی رەشـی نـوێی لەسەر نابوو، هەر چەند رۆژێك بوو دایکم داوەکانی بـۆ چـنیبوو، دەزبیحێکـی بـەردی درەوشـاوەی بەدەسـتەوە بوو، تەنیا بۆ پرسـەو بۆنـە تایبەتییـەکان هەڵیـدەگرت، ئەو قاتـە فاسۆنەشی لەبـەر کردبـوو کـە لـە سلێمانی و بەشـێوازی مرادخـانی و دەسـتووری ئـەوێ دوورابـوو، پـێڵاوە بنقاڵتاغەکانیشـی لـەپێکردبوو، ئـەوەی کـە بەرێیـەدا دەڕۆی تەقەتـەقی رۆژەرێیـەك دەڕۆی، ئـەو دیمەنـە زۆر سـەرنجی راکێشام بەتایبـەت بـە چـاوەکانی خۆم دیتم خوشکم و داکـم و ئافرەتەکانیـدی لـە جل و بـەرگی رەش دەگـەڕان تـا ئـەم چـەند رۆژەی پرسـە لەبەری کەن، هەر هەموویان خۆیان ئامـادە کردبـوو بـە مەنجەڵی گەورە گەورە چێشت لێنـێن بـۆ ئـەو خەڵکـەی کـە بڕیـارە بێنـە پرسـەکە، کەچـی پیاوەکـان دەڵێـی بـۆ جێژن خۆیان گۆڕیـوەو نـە دەگریـەن و نـە دەلاوێنـەوە، ئیدی بابم رووی لە دایکم کردوو گوتی:

نەجیبە ئاگات لە منداڵان بێ.

دایکیشم لچکەکەی بە چاویەوە گرتبوو بەدزی من هۆڕ هۆڕ دەگریا، ئەو خۆگۆڕین و قسەیەی باوکم کە بۆمن نوێ بوو، لەگەڵ گریانی دایکم کە هەرگیز وامنەدیبوو هەڵوێستەی پێکردم و پێم وابوو ئاگایان لە خەونەکەی شەوێی من بووەو جارێکیدی رێگەم پێنادەن بچمەوە ئاسمان و لەگەڵ ئامانجی هاوڕێم بفڕین، بۆیە ئەو رۆژەو تا سێ چوار رۆژیدی لەنێو قەرەباڵغیدا بووین و دەرفەتی بیرکردنەوەم نەبوو، بەتایبەتیش یەکەم جارم بوو ببینم لەماڵی ئێمە ئەو هەموو شیوە لێدەنرێ، هەروابێتەوە بە سەدان سینی لە ماڵەکانەوە دەهاتن و جۆرەها خواردنیان لەسەر بوو، هەر ماڵەش ناوی خۆی لە بنی سینی و قاپەکان بە بۆیەی رەنگاو رەنگ نووسی بوو، لەناو ئەو هەموو تەقە تەقی قاپ و قاچاغە، لاوانەوەو نوزانەوەی ژنانم دەهاتە بەرگوێ، بەخوڕ فرمێسکی ژن و کچانم دەدی کەچی ئەمن هەر گریانم نەدەهات، وەك ئەوەی چاوی من هێشتا فرمێسکی دروستنەکردبێ، بەڕۆژ لەنێو ئەو

کەشــە غــەمبارەدا بــووم، بــەڵام هــەموو شــەوێ بــەو ئومێــدەوە دەنووســتم بگەمــە ئامــانج و لەگــەڵ خــۆی پیاســەیەکی گــەردوونم پێبکــات، کەچــی نەمــدی و پێموابوو دوادیدارو خەونم دەبێ بە ئامانجێك کە ئێستا بەئاستەم شێوەکەیم لەبیرماوە.

بــەڵام ئــەوەی کــە قــەت لــەبیری ناکــەم و هەمیشــە پانتاییەکی بــەرفراوانی بیرەوەریــەکانمی داگیر کــردووە، ئــەوەی کــە دڵــی هــەلا هــەلا کــردم و ســەرەتای ئــاگرێکی بێئامانی لــە هەناومــدا کــردەوە، دیمــەنێك کــە لــەماوەی چەند چرکەیەکدا هەردوو چاوی رژاندم، بــەیانی رۆژی پێنجــەم بــوو کــە دوای مردنــی ئامــانجی بــرادەرم بچــمە دەرێ، پرســە کۆتــایی هــاتبوو، چــوومە کــۆڵان و دیــتم منداڵی گەڕەك دیارنین هەموویان چوونەتە قوتابخانەو ئامــانجیش لــەوێ نییــە، بەتــەنێ بــووم و بــۆ یەکــەمجار هەستم بە تەنیایی کرد، هەستمکرد جیهانی مـن چۆڵ بــووە، شــار جگــە لــەمن کەســیدی تێــدا نییــە، دەنگــی مۆســیقاو قورئــان کــە پێشــتر لــە ماڵــەکانی گەڕەکــەوە

دەبیسترا، ئەو رۆژە کپ و خامۆش بوو، لەسەر بەردێکی نەقاڕ کەبۆ شۆستەی شەقامەکە دایان نابوو دانیشتم، خوێنێکی گەشی مەییم لە نێوان بەردەکان بەدی کرد، یەکسەر زانیم ئەوە خوێنی ئامانجە، تەنیایی و تارماییەك لەنێو خوێنی ئامانج هێندە بەخێرایی رژانە نێو هەستمەوە، هەر لەخۆوە ناوەوەم هەڵدەپەڕی، بەبێ مەبەست ریزێك فرمێسك هاتنە خوارێ، سەرەتا دەمویست هەر لەهەناوی خۆمدا بتوێمەوە، بەڵام تەنیایی و بزربوونی ئامانج لە پڕمەی گریانێکی وەهایدام نووزەم دەگەیشتە ئاسمان و هەنسکەکانم لەنێو گەرەکێکی تەم لێنیشتوودا سەدای دەدایەوە، تەقینەوەیەك لەناڵەو ئەی دایە، کە لە قوڕگی منداڵێکی شەش ساڵی دەردەچوو تەواوی جیرانەکانمانی بێدەنگ کرد، چریکەی من و غەوسی گەیلانی دایکم کە وەك نەعرەتەو زەوی لەرزەیەك وابوو، هەموو گەڕەکی بەسەردا رژاندین، دایکم کە یەکەم ژن بوو گەیشتە سەرم زۆر ترسابوو، بەڵام کەمنی بە سەلامەتی

دیت و دیتی سەرنجم لەسەر خوێنەکەی ئامانجەو فرمێسکی پێنج ڕۆژم بەسەردا باراندووە، ئەویش دایە پڕمەی گریان و توند لەباوەشیی کردم، دایکی ئامانجیش هاتە دەرێ و کە ئەو دیمەنەیدی خۆی لە خۆڵێ وەرداو خوشکەکانم و کچانی گەڕەك و ژنەکان وەك یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکە پرسەیان نوێکردەوە، منیان بە گریانەوە لە باوەشی دایکی ئامانج هاویشت و فرمێسکی من و دایکم ریز ریز دەهاتنە خوارێ، ئیدی جیرانەکان ئێمەیان بردەوە ژورێ و لەوێ بەدیار منەوە دەگریان و دەلاوانەوە، لەوساوە لەگەڵ ئەوان فێرە گریان بووم، بەگریان و نوزە نوزی ئەوان هەر لەگەڵ وان لە پڕمەی گریانم دەداو ژیر نەدەبوومەوە.

منیش لە تەنیایی خۆم و مردنی ئامانج گەیشتم و بڕیارمدا هەموو شەوەکانم بدەمە خەیاڵی ئەو تا هەر هیچ نەبێ جار جار لەگەڵ فریشتەکان من و ئامانج پیاسە بکەین، بفڕین و هەر لە ئاسمان خۆمان گەورە کەین، لەوێ بخوێنین و لەو بەرزیەوە ئاگامان لە داکو

بــاب و کەســەکانمان بێــت، ئیــدی پێمــوابێ دوادیــدارو خــەونم بــوو بــە ئامانجێــك کــە ئێســتا شێوەکەشــیم بەئاستەم لەبیرماوە.

بەڵام خەوی یەکـەم شـەوم، کـە پێموایـە یەکـەم خـەو بینیــنم بــوو، بەتایبــەتیش دوای مردنــی ئامــانج بــووە خولیــا، خولیــای چــوونە ئاسمــان و نێــو گــەردوون، هەربۆیـە ئـەو خەونـە لـە گـەڵم گـەورە بـوو هاتـە نێـو ژیانمەوەو تەمەنی داگیر کردم، تا گەورە تـریش دەبـووم زۆرتــر پرســیاری گــەردوون و فریشــتەکان و چــوونە بۆشایم دەکرد، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە دەکرێ بەر لە مــردنیش بچــیە ســەر هەســارەکان و ئــەو خەونانــە بێنیەدی کە بە منداڵی دیوتن، بەڵام چۆن و لەگەڵ کێ دەچــی؟ ئــەوە نهێنیەکــە خــۆت دەتــوانی کۆدەکــەی بدۆزییەوە، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەو شـوێنانەی خـەون نین، بەڵام زۆر لەخـەون دەچـن، دەکـرێ نـاوی ئەفسانە یان حیکایەتیان لێنێین، یاخود هەموو ئەو چیرۆکانەی خۆمان بۆ خۆمان نووسیوەتەوە.

هەر ئەو خەونە بوو منداڵیمی ئاودا، تا گەورەییمی تێدا بدۆزمەوە، گەورەییەك هەمیشە كێشمان دەكاتەوە ئەو رۆژانەی خەونی رەنگاورەنگمان دەدیت، تا لەوێڕا بە جیهانێك ئاشنا بین تەواوی سەرەتاو كۆتاییەكانی لەیەك دەچن، وەك ئەو فیلمە دووبارانەی دەیان بینینەوە، یان ئەو خۆرەی هەموو رۆژێ بەیانیان هەڵدێ و ئێواران ئاوادەبێ.



# خەیاڵێك بەنێو هەسارەكاندا

ئاخرهەموو كەس وا بەئاسانی ناتوانێ بچێتە ناو هەسارەكان و چیرۆكی ئەوێ بۆ ئێرە بهێنێتەوە، مەگەر وەكو من خەون ببینن و لەگەڵ برادەرێكی مردووتان بچنە بۆشاییەوەو دواتر بەخەبەر بێن و هەرنیوەی خەونەكەتان بیر مابێ، دەزانم هەمووان بەخەیاڵ رۆیشتوون و بایی ئەوەندە زانیاریتان هەیە، یان وەرتانگرتووە كە چۆن و كێ دروستیكردوون، بەڵام هیچ كامتان وەكو من بە ئاسانی نەگەیشتونێ، ئەمن

هەر بەخەون لەگەڵ ئامانجی برادەرم چوومەتە وێ، دەکرێ بەراستیش بچم بۆنا؟ هەروابێتەوە باسی خەیاڵی زانستیتان بۆ ناکەم و سەفەری ناو بنکەی ناساشم نەکردووە تا بە دووربینی هابڵ کونە رەشەکان بدۆزمەوە، یان لە سەردەمی رۆناڵرێگنی سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو ژیابم و بەنهێنی لەگەڵ بوونەوەرە ئاسمانیەکان رێکەوتنم واژوو کردبێ تا ئەوان نهێنی تەکنەلۆژیم بدەنێ و منیش مرۆڤ و مانگایان بۆ بنێرم، لەراستیشدا یەك دەفری فڕیویشم لە ژیانم نەدیوە تا گەشتیان لەگەڵ بکەم و یان بمرفێنن و دواتر گەڕاندبمیانەوە سەر زەوی، نەچوومەتە سێگۆشەی بەرمۆداو نە شوێنە ترسناکەکەی ئەمەریکاشم بەسەر کردۆتەوە، کە بە ناوچەی پەنجاو یەك ناسراوەو دەڵێن بوونەوەری ئاسمانی تێدا بەند کراوە، تا لەو شوێنانەوە زانیاریم دەست کەوتبێ، نا بۆیەکەمجارە دەمەوێ نهێنی چوونم بۆناو گەردوون بدرکێنم و ئەو نهێنی و

زانیاریانەتان بدەمێ کە جیاوازە لەو زانیاریانەی تا ئێستا دەست زاناکان کەوتوون.

ئاخر جیهانی هەسارەکان زۆر فراوانە کێ هەیە شەوانی هاوینان لەسەربان کە لەسەر پشت راکشاوە نەچووبێتە نێو ئەم جیهانە، سەرنجی لەسەر ئەستێرەکان گیر نەبووبێ و بیری لە گەردوون نەکردبێتەوە، کەبەخەیاڵ گەشتێکی وێدەکەی هەم ئەوان باشتر دەناسی و هەم بیریشت فراوانتر دەبێ، دەتوانی لەوێدا گەمەشیان لەگەڵ بکەی و کۆشیان بکەیەوە خەیاڵی منداڵی ئاوایە ئەستێرەکان وەکو کەلا گەمەیان پێدەکرێ و پێشت وایە هەرهێندەی ئەو وردە چەوانەن روبار لایداون یان ئەو ماسییە بچووکانەن کەنارگیر بوون، بۆیە ئەگەر دەستت پێیان بگا چەندت حەزلێیە دەتوانی بیانبەی چوونکە ئەوێ هی هەموانەو هەروەك چۆن کەس رێگری لە تەماشاکردنیان ناکا.

شەوانی منداڵیم بەتایبەت دوای لە دەستدانی ئامانج و ئەو خەونەی دیتم، لە تەماشاکردنی ئەستێرەکان

خاڵی کردەوە، پێم سەیر بوو لەنێو بۆشایدا وەستاون و هەڵناڕژێن، ئەوانەش کە بەردەبنەوەو وەك روناکیەکی درێژ دەچۆڕێنە سەر زەوی ئەوە گیانی پادشاو کەسایەتییە زلەکانە دەڕژێ، واتە کەسێك دەمرێ و گیانی هەڵدەکشێ، هەموو ئەوانە نازانم ئەفسانە بوون یان راستی بەڵام قسەو گوتەی گەورەکانمان بوون، ئێمە راست و درووست لێمان وەردەگرتن و زۆرجار خۆمان دەکرد بەو پاڵەوانانەی بابم لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا بۆی باس دەکردین، یان ئەو حیکایەتانەی دایکم بەر لە نووستنمان بۆی دەگێڕاینەوە.

گوڵەستێرەکانی باخچەی ماڵەکەمان لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێرەکان دەهاتنە دەرێ و منداڵیم دەیگوت:

ئەوانە ئەو ئەستێرانەن کە لەئاسمان دێن و دەچن، هەروەك وان بەرنابنەوەو ئەوانیش تەنیا شەوانە خۆمان نیشان دەدەن بەڵام جوڵەی گوڵەستێرەکان لە

**ئەستێرەکانی ئاسمان خێراترن، تەنیا لەوانە نەبێ کە پێیان دەڵێن مانگی دەستکردوو مرۆڤیان تێدایە.**

**ئەوانە بەشێکی زۆر کەمن لەو خەیاڵانەی شەوانی منداڵیم، دەزانم هەمووتان هەروا بوون حەزتان لێبووە دەستان بە ئەوان بگاو بۆ خۆتانی ببەن، بەڵام کە دەگەیە قوتابخانەو یان پێشتریش کە لەگەورەکان گوێت لە نهێنیەکانی نێو گەردوون دەبێ رات دەگۆڕێ و خۆ هەندێ جاریش باوەڕ ناکەی، بۆیە منیش وەکو ئێوە لەنێو ئەم نهێنیە شاراوانەدا خەریك بوو بزردەبووم، پانتاییە بەرفراوانەکانی ئاسمان و زەوی ئەمنیان بچوکدەکردەوە و حەزم دەکرد لەگەڵ گەورە بوونی جەستەم، بیرم ئەو شتە شاراوانە بدۆزێتەوە کە چەندین سەدەیە مرۆڤایەتی بەدوویەوە، فیلم لەسەری دەردەهێنن و هەندێ جاریش خەڵکی پێدەترسێنن، راستە خوێندن بەشێکی زۆر کەمی فێرکردین و پێی گوتین: ئەستێرەکان زۆر گەورەترن لە بیرکردنەوەی ئێوەو... گەردوون کۆتایی نییە، بەڵام پێی نەگوتین**

لەنێوان خەیاڵ و گەردوون چ جیاوازیەك هەیە؟ خۆ ئەگەر پێشمان نەکەوێتە سەر ئەو ئەستێرانە دەتوانین بەخەیاڵ لەوێ بین، پێی نەگوتین ئاوێتەبوونی خەیاڵ بە نهێنیە مەترسیدارەکان چ پێکهاتەیەکی لێ دروستدەبێت؟ ئاخر ئێمەی منداڵ زۆر شتمان بیست و خوێند، هەموو ئەو پەرتوکانەی پەیوەست بوو بەزانستی گەردووناسیەوە بەشی هەرە زۆری مرۆڤ نووسیونی، راستە بە ئەزموونێکی دەوڵەمەنددا تێپەڕیون تا گەیشتونەتە هەندێك راستی ، بەڵام ئەوانیش بەدەر نین لە هەڵە هەروەك چەندین زانا ئەوانی پێشخۆیان بەدرۆ دەخستەوەو هیچ دووریش نییە ئەوانەی دێشن هی ئەمڕۆ بەدرۆ بخەنەوە، هەروا بێتەوە ئەو زانایانە تەنیا زانیاریان لەسەر مانگ و دەوروبەری خۆمان هەیە، کەسیان نەچوونەتە نێو قوڵایی گەردوون، بۆیە ئەو ئەگەرە باشترینە کە لەسەر خۆت بنیادی دەنێی دەتوانی هەموان لەلای خۆت دانێی و خۆشت بەدووی ئەو نهێنیانەوەبی کە ئاشکرا

نـەکراون، هـەروەك ئـەو هەنـدەی هێنامـەوەو خـەریکی درکانـدنیم، دەمـەوێ لەگـەڵم بـن و سـەرنجتان بخەمـە سـەر نهێنیـەکانی نـاو گـەردوون، ئاشـناتانکەم بـە جیاوازیـەکان و لەهەمانکاتـدا هاوبەشـی ئـەو کەلتوورانەی لێرە شانازی پێوە دەکەین و ئـەوانیش بـە کۆن ناوی دەبەن، ئەگەر لەگەڵم بمێننـەوە لەگـەڵ خـۆم هـەڵتان دەگـرم و ئاوێتـەی ئـەو خەیاڵانـەتان دەکـەم کەخەونی هەموانەو بۆخۆمی دەبەم.

بە منداڵی و تا تەمەنم بووە سەرووی سی ساڵ لـەم زەوییە پان و بەرینـەدا مـاڵم نـەبوو، ژن و ئۆتۆمبێـل و بستێك زەویم نەبوو، چوونکە هەمووی هی حکومەت و خـەڵکی دەوڵەمەنـد بـوو، بۆیـە بـیرم لـە گـەردوون دەکـردەوە ، مـادام ئەسـتێرەکان لـە زەوی گـەورەترن دەچم لـەوێ پارچێك زەوی بۆخـۆم دەبـەم و خـانوێکی بچـکۆلانەی لەسـەر درووسـتدەکەم ، خـۆم خـۆم دەدۆزمەوەو ئەو شوێنە نیشان دەکەم کـە خـەونم پێـوە دەدی باخچەیەکی لەسەر دروست دەکەم و دەتوانم جگە

لە تەواوی گوڵەکان سەوزە بەتوریشەوە لەسەری بچێنم، چوونکە ئەوێ وەك زەوی نییە خاوەنی نیەو داگیریش نەکراوە، دواتر بەشی هەمووان دەکاو کێ حەزدەکات بابێ، دەتوانین ببینە جیران و خزمایەتیش درووست کەین.

جا ئیدی لەوێ رێکخراوێك یان پارتێکی فرە رەنگ پێکدێنم و بیرۆکەی نیشتمانێکی ئازاد بڵاودەکەمەوە، هەڵبەتە لەوکاتەدا چوونکە ئەمن یەکەم هەنگاوم ناوە دەبمە سکرتێری ئەو پارتەو ئەستێرەکەش ناو دەنێم کوردستان، دەشکرێ نیشتمانێکی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لێدرووستکەم و تەواوی نەتەوەکانی سەر زەوی کۆکەمەوە تا بەهێز دەبین و توانای داگیرکرنمان دەبێت و ئەوکاتە بە هێزێکی تۆکمەوە دەگەڕێمەوە سەر زەوی و هەرچوار پارچەی کوردستان ئازاد دەکەم وسنوورە دەسکردەکانی ئێرە بۆ هەتایە دەسڕمەوە، ئیدی ناوم وەکو گیڤاراو ماندێلاو شۆڕشگێڕەکانی دی دەچێتە ناو مێژوو، وێنەم

دەکەوێتە سەر فانیلەو دیوارو جۆرەها پەیکەرم بۆ درووست دەکەن، خەڵکی بە فۆتۆشۆب خۆیان دەخزێننە تەنیشت منەوە، یان دێن و لە پێش پەیکەرەکەی من دەوەستن و وێنە دەگرن، دەیان فیلمی جۆراو جۆرم لەسەر درووست دەکرێ کە پڕپڕ دەبن لە دیمەن و ئازایەتی ئەوتۆ کە من لە ژیانمدا نە بەخەیاڵمدا هاتوون و نە کردوومن.

شۆرەتم بە هەموو دنیادا بڵاو دەبێتەوە، ئیدی رێکەوتنە خواروخێچەکانی لۆزان و جەزائیرو ئەوانیدی کە لەسەر کەوڵی ئێمەی کورد کرابوون هەڵدەوەشێتەوەو سیستمی جیهانیش گۆڕانکاریەکی ریشەیی بەخۆیەوە دەبینێ، ئیدی ئەوکات بۆخۆمان بۆ هەمیشە دوو نیشتمانمان دەبێت و دنیاش لێمان دەترسێ، دەبینە ئەو ژمارەیەی کە حساب و کتابی بۆدەکرێ، چیدی وەکو بندەستەو پارچە پارچەو چیایی وبێکەس نابین کە تەنیا چیاکان هاوڕێمان بن، بەڵکو ئاسمان بەگشتی و ئەستێرەیەکی زەبەللاحی دیمان

دەبێت کە دڵنیام روکاری دەرەوەی واتە توێکڵەکەی دەیان جۆر کانزای تێدایەو ناوەوەشی پڕ دەبێت لەو شلەمەنیە رەشەی لەسەر زەوی ماڵی وێران کردین و خێرو بێرەکەی هەر بۆ ئەوانیدی بوو.

ئەوانە تەنیا خەیاڵ بوون هەروەك ئێوە توانای منیش ئەوەندە بوو بەڵام بەخت و بیرکردنەوەی زیاتر و هاوڕێیەتی ئەو کەس و شتانەی خەیاڵت فراوان و سڕ دەکا دوور نییە ئەگەر نەشیگەیەی لە راستیەکان نزیکت بکاتەوە ، بۆیە لەدوای تەمەنی لاویەتی کارم بۆ ئەوە دەکرد پیاسەیەك بە گەردووندا بکەم و ئەو ماڵۆچکەیە بدۆزمەوە کە لەسەر زەوی نەمبوو، هێلانەیەك بۆخۆم گەرم کەمەوەو لەوێ لەسەر پشت راکشێم و لە نامۆییدا سەرنج لەسەر زەوی گیرکەم، لە نێو ملیۆنان ئەستێرەدا ئەو رەنگانە بدۆزمەوە کە لە منداڵیمەوە دەیانبینم، بەڵام سیاسەت لەلایەك و کچێکی ناسکی جوان کەزۆر نزیك بوون لە خەیاڵ و خەونەکانم بە زەویەوە گرێیاندام.

سیاسەت پێی دەگوتم: دەبێت کار بکەین بۆ سەندنەوەی زەویە زەوت کراوەکان و نیشتمانێکی ئازادی لێ دروستکەین، نیگای کچە ناسکەکەش شیرینتر بوو لەو ئەستێرانەی شەوانە منیان دەخەواند، بۆیە پێیەکانم تونتر لەزەوی گیر دەبوون، پێچەوانەی گوتەکەی ماغوت جگە لە پێڵاوەکانم زۆر شتی دی بەزەویەوە بەستمەوە، بەڵام چاوێکم هەر لە نهێنیەکانی ئاسمان بوو، تا دەشهات بیرکردنەوەم لە هەسارە بێخاوەنەکان فراوانتر دەبوو، ئەو رۆژانە لەنێوان منداڵی و لاویەتیدا بووم، چونکە بەرخی پیرێ بووم واتە پاشەبەرەو دووا منداڵی خێزانەکەمان، دایکم کە بەدانیشتنەوە لەباوەشی دەکردم لاقم لەوسەری دۆشەگەکەی دەرچوو بوو، بابیشم دەیگوت: سمێڵی گوگرە بووەو دەبێت ئیدی بۆخۆی کاروباری خۆی بەرێکا، هەربۆیە بەو درێژ بوون و سمێل هاتنە پێم وابوو زۆری نەماوە دەستم بگات بە ئەستێرەکان و، بۆ گەیشتن بە وێش بەدواداچوونی دەوێ، خوێندنەوەو

تێڕامـانی زیـاتری گەرەکـە، بۆیـە پێیـەکم خسـتە نـاو سیاسـەت و ئەویدیشـم لـەنێو عیشـقێکی دەروێشـانەدا هێشـتەوە، بـەڵام ئاسمـان چاوی لەسـەرم بـوو هـەروەك چـۆن منـیش بـەبینینی ئـەو ئاسـودە دەبـووم، هەرچـی تەماشـام دەکـرد جگـە لـە بۆشـاییەکی فـراوان کـە زۆر جـارانیش وێنـەی ئامـانجیش دەهاتـە بەرچـاوم، وەکـو چەترێك وابـوو نەیدەهێشت بیرکردنـەوەم زیـاتر ئـاڵۆز بێـت، واتـە نەئـەو دەسـتبەرداری مـن دەبـوو نـەمنیش چاوم لە ئەو دەبۆوە.

ڕۆژێك پیـاوێکی ریشـنی نـورانی لـە چیاوە هـات و لـە گۆڕسـتان یـەکتریمان دیـت و خـۆی پێناسـاندم، ئـەو گۆڕستانە چوونکە داروبارێکی زۆری لێیە بۆیـە شـوێنی کۆبوونـەوەو خـۆ حەشـاردان بـوو، بـۆ هـەموو ئەوانـەی مەبەسـتیان بـوو لـە چـاوان ون بـن، بەتایبـەتیش پێشـمەرگەو ئـەو گـەنج و لاوانـەی خـەریکی سیاسـەت بـوون، هەروابێتـەوە هـەمان ئـەو گۆڕسـتانەش بـوو کـە ئامانجی برادەری منداڵیمی تێدا نێـژرا، بۆیـە بڕیارمـدا

هەردوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەم لەگەڵ ئـەو پیـاوە نوورانی و چاو نەترسە، سەرێك لە گۆڕەکەی ئامانجیش بدەم.

ئـــەوپیاوە هـــەر لەســـەرەتای کۆبوونەوەکـــەمان کـــە لەراستیدا هەر خۆم و خۆی بووین پێی دەگوتم :

زانیـاری دروسـتمان لـە سـەر خـۆت و خانەوادەکـەت هەیـە، ئـەتۆ زۆر شـەیدای خوێندنـەوەی و هەمیشـە چـاوێکت لەسـەر گەردوونـە، بـەو کتێبانـەڕا دەزانم کـە هەمیشە داوات کردوون، شیعریش دەنووسی و بلاٌویـان دەکەیـەوە، دەزانم بـەدووی زانیاریـەکان کـەوتووی و حەزت لە نهێنییەکانی ئەوێیە، بۆیە جارێ لە گەردوون گـەڕێ، ئێمـە نیشـتمانێکی داگـیر کراومـان هەیـە تانەیستێنینەوە نـاتوانین پـەڕە ئاڵۆزەکـانی گـەردوون هەڵدەینـەوە، دەبێـت زەویـەکانی ئێـرە لـە دەرەبـەگ و بیانیەکان وەرگرینەوەو ئەوسا تۆ خانوێکی بچکۆلانەت دەبـێ بەخواسـتەکانت دەگـەی و دەسـت لـەملانی ئـەو نـازدارەش دەبـی کـە پێیـەوە بەسـتراویەوە، ئـەو فێـری

پاراستنی نهێنی و جەنگی پارتیزانی دەکردین ئەو وەرەقانەی دەدایینێ کە لەمەرگی نزیك دەکردینەوە بەڵام دەیگوت:

گەیشتن بە ئامانجەکان قوربانی دەوێ، هەرگیز نابێ و ناشێ ئێوەی لاو کە تازە هاتونە نێو دنیای سیاسەت خۆتان بخەنە نێو مەترسیەکانەوە، ئێمە پێویستیمان پێتانەو ئەگەر ئێمەی چیایی لەنێو شاخەکاندا چاوی خۆمان بەکار بێنین، ئەوە ئێوە لێرە چاوی ئێمەن، بەهۆی ئێوەوە دەتوانین بێینە ناو شارەکان و ئەو زانیاریانەمان دەسکەوێ کە دەمانەوێ، ئێوەمان نەبێت ئێمە کوێرین بۆیە دەبێت بەوریاییەوە کارەکانتان ئەنجام بدەن و ئەوەی پێتان دەڵێین دەبێت وابکەن، هەر ئەو رۆژە کۆمەڵێك دروشمی دامێ وگوتی:

لەگەڵ درەوشانەوەی ئەستێرەکان و بێدەنگ بوونی شار بیانگوازەوە سەر دیوارەکان پێشی گوتم: ئەو نهێنییە زۆر هەستیارترە لە فراوانی گەردوون و شتە شاراوەکانی ناوی، ئێمە باوەڕمان بە خۆمان هەیەو

دەتوانین زەوییە لەدەست چووەکانمان بگەڕێنینەوە و ئەو نهێنیانەش بدۆزینەوە کە مرۆڤایەتی سەرقاڵ کردووە، ئەو پیاوە ریشنە نورانییە لە من وریاتر بوو حەزم دەکرد هەم باس و خواسی سیاسەت و هەم گەردوونیشم زیاتر پێ بناسێنێ، ئەمما ئەو بەلاکەیدیدا دەبردمەوەو پێی دەگوتم:

ئەو زەویەی ئێمەش ئەستێرەیەکە وەکو ئەوانیدی بەشی هەموانە تەنیا ئیمە نەبێ، با بەشەکەی خۆمان وەرگرینەوە ئەوسا بیرێکیش لەوانیدی دەکەینەوە، ئەوانەش کە سەرقاڵی گەردوونن و هەمیشە خەریکی دۆزینەوەی نهێنیەکانی ناوین دەمێکە نیشتمانەکەی خۆیان وەرگرتۆتەوەو خۆیان تەرخانکردووە بۆ گەڕان بەدوای هەسارەکان و زۆرجاریش لەو بەینەدا چاودێری یەکتری دەکەن و هەردوو جەمسەری دژ خەریکی هەڵدانەوەی نهێنیەکانی یەکترن، ئەوان بودجەیەکی خەیاڵیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە و تەواوی مانگە دەستکردەکانی بۆشایی ئاسمان بە ناساشەوە

جاسوسی لەسەر یەکتری دەکەن، بۆیە ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە سەرەتا سەندنەوەی مافەکانمانە، لەبیریشتان نەچێت دەست و توانای ئەوان بگاتە ئەستێرەکان داگیری دەکەن و لەوێش بەشی ئێمە دەکەوێتە ژێر دەستیان، هەروەك چۆن لەئێستاوەو پێش ئەوەی بگەنە مەریخ سەرمایەدارەکان زەویان لەوێ کڕیوە، تەواوی جەنگە گەورەکانی سەر ئەو ئەستێرەیەی خۆمان بۆ فراوانکردنی دەسەڵات و بردنی داهات و دەسکەوتەکان بووە مرۆڤەکانی ژێردەستیشیان وەکو کۆیلە بەکار هێناوە هەروەك ئەو کۆیلایەتیەی ئێستای ئێمە، دواکەتنمان لە سەندنەوەی زەویەکانمان هێندەیدی لە ئاسمان دوورمان دەکاتەوە بۆیە ئەوەی لەبەر دەستمانە با بیستێنینەوە ئەوجار ئاوڕێك لە سەرەوەش دەدەینەوە.

دوای گفتوگۆیەکی فرە لەگەڵ یەکتری و ڕێکەوتنمان لەسەر زۆر شت، پیاوە نوورانیەکە ڕۆی بەلاٚم بەم ڕێیەدا نەڕۆی کە پێیدا هاتبوو، هەروابێتەوە

**هەستمکرد یەك دوو کەسیدیشی لەگەڵ بوون، بەنێو دارستانە چڕەکانی گوێزیلێدا کە هەر زۆر نزیك بوو لە قەبرستانی قەلاّدزێ بزر بوون، منیش کە دەمێك بوو سەرم لە گۆڕی ئامانج نەدابوو چوومە ئەوێ، تەماشام کرد گۆڕەکەی زۆر گچکەیە پێم سەیربوو بەم چەند ساڵە کە هەروا دەزانم دوێنێیە ئەوەندە گەورەو درێژ بووم، تەواوی بیرەوەرییەکانی منداڵیم هاتنەوە یاد، بەتایبەت ئەو رۆژە ناخۆشەی مەرگ بۆ هەمیشە ئێمەی لەیەکتری شاردەوە، چەند فرمێسکێکی وەفاداریم بۆ هەڵڕشت و گریانیش کە هەر لەوەوە فێربووم لە ئەوکمدا قوڵپی دەدا لە کەشێکی پڕماتەم و چاوێکی تەڕەوە ویستم ئەوێ جێبهێڵم، بەلاّم خشپەی پێی کەسێکی نادیارم هاتە بەر گوێ، خەریك بوو ترس داگیرم بکات، چونکە یەکەم کاری نهێنی پڕ مەترسی بوو، چوار دەوری ئەو شوێنەش سەربازخانەو رەبیەی دووژمنی لێبوو، بەلاّم ئامانەشێت دەرکەوت، ئەو ژنە کە پێیان دەگوت شێت بالاّی بە قەد چنارێك دەبوو،**

کراسێکی کوردی سادەی سپی لەبەردابوو کە لە چڵکنیان ڕەنگی بۆر ببوو، هەتا سەر نەعلەکانی هاتبوو، هێلەگێکی سوورمەی سووری پۆشی بوو، پرچە سپیەکانی کە قەت نەیدەبەست و بەکراوەیی شۆڕی دەکردنەوە، تەواوی شان و ملی داپۆشی بوو.

چاوەکانی سەوز سەوز بوون، سیما سپی و نازدارەکەی لەو پەریانە دەچوو کە من تەنیا لە وێنە خەیاڵیەکاندا دیتبوومن، ئەو ژنە لە گەڕەکی خۆمان و سەرقەبران بترازابا رووی لە یەك شوێن نەدەکرد، داکم هەمیشە خزمەتی دەکردوو هەرچی بیویستایە دەیدایە، تێری دەکردوو رەوانەی ماڵی خۆیانی دەکردەوە.

زۆرجاران ژنی گەڕەکێ کۆ دەبوونەوەو لە سەرشۆرکەکەی ماڵی ئێمە دەیان شووشت و پاکوخاوێنیان دەکردەوە، یەك رستە مێخەکی تەڕیشیان بە ملەوە هەڵدەواسی و بۆنی رۆژەڕێیەك دەڕۆیی، بە دیتنی نەك لێی نەترسام تەواو هێور بوومەوە چوونکە بە سەدان جار خواردنم لەبەر دەمی داناوە، ئەوجا داکم

پێیدەگووت دەلوو، خەڵکیش پێیان ناخۆش بوو پێی بڵێن شێت، چونکە هەرگیز زیانی بۆ کەس نەبوو تەنانەت یەك قسەشی نەدەکرد، کەس گوێی لە دەنگی ئەو ئامانەشێتە نەبووە، ئێمەش چوونکە راهاتبووین بۆیە پێمان دەگووت شێت.

ئامان هات و لە تەنیشت گۆڕە بچوکەکەی ئامانج دانیشت، سەری بە کێلەکەیەوە ناو جگە لە لێوەکانی کە دەجولاْن پستە پستیشی نەدەهات، بەخێرهاتن و دووسێ پرسیاریشم لێکرد کەچی وەلاْمی نەدامەوە، ناچار دەستێکم بە پرچە سپیەکەیدا هێناو ماڵئاواییم لێکرد، زانیم غوربەتی و خەمی ئامانج کە تاقانەی دایەو بابەو ژیکەڵەی گەڕەك بوو ئەوی راکێشاوەتە گۆڕستان، تاوێك لەگەڵ روحە تەنیاکانی مردووەکان گفتوگۆ دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە گەڕەکەکەی خۆمان.

گۆڕەکەی ئامانج و ئامانەشێتم جێهێشت، بەرەو شار بە تەنێ ملی رێم گرت و بیرکرنەوەم گواستەوە سەر

گوتەکانی پیاوە ریشنەکە، بەدەم گەڕانەوەم بۆناو شار ئەرك و راسپاردەکانی ئەو بەتایبەت ئەو قسانەی کە پڕبوون لەراستی ئامانجی بیربردمەوە، بێگومان ئەو راستی دەکرد بەڵام خولیاکانی من لە ئامانجەکانی ئەو فراوانتر بوو، بۆیە هەمیشە چاوێکم لە ئاسمان و ئەویدیشم لەسەر زەوی بوو، ئەو چاوانەی کە هەر لەوشەوەدا تاریك داهاتن، نەك ئاسمان بەرپێی خۆشم نەدەدی، ئەو شەوە لەگەڵ درەوشانەوەی ئەستێرەکان و بێدەنگ بوونی شار، بۆیەکەمجار بڕیاری سەندنەوەی نیشتمانە زەوتکراوەکەم داو پێمابوو بەنووسینی ئەو دروشمانەی پیاوە ریشنەکە دایمێ سبەی دەتوانم ئازادانە بسوڕێمەوەو ئەوەی بیانی بێت لە شارو وڵاتەکەم نامێنێ، هەر زەوییەکم حەزلێبێت لەوێ خانوێکی بچکۆلانەی لەسەر دروستدەکەم و کچە چاودرەوشاوەکەش دەبەمە ئەوێ و بۆ هەمیشە دەبینە هاوسەر، ئیدی کاتێکی فرەم لەبەردەستدا دەبێت بۆ گەیشتن بە خولیاکانم و دوورنییە خێزانەکەشم لەگەڵ

خۆم ببەم، بەڵام ئەو شەوە زۆر جیاوازبوو چاوم کـراوە بوون و بەڵام هیچم نەدەدی، نە ئاگر هەبوو نە رونـاکی کەچی نـاو هـەردوو چاوم دەسـوتان، چـەندی فرمێسك دەڕژا زیاتـر دەزووورایەوە ، بەتـەنێ بـووم و نـەمـدەتوانی هاواریشکەم، راکردنیش دەنگی پێیەکان زیـاتـر دەکـات و بۆیـە بێـدەنگی و دانبـەخۆداگرتن باشـترین چارەسـەر بوو، ئـاخر شـڵەقاندنی شـەو لـە مـەرگت نزیکدەکاتـەوە بۆیـــە ئـــاگری ناوچـــاوم بەکراسەرەشـــەکەم ســـڕی و داممرکانـــدەوە ، بـــەڵام پشـــکۆکانی نـــاو گلێنـــەم وەکـــو ئەسـتێرەکان هـەر دەگەشـانەوە، دەسـت و دەم و چـاوم سوور ببوون، چـوونکە لـەجیاتی ئـەوەی کـونی قوتـووی بۆیەکە لە دیوارکەم تـا دروشمـەکانی پێبگوازمـەوە روی لــە چــاوم بــوو، ئــەوە یەکــەم هــەوڵی رزگــار کردنـــی نیشـتمانم بـوو، یەکـەم شـەوی چـوونە دەرەوەو کـاری نهێنیم بـوو، هەروابێتـەوە یەکـەم بەتاڵکردنـەوەی رقـم بوو لە داگیرکەران، کەچی بەتاریك داهاتنی چاوی خـۆم و مەترسی لەناو چوونم کۆتایی هات.

هەر ئەو شەوە تێگەیشتم ئەمنێك نەتوانم دیوارێك لە نیشتمانە زەوتكراوەكەم ئازادكەم چۆن دەتوانم هەسارەكان بكەمە هی خۆم و بە حەزی خۆشم زەویەكانی سەری دابەش كەم، بە توێكڵەكەی كۆشكەكانی پێ بەرز كەمەوەو ناوەكەشی هەڵێنجم و بەتاڵیكەم.

ئەو شەوە فێری ئەوە بووم خەیاڵ لەگەڵ كردارو تێكۆشانی راستەقینە جیاوازیان هەیەو بۆ گەیشتن بە خەونەكان دەبێت ماندووبی، نابێت شكستەكان چۆكت پێدادەن و بەتایبەتیش لە یەكەم تاقیكردنەوەدا هەردەبێت سەركەوتووبی، هەروا بەردەوامی دەتگەیەنێتە ئەو شوێنەی دڵت دەیەوێ، هەربۆیە ئەو شەوە هێشتا ئەستێرەكان دەبریسكانەوە كە جارێكیدی رووناكی گەڕایەوە ناو چاوم و هەموو ئەو دروشمانەی كە لە زۆرینەیان نەدەگەیشتم، گواستمەوە سەر دیوارەكان و بەم سەركەوتنەشم ئەو شەوە خۆشترین و ئاسودەترین خەوم كرد، چوونكە لە مەترسیەكی

راستەقینە رزگارم بوو، ئەو ئەرکە نهێنیەشم ئەنجامـدا کە پێم سپێردرابوو، سبەینێش کە وەکو پاڵەوانی نێو فیلمـەکان هاتمـە دەرێ خـۆم بەکـەس نەدەگۆڕییـەوە، لـەمن وابـوو ئیـدی کـەس داوای هەویـە لەکـەس ناکـاو شـارەکەم ئـازاد کـردووە، بـەڵام وادەرنەچـوو سـەرنجمدا شارەکەم وەك خۆی بوو، بیانیە سەرسوورەکان خەریکی رەشـکردنەوەی ئـەو قسانەبوون کـەمن نووسـیبوومن، ئیـدی جارێکیـدی و دەیـان جاریـدی پیـاوە ریشـنە نورانیەکـەم دیتـەوەو ئـەوەی ئـەو دەیویسـت ئـەمن دەمکـردو ئەوانیـدی دەیـانکردو هـەموان دەمـانکرد، کەچی بیانییەکان هەر قەڵەوترو لە زیـادبوون دابـوون، حەزەکـەی منـیش بـۆ گەیشـتن بـەماڵێـك لـەنێو ئەسـتێرەیەکی گەردوونـدا تـا لەگـەڵ دڵخوازەکـەم بـۆ هەمیشـە ئاسـودەبین هـەر لـە گەشـەکردندابوو، نەمـدەتوانی دەسـبەرداری بـبم و کـاری نهێنـیش بـۆ رزگاربوون سەربارو بنبار.

هێشتان له خەیاڵی شـەودا بـووم، وێنـەی دیوارەکان و ئـەو شـتانەی نووسـیبوومن وەکـو تارمـایی بەرچـاویان گرتبـووم، بەتایبــەتیش ســەخترین شــەوی ژیــانم بــوو کەچـی بەبێـدەنگی تێپـەڕی، سـەرەڕای سـەرکەوتنم لـە ئەرکەکەم کەچـی زۆر خـەمم لێـدەخوارد، بـەڵام دەنگـە دەنگی قوتابیان کـە خـۆم لەبـەردەم قوتابخانـە دیتـەوە، بـەهۆش خـۆی هێنامـەوەو بەبێـدەنگی چـوومە ژووری، وانەی یەکەممان خوێندوو لەوانەی دووەمدا دەرگایەکی خۆشــبەختی بــۆمن کرایــەوە، کــە خــەم و رابــردووە نزیکەکانی بیر بردمەوە.

مامۆسـتا هـات و لـەجیاتی وانـە گوتنـەوە کـە وانـەی کوردی پێدەگوتین دنیایەك باسی قوتابی باش و خاوەن هەڵوێست و شاعیری بۆکردین.

ئەو دەیگوت:

لەم قوتابخانەیەی خۆمـان و بەتایبـەتیش لـەم پۆلـەدا شاعیرێکی مەزن هەیە، ئـەو قوتابییـە قۆنـاغی تەمـەنی خۆی تێپەڕاندووەو نـاوی چۆتە ریـزی ئـەو شـاعیرانەی

لەرۆژنامەو گۆڤارەکان شیعر بڵاودەکەنەوە، پێویستە ئێوەش بخوێننەوەو هەوڵدەن وەکو ئەو بن.

کەماموٚستاکە قسەی دەکرد ئەمن تەنیا لە خەیاڵی شەوی رابردوودا بووم، هەرگیز بیرم لەسەر ئەو نەبوو، بەتایبەتیش کەزانیم وانەمان پێنالێ و هەر خەریکی ئامۆژگاری کردنمانە.

ماموٚستاکە زۆر شتی زیاتری گوتبوو، بەلاّم من هەر ئەوەندەیم بیر ماوە، لەپڕ هەڵیستاندم، منیش گوتم: بەڵێ ماموٚستا.

پێموابوو پرسیارم لێدەکات، کەچی رۆژنامەیەکی لە بنهەنگڵی دەرهێناو کردیەوەو شیعرێکی منی تێدا بڵاوکرابۆوە، لەو شیعرانەی بۆیانم ناردبوو، ماموٚستاکە گوتی:

ئەو شاعیرەی بۆم باس کردن ئەو هاوڕێیەی ئێوەیە، منیش کەباوەڕم بەخۆم نەدەکرد، رۆژنامەکەم وەرگرت و کە تەماشای ناوی خۆم و شیعرەکەم کرد، زۆر دڵخۆش بووم، دوای خوێندنەوەی شیعرەکەی خۆم ناسیەوە،

پێموابێ چەندین شیعرم بۆ ناردبوون دیارە ئەوەیان پەسند کردبوو، بۆیە دەستخۆشیم لەمامۆستا کردوو بەڵام چوونکە ئامادەی ئەو رواداوە خۆشە نەبووم، یەك قسەم بۆ نەهات، مامۆستاکەش شیعرەکەی پێخوێندمەوەو چەپڵەیەکی باشم بۆ لێدراو رۆژنامەکەشی دایە خۆم و دانەیەکیشی بە تەختەی ئاگادارییەکانەوە هەڵواسیبوو.

سەرتان نەیەشێنم ئیدی لەو رۆژەوە ئەوقوتابیانەی کە هەرگیز منیان خۆشنەدەویست و هاوڕێیەتی منیان قبوڵ نەبوو، بەتایبەت بە هۆکاری جیاوازی بیروڕا، ئەو کچانەی ئاوڕیان لێنەدەدامەوەو لوتبەرزانە بە تەنیشتمدا رەتدەبوون، بە بیستن و دیتنی شیعرەکەم لەسەر تەختەی ئاگادارییەکان، هەوڵی خۆنزیك کردنەوەیان لەمن دەدا، دەفتەریان دێناو داوای نووسینی یادگارییەکانیان دەکرد، زۆر جاریش نامەی دڵداریم بۆ دەرازاندنەوەو بۆ خۆشەویستەکانیان دەنارد.

ناوم لە ناو مامۆستایان و قوتابیـان رۆشـت و هەسـتم دەکـرد بوومەتـە یـەك لـەو کەسـایەتیانەی کـە ئیـدی نابێــت هەرزەییانــە رەفتاربکــەم ، نابێــت هاوڕێیــەتی ئەوانە بکەم ناویـان بەخراپـە رۆیشـتبوو، هەروابێتـەوە مامۆستا شاعیرو رۆشنبیرەکانیش زیاتر خۆیـان لێنزیـك دەکردمــەوە قۆنــاغێکی نــوێ لــە ژیــانم دەســتی پێکــرد، بەتایبــەتیش کــە شــەوی رابــردوو گــەورەترین ئــەرکم ئەنجامداو کەچی تـەواوی هەوڵەکـەم سـڕدرانەوە، بـەلاَم بلاَوبوونـــەوەی ئـــەم شـــیعرە کەکـــەس نـــەیتوانی بیسـڕێتەوەو ناویشـم هـەر بەراسـتی کەوتـە ناونـاوان و مەترسـیش بۆسـەر ژیـانم نـەبوو، چـەندین پەخشـانی دلْداری و شیعریدیم نووسی، قوتابیان داوایان لێدەکردم و ئـــەوان چـــۆنیان ویســـتبا وام بـــۆ دەنووســـین، بـــۆ دلْـدارەکانیان دەنـاردوو بـەلاَم نـاوی خۆیـان دەنووسـی، ئەوەنـدەنا فێـرە درووشـم نووسـین و شـیعری سیاسـی و خوێندنـەوەی کتێبـی گـەورە بـووم، وەك خوێندنـەوەی

**رۆمانی دایکی مەکسیم گۆرکیٚ و پۆشکین و رامبۆ، کە ڕێڕەوی ژیانمی تەواو بە ئاراستەی چەپدا سووڕاندەوە.**

# کشانی تەمەن

تـا گـەورەتر دەبـووم، لاقـم درێـژترو سمـێڵم پڕتـرو دەنگم گڕترو ئەرکی سەر شانیشم قورستر دەبوو، لەپاڵ خوێندنەوەی کتێبـی ئـەدەبی و سیاسـی، خۆشەویسـتیم بـۆ ئەسـتێرەکان و نیشـتمان و ئازیزەکـەم زیـاتر دەبـوو، هاوکـات و بەتەنیشـت هـەموو ئەوانەشـدا ژیـان پـڕ ئەزموونی دەکردم و بەشێك لـە نهێنیـەکانی گـەردوونم شـیدەکردەوە، لەسـەریم دەخوێنـدەوەو بـەدوای هـەموو

ئـەو سەرچـاوانەدا دەگـەڕام کـە نهـێنی درووسـتبوونی گەردوونیان تێدابوو، هـەروەك چۆن فێـری ئـەوە بـووم ژیان لـە خانـەیـەکی زۆر بچوکی نـەبینراوەوە درووسـت بووە، بە تێپەڕینی ملیۆنان ساڵ ئەوجار بوونـەوەرەکان بوونە فرەخانە، ئاواش بە بیردۆزەکانی وانەی ئەندازەدا بۆم دەرکەوت دوو هێڵی تـەریب قـەت ناگـەن بەیـەکترو هێڵـە یــەکتر بڕەکـانیش هەمیشــە یــەکتری هەلاهــەلا دەکەن و هیچیان لەسەر یەکتری ناوەستن و بەردەوام لە هـەوڵی لەتوپـەت کردنـی یەکتریـدان، هەرچـەند زیـاتر دەمخوێند هێندە زیاتر لە مامۆستاکان شت فێردەبـووم و خـۆ خوێندنــەوەی کتێبـە نهێنیـەکانیش هـەم فێـرە ئایدیۆلۆژیاو هەم زیاترفێرە نووسینی شیعرو پەخشان و چـیرۆکی هەمــەجۆریان کــردم، زانــیم خوێنــدنی قوتابخانــە بــۆ نمرەکانــەو خوێندنــەوەی دیــش بــۆ خۆرۆشنبیر کردن و درووستکردنی ئـەو کارەکتەرانەیـە کــە کۆمەڵگــەو نیشــتمان پێویســتی پێیــان دەبێــت، ئەوەنـدەنا ئـاوارەیم دیـت، ئـاوارە بوونێـك مەگـەر لـە

جەنگە گەورەکانی جیهان ئەوە رویدابێ، ئێمەیان لەنێو خەیمە لەیەك چووەکان پەستاو وەکو دیل مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، ئەو شەوە باراناویانەم دیت کە خۆمان بە ئەستوندی خەیماکانەوە دەگرت، تا با لە رەگەوە هەڵیاننەقەنێ و نەیان بات و لەبەر بەفرو سەرمادا رەق نەبینەوە، تێکوپێك شکانی زیل و خاپور بوونی ماڵ و شارەکان و بەکۆمەڵ رەوی مرۆڤەکان و تەنانەت چەك فرێدان و هەڵگرتنەوەو سەرلەنوێ بنیات نانەوەو زۆر کارەساتیدی کە هەرهەموویان بوونە ئەزمونێك تەواوی ژیانی داگیرکردم، هەرگیز ئەو رۆژەم لەیاد ناچێت کە پارچەبوونی مرۆڤم تێدادی، بەو چاوانەی خۆم دیتم مرۆڤێك کە راستەوخۆ گوللە تۆپی وێکەوتبوو، لەتوپەت ببوو پارچەکانیان کۆدەکردەوە، لەنێو گونیەیان داویشت و خەڵکی گەڕەکیش کەزۆرینەیان بە چیاکەوتبوون و هەندێکیان مابوونەوە خەریکی کۆکردنەوەی ئەو مرۆڤەو خۆئامادەکردن بوون تا شار جێبهێڵن، ئەورۆژە بۆنی مردوومکرد،

خـــوێنێکی خەســـتم دیـــت بـــەداروديواری گەڕەکـــەوە نووســابوو، رێــك ئــەو رۆژەم بــیر هاتــەوە کــە ئامــانجی برادەرم بۆ هەتا هەتایـە بزرکـرد، بەتایبـەتیش خـوێنی ئامانجیش هەر لەو گەڕەکە رژا، پارچـەی گۆشـتی مـرۆڤ بە دارتێلەکانەوە دەشەکایەوە، شوێنی گەمانەکانی ئێمە ببــوە گۆڕپـــانی جـــەنگ تـــرس هـــەناوی گـــەورەکانی داگرتبــوو، ئەوانــەش کــە هــەموو رۆژێ بــە تفەنگــەوە لەنێو شـەقامەکانی شـار دەسـوڕانەوە بـزر ببـون، دایکـم کەزیە سپیەکانی وەدەرکەوتبوون و هەر کەمنیدی چـاو لــە کۆکردنــەوەی پارچــەی مــردوو دەکــەم بــە تــوڕەیی بردمیــەوە نێــو ئــەو کونــە تەیارانــەی هــەموو مــاڵێکی شارەکەم هەیانبوو، لەوێدا لـەنێو ئـەو کونـە گورگـە کـە تەنیا بۆنی خۆڵی لێدەهات ژن و منداڵ بەسەر یەکتریدا کەوتبوون، گەورەکان نزایان دەکردوو منداڵـەکانیش بـە سەرسوڕمانەوە سـەرنجیان لـە دارەڕێـی کونـە تەیارەکـە گیر کردبوو، لە چاوەڕوانی پارچـەبووندا بـوون، منـیش کە هێشتا رمبەی گوللە تۆپەکەو پارچەبوونی مرۆڤێـك

سەرسامی کردبـووم خـۆم بــە هەنگوچـکی دایکمــەوە گرێدابوو، پێموابوو ئیدی کۆڵان بۆتـە روانگـەی جـەنگو جێگــەی کەلایــەنی ئێمــەی لێنــەماوە، ئــەوە تــەنیا بیرەوەریەکی تاڵ بوو لەنێو دەیان بیرەوەری هاوشێوەدا، منداڵی و لاویەتیمان بەم دۆخ و قۆناغانەدا رەتبوو، کـە دەرفەتی ئەوەت نـەبوو بـیر لـە داهـاتوو یـان داهێنـان و سەفەر بکەیەوە بەتایبەت سەفەرێك بۆ شوێنێکی دوور، نــەك ئــەودیوی سـنوورە دەسـکردەکان بــەڵکو ئــەودیوی هێزی کێشکردنی زەوی و ئەو بۆشاییانەی گەردوون، کە پڕن لە نهێنی شاراوە.

هەربۆیــە هــەموو ئــەو گــەورەبوون و فێربوونانــەم خستبووە خزمەتی ئەو سێ ئامانجەی بـۆی تێدەکۆشـام، بەتایبــەتیش پاراســتنی نهێنییــەکان کــە یــەکێك لــەو ئەرکـە گـرنگ و قورسـانەبوو کـە کـەوتبووە ئەسـتۆی هــەموومان، ئــەو رۆژانــە راســت   و چــەپی خــۆم زۆر بەئاسانی لێك جیادەکردەوە، دەبـوو یـەك لـە ئاسـانترین بەڵێنەکانم جێبەجێ بکەم کـە ئـەویش ئـەو بەڵێنـەبوو

کـە بەخۆشەویســتەکەم دابــوو، بــەڵام تاکــە کۆســپ نـەبوونی هێلانەیـەك بـوو لـەم نیشتمانە پانوبەرینـەی هــەموو لاویــەتی خۆمــان پێبەخشــی، دەبــوو ببمــە کرێچـی، کرێچـی سـەر ئەسـتێرەیەکی دابەشـکراو کـە ئێمەی تێدا بێبـەش دەرچووین، ئەستێرەیەك خـاوەنی هـــــەزاران رێکخـــــراوی مـــــافی مـــــرۆڤ و نەتـــــەوە یەکگرتووەکانــە، کەچــی نیــوەی خاکەکــەی کــەمپ و گۆڕەپانی شەڕە.

ئـاخر هـەڵگرتنی سـێ ئامـانج لەنێویانـدا ئاسانەکە ئــەویش بــەم جــۆرە بێــت زیــاتر لــە هیواکــانمی دوور دەخسـتمەوە، بێئومێـدی لـەنێو تـەپوتۆزی روداوەکـانی دەوروبەردا زیاتر بەخاکیەوە گرێدام ، شەشی ئامادەییم تــەواو کــردوو روەو چــیا ملمنــا، دەمزانــی لــەنێو شــاردا ئەگەر دەیان سەنگەری دووژمن خاپورکـەی و سـەرجەم دیوارەکـــانی شـــار بـــە دروشمـــی دووژمـــن ڕوخـــێن رەشـبکەیەوە بیانیـەکان تـەواو نـابن، ئـاخر چـەندین رومانـــەمان هاویشـــتە نـــاو زیلـــەکان و رەبیـــەکان و

دووژمنــەکان، کەچــی دەهێنــدەی تریــان دەهێنانــەوە، پێشمەرگەمان دەهێنانە ناو شارو شەوانی شاریان روناك دەکردەوە کەچی سبەی شار وەکو خۆی بـوو، بۆیـە پـێم وابوو بەچوونە چیا دەتوانین خۆمان و ئەوانی دیش لە ژێر دەستەیی رزگار کەین، چونکە کەس لەنێو شارەکان خــاوەنی خۆیــان نــەبوون، ئــەورۆژەش کــە لەگــەڵ بەختیارو ئەحە ئەو بڕیارەماندا، کە لە راستیدا دەمێك بـوو نەخشـەمان بـۆ دانـابوو و چـاوەڕێی دەرفـەتێکمان دەکـرد، ئێوارەکـەی چـووینە گونـدی (دێـرێ )کـە زۆر لەقەلادزێ وە نزیك بوو، بەڵام بـەختیارم زۆر بـە مـاتی دەدی پێم گوت:

ئەگەر لە بوونە پێشمەرگە دوودڵی ئێستاش نەچووە بچــێ دەتــوانی پەشــیمان ببیــەوە، خــۆ ئەگــەر بــەبێ ئێمەش ناتوانی لە گەڵت دەگەڕێینەوە.

ئەویش گوتی:

نا تەنیا خەمی باب و دایکمـە دەترسـم رزگـاری بـرام شتێکیان بەسەر بێنێ.

**گوتم: نا، با لە پێشمەرگایەتی رابێین شـەوێك دێـین و دوای راوکردنـــی بەعســیان، ئـــەو دەعبایـــەش لەگـــەڵ خۆمان دەبەین، دەبێت تۆڵەی دارو بەردی لێبکەینەوە.**

# مرۆڤێك له دەعبا

(رزگـار بــرای بــەختیاری نــزیکترین و خۆشەویســترین هاوڕێم بوو، کێشەی نەك بۆ ماڵەباوانی بـۆ هـەر کەسـێك درووســتدەکرد ئەگــەر تــەنیا بــە تەنیشتیشــی تێپــەڕیبا، هەڵبەتە منیش بەدەر نەبووم لەو کێشانەی ئەو دەعبایـە بــۆی درووســتدەکردین، رۆژێــك لــە دەرگــای جامخانــەی دووکانەکەیــدام و دەســتم لــەنێو کــاردا بــوو، خــەریکی شوشتنی ئەو چاکەتانە بووم کە دەبوو بە بەنزینی تەیارە بشورێ و دواتر بە وشککەرەوە بچۆڕێندرێتەوە، ئەو کاتـە

من هەم قوتابی بووم و هەمیش هاوکاری براگەورەکەم دەکرد لە بەڕێوەبردنی دووکانە هەڵمیەکەی، کاتێك کە خەریکی کاری بەنزین بام نەدەبوو دووکان لە کەس بکەمەوە، کەچی رزگاریش جگەرەیەکی دیمۆری درێژی بەلالێویەوە بوو تووند لە دەرگای جامخانەکەی دەداو دەیگوت:

سەگبابی قەحبەباب خێرا ئەو جامخانەیە بکەوە، منیش بە دەستی بەبەنزینەوە هەر لەودیوی جامخانەکەوە پێمگوت:

کورە دەستم لەناو بەنزیندایە ئەتۆش دەموچاوت سووورداگەڕاوەو جگەرەشت بە دەمیەوە، دەتەوێ ئاگرم تێبەردەی، دوایی وەرەوە با ئیشەکەم تەواوکەم، رزگاریش کە ئەوکاتە زۆر تێکچووبوو گوتی:

بۆ ئەتۆ لە بەنزیخانە کاردەکەی یان ئوتووی هەڵم؟ فشەفشێ مەکەو خێرا ئەو جامخانە بکەوە کارێکی زۆر بەپەلەم پێتە.

رزگار شەللاتییەك بوو نەبێتەوە، نەك هەر ماڵی خۆیان تەواوی گەڕەکی کارەبای تێکدابوو، بەلای هەرکەسێکدا رۆیشتبا کەسەکە لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

خودایه بمانپارێزی، چەندین جار شکاتی لێکرابوو هەر دووای ئازاد بوونی بە خراپترین شێوە دەگەڕایەوەو ئەو وانانەی لە بەندیەکانیدی فێر ببوو بەوانیدی تاقی دەکردەوە، شڕو شیتاڵی ماڵێی وەسەریەك دەگەڕاند، بابی ئەوەندە لێی بێزاربوو زۆر جاران کە لەگەڵ هاوڕێیەکەم دەچوومە ماڵیان دەیگوت:

یارەبی بەبەر زیلێکی عەسکەری بکەوێ و شەرتبێ بەشەرتیخوای ئەمیش خێرێکی بکەم، ئاخر هەراسانی کردووین و شەرمەزاری هەموو دنیای کردین، بابە وەڵڵاهی ئەمن حەزم لێنییە ئەولادی ئاوا خوێڕیم هەبێ، باشە بەختیاریش هەر لەو داکوبابەی نییە ئەدی بۆ ئەو وادەرنەچوو؟ پیاوی چابن لەگەڵ خۆتانی بگێڕن و تۆزێك نسحەتی بکەن بەڵکو بگەڕێتەوە، کوڕە ئەو هەتیوە زۆر سەیرە لەبەر دڵی داکی بەقسەی خۆش لەگەڵی دەچمە پێشێ و ئەوی بیەوێ بۆیدەکەم، دەنا وەك سەی بەڕەڵای دەکەم، نابینن هەر کارێکی بۆدەکەم دوای دوو رۆژان هەرایەکم بۆ دەنێتەوە، لێی تووڕە دەبم دەیکاتە شەڕو گەڕەکم وەسەر دەگەڕێنێ، ئێستا تێماوم نازانم چ لەو هەتیوە بکەم، لەمن و نەکەوێ بیبەن و

بــزانن کــارێکی بــۆ نادۆزنــەوە هەنــدێکیش لەبــەری بپاڕێنەوە بەڵکو رەحممان پێبکاو بێتەوە سەرخۆی.

ئەمن و بەختیاری براشی هەمیشە بەدوویەوە بووین و ئامۆژگاریمـان دەکـردوو نانمـان بـۆ دەکـڕی و پارەشمـان دەدایـە، بـەڵام زۆری پێنەدەچوو وەك خـۆی لێدەهاتـەوە، خزم و کەسەکانیشی نەیانـدەوێرا هـەرلێی نزیککەونـەوە چونکە چەندین جار شەڕی بەوانیش فرۆشتوەو گـەڕەکی هێنابوونــە ســەر، ئــەو رۆژەش کــە لــە جامخانــەی دووکانەکەمیدا زانیم کەتنێکی کردووە بۆیە پێم گوت:

جگەرەکەت فڕێدە، ئەویش جگەرەکەی فڕێداو دەرگای جامخانـەم کـردەوەو خـۆی بەژورێـداکرد، هـەتا بنـەبانی رانەوەستا، گوتی:

هەتیو ئیشێکم پێتە دەبێت بۆم بکەی ئەمیش گوتم:

بڵێ: بزانم چتدەوێ؟

دەستی بۆ بەر پشـدێنی بـرد دەمانچـەیەکی رەشـی زۆر نوێ و نازداری دەرهێنا.

گوتی: یان لێم بکڕە یان بۆم هەڵگرە؟

ئــەمیش کەهێشــتا خــەریکی دەســت ســڕینەوە بــووم یەکســەر دەمانچــەکەم لێــوەرگرت و لەبەرچــاوی ئــەو

خستمە بنجەریدان، ئەو جەریدانەی کە دوای ئوتووکردن جلوبــەرگمان تێوەردەپێچــا، دەســتی بــۆ باخــەڵی بــرد وامزانی شتیدی پێیە کە پاکەت و شقارتەکەی دەرهێنــا، ئەمیش هەروەك دەمانچەکە پڕمدایەو لێم ستاند، گوتم:

هــەتیو دەتــەوێ دووکانەکــەی بســوتێنی نــاڵێم ئیشــی بەنزین دەکەم ، پەردەی دواوەم بۆ هەڵدایــەوە پیشانمداو گوتی:

ئەوە بەراستە سەگباب وەمزانــی درۆم لەگــەڵ دەکــەی، (ئــاخر بــۆنی بــەنزینی تــەیارە زۆر تیــژ نییــە بــەڵام تروســکاییەك بەســە بــۆ راکێشــانی ئــاگرو ســوتانی هـــەمووومان) دەســـتیم گـــرت و رامکێشـــایە دەرەوەی دووکانەکــە لــە دڵیخۆمــدا گــوتم: نــەبادا کەســێك خــۆ بەژووریدا بکاو جگەرەی پێبێ ئەوجار پێمگوت :

ئەوشتە چیەو لەکوێت بوو؟ ئەویش گوتی:

ئــەتۆ هــەقت چــییە ئێســتا لــێم دەکــڕی یــان بــۆم هەڵدەگری؟ یەك شتیشی بەسەر بێت لەتۆم دەوێتەوە جا نەڵێی پێی نەگوتووم، ئەمیش لـە دڵـی خۆمـدا گـوتم: بـە خودای توشی گونەرەشی خۆم هاتم، پێم گوت:

جارێ با کاری بەنزینەکە خەلاسکەم نیوسەعاتیدی وەرەوە قسێکی لێدەکەین.

چوومە ژووری و دەرگای جامخانەکەشم داخستەوە ئەویش بەبێ ئەوەی یەك وەڵامی هەبێ چووە بەرامبەر دووکانەکەم و لێیدانیشت، ئەمیش کاری خۆم تەواو کردوو دواتر دەمانچەکەم دەرهێنا، کە تەماشام کرد ئەستێرەیەکی گەش بە دەسکەکەیەوە بوو جۆرەکەی و ناویم نەدەزانی بەڵام زانیم دەمانچەیەکی نایابە، لە شوێنێکی باشتر شاردمەوەو ئەوجار دەرگای جامخانەم بۆ کردەوەو گوتم:

وەرە ئەوجار دانیشە، بزانم ئەو شتەت لەکوێ بوو؟

گوتی: هەتیو محاسەبەم دەکەی؟ هەقت نەبێ دەیکڕی یان مشتەری بۆ بێنم؟

گوتم: دەتەوێ سەری خۆشت و ئێمەش بەقوڕێداکەی نازانی هەرچی ئەمن و ئیستغباراتە بۆ جل شوشتن و ئوتوو کردن دێنە ئەم دووکانە ؟ ئەوجار مشتەری بێنییە ئێرە ئەوە جاسووس دەرچوو؟ خۆ سەری ئەژدادوو ئابادم دەچێتە قوڕێ، تۆزێك بیر بکەوە ئەوجار قسان بکە.

رزگار کەمێك بێدەنگ بوو ئەوجار گوتی:

که لێمناکرِی بمدەوە دەڕۆم.

پێمگوت: یەکەم پارەی ئەوەم نییـە، دووەم ناتدەمـەوە تا نەزانم لەکوێت بوو.

گوتی: هەتیو لێمداگیردەکەی؟ چووە لای جەریـدەکان و دەســتی بــەو شــوێنەداکرد کــە لێــیم دانــابوو، بــەڵام نەیدۆزیەوە، بۆیە پێی گوتم: بمدەوە دەڕۆم.

دامنیشاندوو پێم گوت:

رزگار گیان ئەگەر هەتا ئێستا بەقسەی منـت نـەکردووە ئــەو جارەیــان بــە قســەم بکــە، ئــەوەی تــۆ دەیکــەی مەترسیدارە، پێم بڵێ ئەو شتەت لە کوێ بوو؟

گوتی: راستیەکەی شەرم لەگەڵ بابم کـرد، دیـارە ئـەو بە پیاوم نازانێ وەڵاهی ئەو دەمانچەم لێنـەکرِی یـان بـۆم نەفرۆشــی دەچــمە بــازاڕی دووان لــەو ســەوتوڵانەی حکومـەت سـللار دەکەمـەوە ئـەوجار بـابم دەزانـێ ئـەمن کێم، دوایش رادەکەم و دەچمە شوێنێك شەیتانیش بـیری لێنەکردبێتەوە.

گوتم: ئاخر کـوڕی بـاش یەکـەم هـەموو خێزانەکـەت لـەناو دەچـن و لـە سـێدارەیان دەدەن، دووەم بچـیە سـەر ئەســتێرەیەکی دیــش هــەر دەتدۆزنــەوە، وەرە لێــرە

کێشـــەکەی کۆتـــایی پێـــدێنین، دەســـتمبرد بـــۆ باخـــەڵم سـیوپێنـج دینـاری تێـدا بـوو، گـوتم: سـی دینـار بـۆ تـۆ دەمانچـەکەش بـۆ مـن، بـەڵام لای کـەس باسـی مەکـەو بۆخۆم بەدزی دەیفرۆشم.

گوتی: هەتیو ئەوە سەد دیناریش زیاتر دەکا.

گوتم: ئاخر خۆ پارەت پێنەداوە نـابینی ئەوەنـدەم لـە باغەڵیـە ئـەوجار بیدەیـەمن باشـترە لـە بێگانـان، نـەتۆ تووشی کێشەدەبی و نەماڵەوەش.

ئەویش سی دینارەکەی لێوەرگرتم و گوتی:

دەتوانم ئێستا جگەرەی پێکەم؟

گوتم: بکێشە بەڵام پیاوی چابە چیدی کێشە بۆ خۆت و ئەو خەڵکەی درووست مەکە.

یەکسەر هەڵیدایەو گوتی:

دەزانی هەتا گۆنگەڵی نەنێمەوە ئێوە لەگەڵم شل نابن، بەزاتی خودای نەمگوتبا دوان سلار دەکەمـەوە قـەت سـی دینـارت نـەدەدامێ، دەزانـی بەشـی هەفتەیـەك خـواردن و خواردنەوەم دەکا، هەستاو لێیدا رۆی.

ئـەو رۆشـت و ئـەمیش یەکسـەر بـەدووی بـەختیاردا گـەڕام، کـە چـوومە ماڵیـان هـەموان پێدەکـەنین، دوای چاکوچۆنی گوتم: ها دڵتان خۆشە؟

بابی بەپێکەنینەوە هەڵیدایەو گوتی:

دەدانیشـە بـۆ ئـەو سـەگبابە دیڵـێ دڵمـان خـۆش بێـت، شەرتبێ هەمووی سـەعاتێك نـابێ هـەرای لەگـەڵ کـردین، بەڵام ئەوجارەیان هەر بە خشکەیی چۆ دەرێ و ئیشـاڵڵا هاتنەوەی نابێ.

یا سەبیحەی داکیشی هەڵیدایە گوتی:

خوانـــەکا پیاوەکـــە ئـــەوجارەیان خـــەڵکی وەســـەر نەگەڕاندین، بەخودای کوڕێکی لێدەردەچێ برنجـی ئـەتۆ بزانە چۆن لەبەری دەحەسێینەوە، دە دووعای خێری بـۆ بکە.

منیش تەماشایەکی بـەختیارم کـردوو ئـەویش یەکسـەر دەموچـاوی مـنی خوێنـدەوە گـوتی: بەمناوەختـە، ئـاخر ئـەتۆ قـەت لـەم کاتانـە دووکـان بـەجێ نـاهێڵی چـۆنە هاتووی؟

بـــابی کـــە هێشـــتا خەنـــدەی لێـــدەباری دەموچـــاوی ئالۆزداگەڕاو قسەی بەختیاری وەرگرت و گوتی: خۆ هـیچ نەبووە؟

گوتم: نا بەڵام دەبێت کارێك بۆ رزگـار بدۆزینـەوە دەنـا سەری هەموان بە فەتارە دەدا.

بابیشی کە ئـەوجارەیان سـیمای زیـاتر ترسـی لێـدەباری گوتی :

چیکردووە خێرا پێمبڵێ؟

ئــەمیش دەســتم بــۆ پشــتەوەی قەمســەڵەکەم بــردوو دەمانچـەکەم لـە بـەردەمی دانـا، هـەر کـە دیـتی یەکسـەر رەنگی هەڵبزرکاو گوتی:

ئـەو نارەسـەنە ئەوەشـیکرد، بەوخودایـەی بەسـەریەوە ناچێ، باشە نازانێ ئەوەم لە ماڵێ ئاشـکرابێت ماڵەکـەمان بەسەردا دەڕوخێنن؟ بڵێ ئەوەی چۆن بۆ تۆ هێنا؟

منیش تەواوی چیرۆکەکەم بۆ گێڕانەوە.

ئەوجارەیان دایکی گوتی:

دەك رۆڵـــە دووعـــای مـــن نـــەبێ دووعـــای شـــێخ و موشـایەخان بێـت، ئـەورۆ مەیتەکـەت بێتـەوە، یـارەبی

وەبەر گوللەی گەرم کەوی و ئەو شیرەشت لێحەرام بێت کە داومیەتێی، دەکرۆڵە چونت بێو هاتنەوەت نەبێ.

بابیشی بە رەنگی پەڕیوەوە روی لە سەبیحەی ژنی کردوو گوتی:

توخدا ئەوە ئەولادە بۆمنت هێناوەتە سەر دنیایێ، ئەتۆ وەرە حکومەت بەو گەورەو گرانیەی خۆت پێینەوێری، هەر حەفتەیەکی سجن دەکەی و وەك سەی تێمان بەردەدەیەوە، ئێستا چبکەین و چیلێبکەین؟

دەستی لە باغەڵی راکرد سی دینارەکەی دەرهێناو گوتی:

هەتا ماوم مەمنوونی تۆم، بەو خودایەی ئەتۆ نەبای سەری هەموانی لە قوڕێ رادەکردین، ئەو روداوەش باس مەکەو ئەمن چارەسەری دەکەم.

زۆر هەوڵمدا پارەکەی وەرنەگرمەوە دواجار بەختیار پارەکەی هەڵگرت و گوتی: بابڕۆین، لە دەرێ بەزۆر لە باخەڵی هاویشتمەوەو چوینەوە دووکان، کە دەرگای جامخانەم کردەوە یەکدوو عەلاگە جلیان هەڵدابۆ ژووری و ناوی خۆشیان لە وەرەقەیەکی نووسیبوو، منیش بەبەختیارم گوت: چارە نییە دەبێت کارێکی بۆ

بدۆزینەوە یان ڕەوانەی دەرەوەی کەین ببێتە پێشمەرگە خۆ ئەگەر لەوێش بەرپێیکەنە دەرەوەی وڵات باشتر.

گوتی: بەو خودایەی هەڵیدەیە سەر ئەستێرەیەکی دیش ئەو توخمە ناگۆڕێ، هەر ئەوە مابوو، شەرتبێ چەکی بکەوێتە دەست، یەك پێشمەرگەش قوتار ناکا، ئەدی دووکانمان بۆ دانەنا لە بنی هێناین، نەچووە تیمی مەلاریای هاوینانەو کابرای مقاویلی وەبن خۆیدابوو، هەموانی شەرمەزار کردین، ئەتۆ وەرە بەشەر جگە لە ئیشی قۆڕو فەرتەنە یەك پیاوەتیت لە دەست نەیا، باشە دەبێت ئەو شتە کە هەر لە دەعبادەچێ نامۆکانی دەرەوەی هەسارەی خۆمان نەبێ؟ پێم بڵێ شەرتبێ لە فیلمیش شتی وا نەگبەتم نەدیوە.

منیش دڵخۆشیم دایەوەو گوتم:

ئەوەندە پیاوەتیەی کرد هاتە لای من، ئەدی ئەگەر کەتنێکی پێکردبا یان دابایە جاشێك جاسوسێك، لێگەڕێ کێشە بە پارەی چارەسەربێت هەر کێشە نییە، لەو قسانە دابووین رزگار بەبەردەممانداو بە زەرفێك خوارنەوەوە بەرەو سپیدارەکانی رۆخ روبار شۆڕ دەبۆوە، هەربە

خوێڕیـەتیش بـە دەنگـی بـەرز هـاواری کـرد، هـا کۆنـە حیزەکان وەزعتان چۆنە؟)

بابێینـەوە سـەر حیکایەتەکـەی خۆمـان، بـەختیاری هاوڕێم برای ئەو رزگـارە شـەللاتیەیە کـە بـۆم باسـکردن، تازە جێقونی خۆی لەو ماڵە گەرم کردبوو، کە لە گونـدی دێـرێ بۆمـان دیـاریی کرابـوو، قسـەکانی مـنی وەرگـرت و گوتی:

شـــەرتبێ باشـــترین بیرکردنەوەیـــە، خـــۆ ئەگـــەر حکومەتیشمان پێنـەڕووخێ بـە رزگـاری دەوێـرین، خـودا شاهیدە بەر لە هـەر چالاکییەك دەبێـت ئـەو خوێڕییـەی تەمبێ کەم.



# چوونە چیا

زۆری نەبرد ریشدارە نوورانیەکەو دوو پێشمەرگەیدی لێمان وەژوور کەوتن، ئەو ژنەی لە ماڵەکەی ناو گوندی دێریێ پێشوازی لێکردین و پێمان گوت: ئێمە میوانی فلاٌنین ناوی ئەستی بوو، هەر کە ریشدارەکە هاتە ژوور یائەستی چاوی دەگێڕا بەلاٌم هیچ قسەی نەکردوو پێشوازیەکی گەرمی لێکردن و خوانی بۆ رازاندنەوە، ریشدارەکەش دوای چاکوچۆنیەکی دوورو درێژو

پرســینی هــەواڵی ناوشــارو رژێــم، ئــەوجار کەوتــە ئامۆژگـاری ئێمـە، پێیـدەگوتین: ئێـوە لـەنێو شارچاوی ئێمەن بەهاتنتان بۆ دەرەوە هیچ نابینین، بۆیـە دەبێـت خوێندن تەواوکـەن ئـەوجار بڕیاری هاتنـە چیا بـدەن، ئەو ریشدارە لەسەر نانخواردنیش کە ساوەرو باینجانیان بۆ لێنا بوون، لەگەڵ قاپێك سەوزەی حەوشەی خۆیان و نــانی تــیری هــەر قســەی دەکــرد، دەیگــوت: ئێــوە بەرپرســیاریەتێکی قــورس دەخەنــە سەرشــانم، ئــاخر ئەوەندەی ئێمە لێـرە پێویستیمان بەوەیـە ئەوەنـدە لـە شـاخی سـوودتان لێنـابینین، زوو زووش بـەدەم پـاروو کردنەوە دەیگوت:

یائەستی قاپێك شلەی باینجانی دیشـم بـۆ تێکـە، جا رووی لەئێمە دەکرد ئەدی بۆ ئێوە نـانی نـاخۆن؟ دیـارە شــتی چــەورترتان خــواردووە، کــوڕە ئــەوە خــواردنی دەستی ژنانە لە شاخی ئەوەتان دەست ناکەوێ، بخۆن.

کەوچــکێکی لــە شــلەی باینجانەکــە دەداو هــەڵی دەلووشـــی، شـــەرتبێ وەهـــای دەخـــوارد دەتگـــوت

تێشتوگۆشـتی دەخـوا، بۆیـە لـەدڵی خۆمـدا دەمگـوت بـەخودای ئەمـەش ئـاوا برسـی دەبـین و نانوپیازیشـمان دەستناکەوێ، ریشدارەکەش زوو زوو دەیگوت:

بەقسەم کەن پەژیوان ببنـەوە، هێشـتا کـاری زۆرمـان بە ئێوە ماوە، یائەستیش قسەی لێوەردەگرتەوەو گوتی:

دەك رەحمـەت لـە دایوبابیـت بـەخولای قسێ دڵـی منـت کـرد، سـەررووتی وەکـو ئێـوە کـوا پێشـمەرگایەتی پێدەکرێ، هەی لەمنو نەکەوێ ئەلعان لە نێو شاری کێ چاوساغی بـۆ ئـەوان پێشـمەرگانە بکـات؟ بەقسێ ویـش ناکەن بەقسێ داکیخۆتان کەن و ژەوان ببنەوە.

منیش هەڵمدایەو گوتم:

پـوور ئەسـتی بـەخودای تـازە لـەنێو مـاڵ و بـرادەران قسـەمان کـردووە ئـەوجار خـۆ نابینـە بـارگرانی، وەکـو هـەموو پێشـمەرگەکان رادێـین و دەتـوانین لـە شـاخیش بێت ئـەرکیان سـوکتر بکـەین، لـە شـاریش دوو شـانەمان مـاون لـە ئێمـەیان باشـتر دەبەنـە نـاو شـاری، بڕیارێکـە داومانــە هــەرگیز پاشــگەز نابینــەوە، جـا دەبیــنن لــە

هەموان باشترو ئازاتر دەبین، کوڕە ئەو ژێردەستی و سەگبابیەی لە ناو شاریداهەیە ئی ئەوەی نییە لێی بژی.

یائەستیش گوتی:

بەشێخی سندۆلان دوو لوسکەڵەی وەك وەم هەن ئەلعانیش بۆخۆمیان دەشۆم.

ئەمەش هەرسێك تەماشای یەکتریمان کردووئەحەش گوتی:

پووریَ گیان هەروا نامێنینەوە، راستە زەویمان نەکێلاوە بەلام لە شاری گێرەمان بە بەعسیان کردووە، لوسکەڵەکانی خۆشت رەگەڵ مەخە، تا فێرە چیاو چۆلانیان کەین.

ریشدارەکەش کە ئەو سووربوونەی ئێمەی دیت و تا قسەی زیاتریش لیك هەڵنەبەزێنەوەو بشزانین مێردی پوور ئەستی پێشمەرگەیە، قاپە شلەکەی هەڵگرت و تەواوی ئاوەکەی چۆڕاندە نێو دەمیەوەو گوتی:

یــاخوا براژنەســتی دەســتەکانت نــەڕزێ بەڕاســتی خواردنێکی بەتام بـوو خۆزگـە حەمـەی مێردیشت لێـی خواردبا.

یـا ئەسـتیش کـە رێـك چاوەڕێی قسـەیەکی ئـاوا بـوو گوتی: ئەدی بۆت لەگەڵ خۆ نەهێنا؟

ریشــدارەکەش گــوتی: شــەرتبێ دوو رۆژانم چــاوەڕێ کـرد، ئـەو لەگـەڵ مەفرەزەیەکیـدی رۆیشـتۆتە بادینـان لەوانەیە هەتا مانگێکی دیش نەگاتەوە سنووری مە.

یا ئەستیش گوتی: ئەوجەلـەی لەگـەڵ خـۆتی بێنـەوە منداڵیش غەریبیان کردوون.

ریشــدارەکەش گــوتی: براژنەســتی بــۆ نــاڵێی ئــەمن غەریبیم کردووە؟

یائەستی: لەوان قسە قۆڕان گـەڕێ ئـەلعان مـادام ئێـوە تێرتان خواردووە، وادەزانم حەمە خواردوویـەتی، رەبـی نۆشی گیانتان بێـت، ئـەو جـەل غەریبیشی کـەم خـۆ چ حەیبەی تێدا نییە.

ریشــدارەکەش گــوتی: دەی مــەمان بــەوە ئەوســەری ئــەوجارەیان بێــوی نایەمــە ناوشــاری، ئــەوجا بــراژن بڕیارمانوایـــە نەمێنینـــەوە چـــۆن هـــاتووین ئـــاوا دەگەڕێینەوە کاری خۆمان تەواو کردووە.

ریشــدارەکە رووی لــە پێشــمەرگە هاوڕێیــەکانی کــرد گوتی: تێرتان خوارد، ئـەوانیش گوتیـان دەسـتی براژنـێ خۆش ئەرێوەڵڵا هەتا قوڕگمان هاتووە.

ریشدارەکە هەر بـە پشـدێنەکەی دەمولێـوی سـڕیەوەو گوتی:

بــراژن جـا چـایەکەشمان دەیــە، هــەتا لەگــەڵ ئــەو پێشمەرگە نوێیانە وەڕێکەوین.

براژنەستیش یەك ریزە چای سەماوەری بـۆ تێکـردین و هــەموان خواردمانــەوە، شــەرتبێ چـایەك بـوو قــەت تامەکــەی لــەبیر ناکــەم، بەتایبــەتیش کــە ریشــدارەکە لــەبارەی ئێمــەوە ورتــەی لێنــەهات و پێشــی گــوتین پێشمەرگەی نوێ.

ئیدی هەر سێکمان بە خۆو هەگبەیەك لە جلوبەرگ و کاری تەواونەکراوەوە، لەگەڵ هەگبەیەکی گەورەی خواردن کە یائەستی بۆی دانابوون، بەرەو چیا وەدوویان کەوتین، هەتا لە گوندیش دەرچووین لە هەرپەناو پەسیویێك، کەسێك هاواری دەکردوو ئەوانیش وشەیەکی نهێنیان دەگوت و رەگەڵ مە دەکەوتن، تا دەهات ژمارەمان زۆر دەبوو، ریشدارەکەش چوونکە بەرپرسی هەموان بوو، یەك بەیەك لێی دەپرسین نانوخواردووە؟ ئەوانیش دەیانگوت مرِبووین، پێدەچوو تەواوی چوونە دەرەوە لە گوند بە پێشمەرگەکانی خۆیان تەنرابێ، تەنانەت لە رۆخی گوندو تا نزیك بوونەوە لە دۆڵ و بانەکانی پێش گەیشتن بە گوندی چۆم خرِکەو سونێ و قەبری بایزی هەر هەمووی پاکرابوونەوە.

هەورازو نشێوی زۆرمان برِی، گوێمان لە خورِەی ئاوی شەوانە دەبوو، بای کوێستان فێنکاتی بە جەستەمان دەبەخشی، تا زیاتر دەرِۆشتین روناکی شار

دوورتر دەکەوتەوە، ناخۆشترین رۆشتنماندی، بەتایبەت رۆشتنی ناو زەویە کێڵدراوەکان هەر وەك رۆشتن وابوو بەناو بەفردا، بەژێر سەنگەرەکانی دووژمندا رەتبووین یەك یەك و دوو دوو بەبێ هەستکردن بە جوڵەو روناکی یان مەترسیەکی راستە قینە، کە هەڕەشەبێت بۆسەر ژیانمان قوتار بووین.

دەبوو بۆ پێکردنی هەر جگەرەیەك پرس بە ریشدارەکە بکەین، بەبێ پشوودان ئەو کوێستانانەمان دەبڕی کە رۆژانە لە دوورەوە دەمان دیتن، هەیبەتی پێشمەرگایەتی وزەو توانای پێدەبەخشین و تا دەهات لەشار دوور دەکەوتینەوە.

چونکە هەرگیز بەبێ دایکم و کەسەکانم بۆ هیچ جێیان نەڕۆشتبووم، بەتایبەتیش زۆر جاران بابم دەیگوت : ئەوەی عەسکەری نەکات نابێتە پیاو، واتە ئەمن هێشتا مابووم بۆ ئەو پلەیەی بابم بە پیاوەتی دادەنا، بۆیە بیرکردنەوە لەماڵەوە بێدەنگی کردبووم، خەریك بوو منداڵ دەبوومەوە، لەگەڵ هەر ئاوڕێکم بۆ

قەلآدزێ بۆ شاری کچە نـازدارو کەسـەکانم، زیـاتر کـوڵی گریـان قـوڕگی دەگـرتم، چـونکە پێمواب‌ـوو ئیـدی شـار نابینمـەوە، دوورنییـە لـە چـالاکیەکدا شـەهید بـبم و خانەوادەکەم نـەتوانن پرسەشـم بـۆ دانـێن، هەسـتم بـە ماندوو بوون نەدەکرد بەڵآم لە ناخـەوە هێنـدە مانـدوو بـووم، نـامۆیی هـەنگاوەکانی شـل دەکردمـەوە، ئـەوکاتی بوونــە پێشــمەرگە قــورس نــەبوو، بــەڵآم بـیرم لــەوە دەکردەوە ئایا دەتوانین ئـەو ئەرکـە لـە ئەسـتۆ بگـرین؟ بـەردەوام بـوون رامـان دێنـێ؟ ئـەو سـێ هاوڕێیـە هـەر بەیەکــەوە دەبــین یــان جیامــان دەکەنــەوە؟ ئــەو پرسیارانەو دەیانی تر بە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون.

پێشمەرگەکان لە پێش و پاشمانەوە بەڕیز دەڕۆیشتن ئێمەشـیان لـەنێو خۆیانـدا دابـەش کردبـوو، خـۆم لـە بـەختیاری هـاوڕێم نزیـك دەکـردەوە هـەر بـە چـرپە پرسیارم لێدەکرد تا بزانم وەکو منە، هـەواڵیم دەپرسـی و پێم دەگوت:

خۆ ماندوو نەبووی؟ هەرچەند دەمزانی وەکو منە، بەڵام شەرم ڕێگر بوو بۆیە دەیگوت:

زۆر باشم ئەوەی ماندوو بوون بێت نازانم چییە.

چوومە لای ئەحە، گوتم: ماندوو نەبووی بارودۆخت چۆنە؟

گوتی: دەڵێی تۆپم، بەڵام قسەکانی پوور ئەستی هەر لە مێشکمدان، باشە دەبێت جێی خۆشووشتنی لێبێت؟

گوتم: هەموو شتێکی لێیە خەمت نەبێ.

ئەوە تەنیا بۆ دڵخۆشی ئەحە بوو، دەنا هیچم لێنەدەزانی، ئیدی کە پێشمەرگەو ئەوانی دیم دەدیتن هێور دەبوومەوەو هیچم بەسەرخۆم نەدەهێنا، بەڵام دایکە نازدارەکەم هەرگیز لەبەرچاوان بزر نەدەبوو، هەر لەو بیرکردنەوانەدا بووم، ڕووبارێکی سەرشێت کە دەبوو لێی بپەڕینەوە هاتە ڕێگەمان، پێموابێ هەر ئەو ڕووبارەیە کە بە گوندی چۆمخڕکەیدا دێت و بە تەنیشت قەڵادزێدا ڕەتدەبێت و هەر لە پشت قەڵاتێ لەگەڵ ڕووبارەکەیدی تێکەڵ دەبێتەوە، هەتا ئەژنۆیان

خۆمان هەڵكرد، پێڵاو و گۆریەكانمان لە گەڵ ئەو شت و مەكانەی پێمان بوو لە كۆڵێناو بەو شەوەی یەك یەكو دوو دوو لە روبارەكەماندا، ئاوەكە زۆر سارد بوو، زیخوچەوی بنپێمان لووس لووس ببوون، دەستی یەكتریمان گرتبوو بەریز هەمووومان پەڕینەوەو بەڵام ئاوەكە هەتا بن گونمان هات، بۆیە پاشەڵی هەموانی تەڕ كرد، لە نەدیوێك كە كەوتبووە ناوچەی ئازادكراو پێشمەرگەكان ئاگرێكی خۆشیان كردەوە، هەموان بەدەوریەوە خۆمان وشك كردەوە، دوای پشویەكی نیو كاتژمێری بەر پرسەكەمان گوتی:

لە مەترسی دەرچووین و بەڵام هەردەبێت وریا بین چونكە زۆر جاران دووژمن بۆسە لەنێو سنووری ئازادكراویش دادەنێ، دواتر بەرەو یەكەم بارەگای پێشمەرگە بەرێكەوتین، لەگەڵ گزنگی دەمەوبەیان كۆمەڵێك لە ئێستری قاچاخچیەكان كە هەر قاچاغچییەك دوو ئەوەندەی پێشمەرگەكان چەكیان پێبوو، تێكەڵ ئێمە بوونەوە، ئەو دیمەنە بۆمن جێگەی

تێڕامان و سەرسوڕمان بوو، بەیانی باشیان لێکردین و ئەوان رویان لە دۆڵێکی چڕو بیشەڵاناوی کردوو شۆڕبوونەوە، ئێمەش بە بزنەڕێیەکی باریکدا لە نێوقەدی چیایەکی هەزار بەهەزار، روەو ناوزەنگ بەرێکەوتین، بەردمان لە بنپێی خلۆر دەبۆوە، تەنها خزینێك بەس بوو بۆ ئەوەی بۆ هەتاهەتایە بزربی، ئەوەندەنا گۆڕونیش دەبوین و کەس نەیدەتوانی بتهێنێتەوە، هەر لەوکاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر بەشەو گەیشتباینایە ئێرە چۆن بەرپێی خۆمان دەدی؟ ئەمن قەت لە هەورازو نشێوان نەترساوم بەڵام ئەو رێیەی دیتم ترسی هاویشتە دڵم و بەڵام بەسەرخۆم نەهێنا، ئاخر رێیەکە هەر باریك نەبوو لەزۆر شوێنان ئاو دڕیبووی تەڕتەڕی کردبوو، شەرتبێ هەرکەسێك لەوێ هەڵخلیسکابایە هەلا بەهەلا دەبوو، هەر لەوێوە تێگەیشتم کە هەمووجار ئەو پێشمەرگە قوڕ بەسەرانە ئەو رێگە سەختانەیان بڕیوە تا گەیشتوونەتە نێو شار، ئێمەش بە تەنیا یەك دوو کاتژمێر چالاکی خۆمان

دەکــــردوو دەچـــووینەوە مـــاڵێ بۆنـــاو جێگەیـــەکی گەرمونـەرم، بـەیانیانیش بەرچـای حـازرو بـە پوخـت وخاوێنی دەچووینە قوتابخانە، هەر لەوێ تێگەیشتم کە پێشمەرگایەتی ئاسان نییە.

لەبەر ئـەوەی لـەدیوی نساری ئـەو چیایە بـووین کـە بزنـەرێیەکـەی پێـوە بـوو، بۆیـە هێشـتا خـۆر لەئێمـەی نەدەدا، بەڵام بەرامبـەرمان رونـاك بـوو یەکپارچـە دارو دەوەن داپۆشـی بـوو، لـە هەنـدێ شـوێنیش دووکـەڵی ئاگرو ئـاوەدانی دیـار بـوو، جموجـۆڵ دەبینـراو هەسـتت دەکـرد ژیـان لـەنێو ئـەو دۆڵودەوەنـە چـڕوپڕانە زۆر جوانە، بزنە رێیەکە نەماو لە پێچێکدا کـە هـەر چـەند سەد مەترێکی مابوو یەکەم بارەگای حزب بەدەرکـەوت، لـــە خۆشـــیان جگەرەیـــەکم داگیرســـاندوو ریشـــدارە نوورانییەکـــەش جگەرەیـــەکی لێـــوەرگرتم، بـــەدەم جگەرەکێشـانەوە تـا بـەردەرگا نەوەسـتاین، ئـەمما لـەم کورتــە رێیــە کــە هــەر چــەند خولــەکێکی خایانــد هەناسەکانی ئازادی دەروونی ئارام دەکردینەوە، هەستی

سەربەخۆیی تەواوی ئەو ترسانەی بیر بردینەوە کە لەناو شار هەمان بوو، ئاسودەییەك نەمدەزانی لەکوێوە دێ بەلاّم دەمزانی بەخشینی ئەو خەونانەیە کە پێشتر بەمرۆوە دیومانە، نازانم هەستێکی ناوازە کە پێشتر نەمدیبوو تەنیا بەخەیاڵ بۆی چووبووم داگیری کردم.

کە گەیشتین و چووینە نێو ژووری بارەگا تاریکو روونی بەیانی بوو، ئاخر بارەگاکە لە شوێنێکی هێندە قوڵ درووستکرابوو پێموابێ هەتاوی هەرنەدەگەیشتێ، لە سێ چوار پێشمەرگە بترازێ هیچیدی لێنەبوو، دوای ماندوو نەبوون ئێمە هەگبەکانمان داناو پێشمەرگەکانیش کە باریان زۆر قورس بوو تاقمەکانیان لە خۆیان کردنەوەو لەسەر گازەرای پشت هەموان لێی راکشاین.

ئەمن یەك چرکەش خەو نەچووە چاوم، سەرنجم لە دارەڕێی ساپیتەکە گیر کردبوو، بەلاّم بیرکردنەوەم لەلایەکیدی بوو، ئەوانیش واتە پێشمەرگەکان پرخەیان

دەهات، هاوڕێیەك كە دواتر زانیم ئەوە ناوی مام جەبارە پێی گوتم:

هاوڕێ بەخەبەری ؟ ئەو وشەی هاوڕێیە زۆر دڵی خۆشكردم.

منیش گوتم :بەڵێ

دەگوتی وەرە نانی بخۆ، كە لێی چوومە پێش تەماشامكرد نان و پەنیرو هەنگوین، لەگەڵ هێلكەورۆن دانرابوو، ئاخر لە دڵیخۆمدا دامنابوو بەنانە رەقەش دەتوانم بژیم، شەوانە لەبن تاشەكان و خۆ لەنێو گونیەیەك دەئاڵێنم و دەنووم، كەچی خواردنی بەیانیانی ئەو بارەگایە لەهی ماڵێ دەوڵەمەندتر بوو، بۆیە یەكسەر دەستمكرد بەنان خواردن، لە راستیشدا زۆر برسیبووم، هەربۆیە زۆرم خوارد تا ئەگەر سێ رۆژی دیش خواردن نەمێنێ بەشم بكاو بە زیندوویی بمێنمەوە، بەختیارو ئەحەش هەستان و نانیان خوارد، دەستم برد بۆ كۆكردنەوەی خواردنەكان تا هاوكاری بكەم، مام جەبار گوتی:

نا هاوڕێ دەستی لێمـەدە جارێ ئێـوە تـازەن و منـیش ئەمڕۆ خەفەرم، هەروا هاوڕێیان زۆر مـاون و تـا ئـەوان نـانی نـەخۆن خوانەکـەی کۆناکەینـەوە، ئەگـەر لێـرە بمێننــەوە ســەرەی ئێــوەش دێ، یەکســەر تێگەیشــتمو زانیم چووینەتە ناو سیستەمێکی جیاواز لەماڵە باوان و ئەرکمان ئاسان نابێ، بەڵام چوونکە پێشتر جۆرەها کارم کردبوو، بەتایبەتیش دووکانی هەڵمی کە جل شوشتن و ئوتـوو کـردن و دواجـاریش خوێنـدن بۆیـە زۆر ترسـم نەبوو.

دواتـر چـووینە دەرەوەی بارەگـاو سـەرنجەکانمان هـەر هــــەموو دەوروبــــەری بــــەنامۆیی دەدی، چــــەندین پێشـمەرگە بـەخێراتنیان کـردین و جگـە لـە هـەواڵی ناوشــار یــەك پرســیاریدیان لێنــەدەکردین، تەنانــەت نەیانـدەگوت ئێـوە کـێن، ئێمـەش بـەر لـە دیـتنی بـەقاز بــــوونی پــــەیمانگاو کۆلیــــژەکان، بــــەقاز بــــوونی پێشمەرگایەتیماندی، بەڵام نەکەس قیقـەی بـۆ کـردین، نە دەیانگوت ئێوە کێن و لە کوێوە هـاتوون، ئـاخر زۆرم

حەزلێبوو کەسێك تەنیا بڵێ ئێوە کێن؟ تا یەك سەعات قسەی بۆ بکەم و بڵێم ئەمە ئیدی پێشمەرگەین، وەکو ئێوەین و دەتوانین دوژمن بتۆقێنین، خۆشەویستی هەموو گوندوو شاریەکانین و وەکو ئێوەش ریشمان دەهێڵینەوە، بەلاّم کەس پرسیاری نەکرد.

هەر لە دەرەوەی بارەگا دەسوڕاینەوە، پیاوێکی زۆر نازدارو خاوەن هەڵوێست و قسەخۆشم ناسی ئەویش ناوی (حەمە یوسف) بوو، ئەو پێشمەرگەیە لە خزمەتی هەمواندا بوو، کەوی بەخێو دەکردوو پێموابێ کەوەکانی لە داکوبابی خۆشتر دەویستن، یەکەم دیدارمان دوای هەواڵ پرسین، پێی گوتین:

ئێوەن پێشمەرگە نوێیەکانن؟

گوتم بەڵێ.

هەر بەبێ چەندوو چوون گوتی: دەك لەفسێوبەم بەخودای بەعس بەمە نەروخێ بەئێوە زەحمەتە.

تووشی سەر سوڕمان هاتم، بەلاّم جوابم دایەوەو پێمگوت:

**لەنێو شاری لە فسێ هەندێك بەعسیانمان بردوون، هاتوینە ئێرە لە فسێ ئەوانی دیش ببەین.**

**حەمە یوسف گوتی: جارێ هییچوو پێنالێم لوسکەڵەی شارین، ئەلعان خودا هافیز.**

**قەفەزی کەوەکانی بەدەستەوە گرت و رۆی، ئەمەش هیچی دیمان نەگوت، بەڵام ئەحەی هاوڕێم گوتی:**

**کوڕە ئەویش پێماندەڵێ لووسکەڵە! قەینا کەوی لێن، هەر زۆر برسیمان بێت و خواردن نەمێنێ ئەوە لەفسێ ئەو کەوانە دەبەین و دەیانخۆین .**

**نیگەرانیەکانمان وردە وردە دەڕەوینەوەو خەریك دەبوو ئاشنایەتی لەگەڵ دارو بەردەکانی ئەوێش پەیداکەین، ئەوەی زۆر دڵخۆشی دەکردین یەکەم نەبوونی دووژمن لە دەوروبەرمان، تەواو ئازاد بووین، دووەم بارەگاکەمان شوێنی خەوتن و خواردنی لێبوو، چەند کاتژمێرێك هەر خەریکی چاوگێڕان بووین بە دەوری بارەگاکەوە، تەواوی سروشتی ئەوێمان تەنها بەچاو پشکنی، دەستمان بۆ هیچ نەدەبردوو**

نەشماندەوێرا دوور کەوینەوە، خۆ یەك کۆڵان و باڵەخانەی لێنەبوو، بەڵام دەبوو لەژێر فەرمانی ریشدارە نوورانیەکە دەرنەچین و تا جێگەورێگەی خۆمان نەزانین ئەو دەورو بەرە جێنەهێڵین، لەسەربانی بارەگاکە باگردێنێکی لێبوو هەرسێکمان لەوێ دانیشتبووین و ئەمن زیاتر لەدە جگەرەم کێشا باسمان لە ناو شار دەکردوو بەختیاریش دەیگوت:

ئاخ یەك جار بەچەکەوە بچمەوە ماڵێ و ئەو رزگارە خوێڕیە وەپێش خۆمدەم هیچم ناوێ، ئێمە لەنێو پرسیارو سەرسوڕمانی خۆماندابووین، کە بانگیان کردینە ژورەوەو گوتیان کاتی نانخواردنی نیوە رۆیە، کەچووین هەرکەسەو قاپێکی بە دەستەوە بوو، پێشمەرگە ماندووەکان هەستابوون و بەڵام هێشتا پشدێن و تاقم تفەنگەکانیان بە دیوارەوە هەڵپەساردبوو، سەرنجم لە مەنجەڵەکاندا دیتم برنج و شلەیان هەیە، ئیدی تەواو دڵنیا بووم کەمانەوە لە پێشمەرگایەتی قورس نییەو دەتوانین بەردەوام بین،

هەرچـــی گومـــان بێـــت بـــەو دوو ژەمـــە خـــواردن و خوارنەوەیــە نــەمانما، ئــاخر بیرۆهۆشــی ئێمــەی تــازە پێشـمەرگە تـەنها لای خـواردن و خـەوتن بـوو، هێشـتا مەترسی شـەڕو کەوتنـە خـوارەوەی تـۆپ و راجیمـەمان نـــەدیتبوو، بەســـەر کەمینـــدا نەکـــەوتبووین و رێـــی دوورمان نەبڕیبوو، هێشتان چەند کاتژمێرێك بەفرمان نەشێلابوو، بۆیە تەواو دڵخۆش و ئاسودە بـووین، بـەڵام دواتر ئەوەی کە زۆر نیگەرانی کـردین سـێ شـەو و سـێ رۆژ ماینەوە تەنانـەت ریشدارە نوورانیەکـەش لـەبارەی چارەنووسـی ئێمـە قسـەی لەگـەڵ نـەکردین، ئەوەنـدەنا بەرپرسـەکەمان بەکارێکیـدی رۆشـت و بۆمـان نـەبوو پرسیاری شوێنەکەشی بکەین، کەس نەیـدەگوت خـەڵکی کـوێن و بۆچـی هـاتوون، ئەگـەر گوێشـمان بـۆ هەنـدێ پرسـیاری ئـەوان هەڵخسـتبا هـەر زانیاریمـان دەسـت نەدەکەوت چوونکە دەیـانگوت حـزب دەزانـێ، بۆیـە لـەم نێوەندەدا هەموو شتیان دەزانی ئێمە نـەبێ، هەرچـەند دەمـانگوت بـۆ خەفـەریات و چـەکمان نـادەنێ؟ یـان بـۆ

لەگـەڵ خۆتـان نامانبـەن دەیـانگوت جـارێ زووە، بـا بەرپرسەکەمان بێتەوە، تـەواو وەرەز بـووین، هەسـتمان دەکـرد متمانـەمان پێناکـەن، بۆیـە دوای گەڕانـەوەی ریشدارە نوورانیەکە  شەوێك چومە لای پێمگوت:

چییە دەڵێی متمانـەمان پێناکـەن؟ ئـاخر لـەنێو شـار لەماڵی ئێمە نەدەمانەوە رەبییە ماوە نـارنجۆکی ئێـوەی هەڵنـەدەینێ؟ دیـوار مـاوە دروشمـەکانی ئێومـان لێنەنووسیبێ؟ یانی چی متمانـەمان پێناکـەن؟ ئـەویش زۆر بەنـەرم و حەلیمی وەڵامی دامەوەو گوتی:

هەر هیـچ نـەبێ ئێـوە لـە رێکخستنەکانی منـدابوون، دەیان جار ژیانی خۆم و چەندین پێشمەرگەم خستۆتە مستی ئێوە، باسی متمانە مەکە بەڵام بەرپرسی سیاسی و سەربازیمان لێرە نییە، تـا بـزانین لـەکوێتان دادەنـێن، هەروا بێتەوە بوونە پێشمەرگەش هێنـدە ئاسان نییـە، کێ دەڵێ وەك زۆرینەی جاران کە رویـداوە کەسوکارتان نایـەن و ناتـان بەنـەوە چوونکە هێشـتا ئێوە کـەمترین تاڵی و سوێریتان دیوە.

لـه قسـەکانی ئـەو ریشـدارە نورانییـە زۆر شـتم خوێنـدەوە، بـەڵام بـە دوو هاوڕێیەکـەی دیـم نـەگوت، مانەوەی ئێمە لەو بارەگایـە دوو هەفتـەی خایانـد، لـەو ماوەیەدا دووجاران ئەمەیان بردە فرۆشگاو شـتومەکیان پێهێنایـنـــەوە، وەك مـــەڕی دابەســـتەمان لێهـــاتبوو، هەموانمان ناسی و دڵنیا بووینەوە لەوەی کە پەیوەنـدی بـە متمانـەوە نییـە، چـوونکە بـەرۆژ چـەکی خۆیـان دەدایـــنێ و چـــەند جـــارێکیش فێـــرە هەڵوەشـــاندنی کلاشنکۆف و بەستنەوەیان کردین، ئەوە جگە لەوەی لـە ئامـادەکردنی خـواردن هاوکاریمـان دەکـردن، بۆیـە زۆر دڵنیا بووینەوە کە بەرپرسـە ریشـدارەکە قسـەی لەگـەڵ کردوون و ئـەوانیش رایـان تـەواو گۆڕابـوو، ئـەو رۆژانـە حەمـە یوسـفمان باشـتر ناسـی، بەتایبـەت مـام جـەبار هەمیشە باسی ئازایەتی و قسە خۆشەکانی بۆ دەکردین، تێگەیشـتین کـە هەرچـی ببینـێ لەفسـێیدەبا، کـەس هـەڵنابوێرێ و ئەگـەر کـەوەکانی نەیانخوێنـدبا ئـەوە لەفســێ وانیشــی دەبــرد، ئەوەنــدەنا لەفســێ ئـــەو

خواردنەشی دەبرد کە بەدڵی نەبا، لەوەش کەلێی دەنا، لەوانەش کە دەیانخوارد، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی قسەخۆش کە هەمیشە بەسەرهاتی بۆ دەگێڕاینەوەو تازەش برینداریەکەی چاك ببۆوە، هاتە ژورێ و سلاّوی لە هاوڕێیان کردوو بە حەمە یوسفی گوت: براژنێم ئی دەچۆنە؟

بەو پرسیارە حەمەیوسف ئاگری تێبەربوو، هەزارجنێوی سوکی پێدا، تاویدا تفەنگی، باش بوو هاوڕێیان پڕیاندایەو ئارامیان کردەوە، هەموان پێدەکەنین، ئەمەش لەنێو سەرسوڕمانی خۆماندا بووین، ئاخر ئەو تەنیا گوتی: براژنم ئیدەچۆنە؟ ئەو تورە بوونەی نەدەهێنا، دوای هێور بوونەوەی حەمە یوسف، هەموان چوونە دەرێ و ئێمەش بەدوایاندا، خۆم لە هاوڕێ حەمەیوسف نزیك کردەوەو پێم گوت:

ببورە پرسیارم هەیە، ئەویش چوونکە لەنیەتی ئێمە گەشت و دواتر تەواو ببوینە هاوڕێ و دۆست گوتی:

دەبلێ ئەتۆش قەندەکەت بشکێنەو هەی لەفسێت بەم.

ئـەمنیش گـوتم: خـۆ ئـەو هاوڕێیـە هیچـی خراپـی نەگوت، ئەتۆ بۆوا پڕتدایە؟

حەمەیوسف گوتی:

جەڵێ پڕتدایە بۆ سەی بەکاردێ هەی لـە فسێت بـەم، بڵـێ بـۆوای لێتوڕەبـووی، کـوڕە ئێـوە نـازانن ئـەو توتکەسـەگە مەخسـەدی چـی بـوو، دەسـتی رادێرایـە گردێکی کە چاڵە گڵێنجانیان پێدەگوت، دیاربوو گڵەبانی بارەگایەکـەش هـەر بـەو گڵـەی کرابـوو، مـاینێکی لێبەسترابۆوە، گوتی: ئەوەی بـە ژنـی منـداناوە چوونکە هـەرمن خزمـەتی دەکـەم و ئـالیکی دەدەمـێ وادەزانـێ سواری دەبم، شەرتبێ رەزگی ویمنابێ سواری ئەو ماینـە بەستەزمانەی نەبووم، ئەوجەلەی خۆ ئەوە یەکەمجاری نییە ئـەو ناماقوڵیـەی دەکا، هـەر لـەژووری نـەبم دەڵـێ ئەوە حەمە یوسف چۆتە کـن بـراژنێم، خـۆ لـەکن مـن نـاوێرێ ئـەو ناماقوڵیانـە بکـا، ئـەمما ئێـوەی شـك بـرد وایزانـی شـەرمتان لێدەکـەم و قسـان ناکـەم، ئـەوجا بەکوڕی خۆم بڵێم هەرکـەوەکانم بیانـەوێ بخـوێنن ئـەو

یــان تەنەکەیــەکی هەڵدەداتــە ســەر بــەردان، یــان فیشـەکێکی بەهەوایـدا دەتـەقێنێ و دەڵـێ لـە دەسـتم دەرچـوو، بۆتـە مـۆزڵی سـەری مـن، ئـەمن قـەتم کـەس نەتۆپاندووە بەوخودایەی رۆژێکی فسێدوایەی پێـدەدەم و دەڵێم لە پیتەم دەرچوو.

تێگەیشتم و زۆریش پێکەنیم، پێشم گوت:

کوڕە چەند توڕەبی زیاتر سەرتدەخاتەسـەر لێیگـەڕێ چدەڵێ بابڵێ، جەلێکیدی ئەوەندە توڕەمەبە.

لێی جیابوومەوەو چومەوە کن ئەحەو بەخەی، دیـتم وەرەزیـــان پێـــوە دیـــارە چـــیرۆکی حەمەیوســـفم بۆگێڕانەوەو زۆر پێکەنین.

هێندەی پێنەچوو مام جەبار لەدوومان هات و گـوتی: کۆبوونەوەتان هەیە، هەرسێکمان خەنی بووین، لە دڵـی خۆماندا گوتمان دیارە بەرپرسـەکان هاتوونـەوە، کەچـی وادەرنەچـوو، بەرپرسـێکی رەزاگـران هـات و قسـەی بـۆ کردین و دەیگوت:

ئێـوە دەتـوانن چـەك هـەڵگرن و بـە دەخەشـابەو كۆڵـە پشتێكەوە خۆ بـەنێو شـاریداكەن؟ داربـڕینی زسـتانان و بەفر ماڵین و نازانم چی وچی....پێشمەرگایەتی چـەند گــەورە كــرد دوو ئەوەنــدە ئەمــەی گچــكە كــردەوە، ئــــەمنیش ســـاڵانێكی زۆر بـــوو ســـەروكارم لەگـــەڵ پێشمەرگەدابوو بۆیە شەرمم لێنەكردوو گوتم:

بـۆ جـەنابت كەبوویـە پێشـمەرگە ئەوانـەی باسـی دەكەی لەنێو زگی داكت دەرت هێنـا بـوو، ئـەوەی گوتـت بەزیادەوە دەتوانین و بۆ كەیف و سەفا نەهاتوینە ئێرە، ئەگەر تەواوی ئەگەرەكانمان لە بەردەم خۆمان دانەنابێ چۆن ئەو بڕیارە دەدەین، پێشم گوت: ئێمە لەنێو هزری خۆمان دامانـنا بوو لە ژێـر تاشـە بـەردان بنـووین، نـانی رەق و گیاوگۆڵـان بخـۆین، كەچـی لێـرە هـەموو شـتێك هەیەو دەتوانین لە ئێوەش زیاتر بكەین.

پێشمەرگە رەزا قورسەكە كەپێم وابێ خوێندەواریشی نەبوو چوونكە قـەت كتێبێكی بەدەسـتەوە نـەدەگرت و

توانـای زۆر قسەکردنیشی نـەبوو بەخەندەیـەکی گاڵتـە ئامێزەوە گوتی:

ئێوە کـوڕی شـارین ئـاو قـونی تـەڕ نـەکردوون تـەنها زمانتان هەیە، ئەمن بۆوەمە ئەوەش کەیفی خۆتانە.

خــەریك بــوو هەربەگاڵتــە پێــی بڵــێم لــە هاتنمــان پاشەڵمان هەمووی تەڕ بووە و چەندین جار لـە ماسـی گـرتنێش هـەروا، بـەڵام ئـەو لێیـدا رۆشـت و بـەجێی هێشتین.

ئەحـەی هاوڕێمـان زۆر بێـدەنگ بـوو کـەمترین جـار قسەی دەکرد کە دیتی ئەمن تـوڕەم ئـەوجار هەڵیدایـەو گوتی:

جــاوەرە دایکیمــەگێ، ئەمەلەشــاری ئــەو نوێنــە گەرمونەرمەمان جێهێشتوەو هاتوینە نـاو بـۆن گۆریـان، ئـەتۆ بڕوانـە ئـەدی کچـە نازدارەکـانی نـاو قوتابخانـەو گـەڕەك، بـەو ژیانـە رازیـن ئـەو سـەرزلەش دەیـەوێ پەشیمانمان کاتەوە، بە چاوی منـداڵ تەماشـامان دەکـات شـەرتبێ ئـەو بەرپرسـەی باسـی دەکـەن بێـت شـکاتی

**لێدەکەم، دەبێت لە ژوورێی بئاخنن، بە دەستی خۆم قولزەلقۆرتی بۆدەبەم.**

**بەختیاریش گوتی: با هەر لەورگیخۆیدا، ئەمن هاتووم تۆڵە لە رزگارو بەعس بکەمەوە ئەتۆ راوەستە با چەکم بدەنێ.**

**منیش کە لەوان گەورەترو بە ئەزموون تریش بووم، بۆیە هێورم کردنەوەو پێم گوتن:**

**خەمتان نەبێ ئەو گلەییە دەکەم بەڵام وانابێ، چارەیدی هەیە تەنیا سەبرتان هەبێ .**

**تاچەند رۆژێکیدی هەروەك خۆمان ماینەوە، ئەو بەرپرسە سیاسییە هەرنەهات، بەیانیەکی زوو هێشتا ئێمە لە ژوورەوە لەسەر نانخواردن بووین مام جەبارو دوو پێشمەرگە خۆیان حازر کردبوو بچن بۆ فرۆشگا، ئاخر زۆرجاران مام جەبار هەتا وەرەز نەبین ئەمەی لەگەڵ خۆی دەبرد، کەچی ئەو بەیانییە هەرسێکمان گوێمان لێبوو پێشمەرگە رەزا گرانەکە کە ساردیەك کەوتبۆ نێوانمان گوتی:**

مـــام جــەبار ســێ قوتـــوو شـــیریش بێنـــە، ئـــەمن بەســـەرخۆم نـــەهێناو بـــەڵام بـــەختیاری هاوشـــاریم لەسەرســفرەی بــەیانی دانیشــتبوو و پــارویێکی پــەنیری بەدەستەوە بوو، هەموو لەشیشی کردبوو بەگوێ بۆ ئەو پێشـمەرگە رەزا گرانــەی بــەدزی و بەئاشــکرا دژایــەتی دەکردین، بەختیار پاروەکەی فڕێداو گوتی :

خــۆ ئــەو ســەگبابە ئــەو قســەی لەگــەڵ ئێمــە بــوو، ئێســـتاش وادەزانـــێ شـــیرە خـــۆرەین هـــەرگیز نـــابێ بەســەریەوە بچــێ، ئــەمنیش تــەواو دڵنیــا بــووم لەگــەڵ ئێمەیەتی بەڵام هەر هێورم کردەوەو گوتم:

ئەوجارەی بەرەقی قسەی لەگەڵ دەکەم.

ئــەو بەیانییــە هیچــمان نانمــان پێنــەخورا چــوونکە هەســتمان بــەبارگرانی دەکــرد کــە بــۆ پێشــمەرگەکانمان درووست کردبێ، حەمــە یوســف تــازە لەشــاری گــەڕابۆوە دەســتێك رانکوچۆغەی جـوانی لەبـەر بـوو، کـە ئەمـەی بەلاوازی دیت، گوتی:

ئەوە کێ عاجزی کردوون هەتا لەفسێی بەم؟

ئـەمیش جـوابم دایـەوەو گـووتم: ئـی تـۆ بـەوی پـیس ناکەم بۆخۆم لە فسێی دەبەم.

حەمــە یوســف لــە نیگــەرانی ئێمــە گەشــت و زۆر لەبـەرمان پاڕایـەوە نـانی بخـۆین نـەمانخوارد، بۆیـە بـە تــەنێ چــوومە دەرێ، زۆر لــە ڕەزاگرانەکــە گــەڕام نەمدیتــەوە، جگــەرە لــەدوای جگــەرەم پێــدەکرد، کــە هاتمـەوە بـەردەرگای بارەگاکـەمان هـەردوو هاوڕێیەکـەم بــە مــڕو مۆچــی لەســەر کۆلکــە بەڕویــەکی بــڕاوەی ئەستوور دانیشتبوون، چوومە لایـان و تێمگەیانـدن کـە لەو ڕەزا گرانە دەگەڕام.

پێشـمەرگەیەك خـەریکی نـان حـازر کـردن بـوو، بـۆ نیوەڕۆیە، دەیزانی توڕەو بێـزارین، بـۆ دڵنـەوایمان پێـی گوتم: خەریکی ئاور کردنـەوەم ئەگـەر هەنـدێ قلێشـکە دارم لەسەر ئەو بیشە دارانـەی بـەر هـەیوانێ بـۆ بێنـی، ئەحە یەکپێ ڕاست بۆوەو چوو باوەشێك داری بۆهێنـاو هــەر لــەناو ئاگردانەکــە کــە لــە بــەردەمی هــەیوانێ

درووســت کرابــوو ئاوریــان کــردەوەو مەنجەڵــە ئاویــان وەسەرنا.

سەرتان نەیەشێنم تا بەرەبەری نیوەڕۆیە ئەوجار مام جەبارو وان هاتنەوەو بەڵام کە بەدەرکەوتن ئەویشیان لەگەڵ بوو، یەکسەر چوومە سەر ڕێی و پێمگوت:

کە جەنابت دەچیە فرۆشگا بۆ بـەمام جـەبار دەڵێـی قوتــووە شــیر بــێنی؟ شــەرم ناکــەی لــەجیاتی ئــەوەی پێتخۆشـبێ هـاوڕێی دڵسـۆزت بـۆ زیـاد دەبـێ بێزارمـان دەکــەی؟ ئــەتۆ دەزانــی بەقــەد بــاڵای تــۆ کتێبمــان خوێندۆتــەوە هەناســەکانت دەزانــین چــی تێدایــە خــۆ منداڵ نین، لەشاری مابینایەوە دوور نەبوو ئەمن ببمە پزیشـکی دەروونــی و ئــەوکات دەهــاتم چارەســەری تــۆم دەکرد، هەی نەخوێندەوار باشە حزب چکارێکی بەتۆیە وەری گرتووی و ئێمەش دوادەخا، ها بـزانم شـیرت هێنـا هــەتا بــۆ هاوڕێیــەکانمی بگرمــەوەو بــە چرۆچــاوتدا بڕشێنەوە؟

کـە پێشـمەرگە ڕەزاگرانەکـە ئـەو حـەماس و تـوڕە بوونەی منیدی بارەکەی دانـاو چاوەڕێی ئـەوەم دەکـرد وەنـاو یـەك کـەوین، هـەر لـەوێ شـەڕی هـاوڕێ کـوڕی دەسـت پێبکـات، ئەحـەو بـەختیاریش سـەرو گاشـە بەردیان لە مستی نابوو تـا وەك سـەی بیتـۆپێنن، بـەڵام دیار بـوو مـام جـەبار لـە ڕێیـە نسحەتی کردبـوو، بۆیـە هـات و دەسـتی لـە ملـی کـردم و زۆر داوای لێبـووردنی کرد، دەیگوت :

کوڕە ئـەمن سوعبەتچیم و چوزانم بـەو قسانە تـوڕە دەبـن، شـەرتبێ لەخـەمی ئێـوەدام ئەمـەش هـاوڕێی یـەکترین، ئـەوجار دۆسـت دەتگرێنـێ و دووژمـن پێتپێدەکـەنێ، ئـەوەی گوتوومـە لـە دڵسـۆزیمەوە بـووە داوای لێبـووردن دەکـەم و بابـە جارێکیـدی ئـەو سوعبەتانە ناکەم.

بۆخـۆم لـێم وەرگـرت و بـەڵام هاوڕێکانیـدی گوتیـان: چـوونکە داوای لێبـووردنی لەمـە نـەکردووە لێـی خـۆش

نـابین، هـەر ئـەو رۆژە لەگـەڵ مـام جـەبار دانیشـتین و ئەویش

ریشی لە بارەگایان سپی کردبوو، پێی گوتین:

کوڕەکانم بەو خودایەی وەروناگرن بەرپرسی سیاسـی بێتــەوە لەوانیــدی تونــدترە وەك بیســتوومە دووتــان شەشتان تەواو کردوەو یەکیشتان ماویەتی، جا بەقسەی مامی خۆتان دەکەن هەتا تەواو لەشاری لـە چاوان بـزر نەبوون بچنەوە، چونکە ئەمن ئەوە بۆ بیست و قسوور ساڵە لێرەم پێشمەرگەی لـە تەمـەنی وەم نـەدیوە، ئـیللا ئەو منداڵانەی لەگەڵ داکیـان لێـرەن، ئـەمنیش لـە دڵـی خۆمدا گوتم:

خۆ مام جەباریش بە منداڵمان دادەنێ، بەڵام چونکە ئەو پیـاوە زۆر بـەرێز بـوو وەکـو منـداڵی خـۆی تەماشـا دەکــردین، بۆیــە قســەمان نــەکردوو، ئــەو رۆشــت و هەرسـێکمان بڕیارمانـدا بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ ریشـدارە نوورانیەکـەی هاوڕێمـان بگەڕێینـەوە نـاو شـار، لـە راستیشدا هەرسێکمان وەرەز ببوین، ئاخر هەر خەریکی

خواردن و نووستن بووین، هەستمان دەکرد بارگرانین بەسەریانەوەو خەریکە ئێسکمان قورس دەبێت، هەروا بێتەوە ئەوێش، بیری کچۆڵەکانی شاری و جل ئوتوو کردن و بەدزی خواردنەوەمان دەکرد، ئەوە جگە لەوەی بۆ یەکەم جارمان بوو یەك دوو حەوتوان خۆ نەشۆین، پرچم ئالۆز ببون و بۆن ئارەقەمان گرتبوو، هەموو جارێ ئەحە دەیگوت: کوڕە زۆر سەیرە هەمان سابوونی شاری لێرە هەیە کەچی کەفێ ناکا شەرتبێ خۆ بەو ئاوە ساردەی بشۆم دوو حەفتان گەرمم نابێتەوە.

بەکورتیەکەی ئەگەر بۆ خۆشوشتنێك و پیاسەکی چاو چاوێنێشبا حەزمان لێبوو بگەڕێینەوە شار، ئاخر قون شوشتنەوەش بەو ئاوە ساردەی ئەوێ زۆر ناخۆش بوو، هەروابێتەوە ئەمن جار جار کتێبێکم بە دەستەوە دەگرت و دەمخوێندەوە، بەختیارو ئەحە ئەوەشیان نەدەکرد، بۆیە چوومە لای مام جەبارو تێمگەیاند کە بڕیاری گەڕانەوەمان داوە، ئەویش گوتی:

**ئەدی راناوەستن تا بەرپرسی شارتان دەگەڕێتەوە؟**

**ئەمنیش گوتم:**

**نا لە نێو شار دەیبینین، ئەمە خۆمان کۆکردبۆوە چاوەڕێی شەومان دەکرد تا لەگەڵ قاچاخچیان بڕۆین بەڵام مام جەبار گوتی:**

**هەرگیز نابێ ئێوە ئامانەتی منن هەتا مەفرەزەی خۆمان نەگەڕێتەوە ناهێڵم بڕۆن، ئەو شەوە مام جەبار هەر چاودێری ئێمەی دەکردوو پێشمەرگەکانیشی تێگەیاندبوو کە نەهێڵن بڕۆین، زوو زوو دەهاتە لامان و قسەی خۆشی بۆ دەکردین ئەمیش دەمێك بوو پرسیارێك هەراسانی کردبووم و دەمویست لە مام جەباری بکەم ئەمما غیرەتم نەیدەهێنا ئەو ساتەم بەدەرفەت زانی و غیرەتمدایە بەر خۆم و گوتم :**

**مام جەبار پرسیارێکم هەیە ئەگەر لێم وەرگری و تووڕە نەبی؟**

**گوتی: بلێ کوڕم ئەمن لە ژیانمدا یەك جار تووڕەبووم ئەوپەڕەکەی دەبێتە دوو.**

گوتم: مادام نایلێم.

گوتی: شەرتبێ دەبێت پێم بلێی و بەلێنیش دەدەم توڕە نەبم.

پێمگوت:

باشە ئەوە پازدە بیست رۆژێك دەبێت لێرەین، ئەتۆ نەچویەتییە شار هەروابێتەوە چەكیش هەلناگری و یەك شتومەكیشت بۆنایا، ئەتۆ ماڵ و منداڵ یان هیچ كەسێكت نییە؟

مام جەبار كە تەواو گوێی بۆ پرسیارەكەم قولاغ كردبوو، كیسە تووتنەكەی كردەوەو بە پەڕە سیگاری جگەرەیەكی پێچایەوەو بە ئاخ و ئۆفێكی قوڵەوە گوتی:

كوڕم، خۆشم بۆنی هەمان پرسیارم دەكرد، چۆن ماڵومنداڵم نییە! لە جیاتی ژنێك دووانم هەبوو، هەر ئەو دووژنییە بوو ئاگری لە خۆم و هەموان بەردا، ئاوارەی كردم و قوڕبەسەری كردم، ئەو چیرۆكەی بۆتان باس دەكەم هیوادارم سودی لێوەرگرن، هەتا ئێوەش دووچاری ئەو ناخۆشیانە نەبن كە بەسەرم هات.

حیکایەتەکەی من لێرەوە دەستپێدەکات( لە تەرەفی لاویەتیدا بووم بێوەژنێکی جیرانمان وردە وردە خۆی لێنزیك دەکردمەوە، هەرجارەی بە بیانوویەك بانگی دەکردم و کارێکی ماڵێی پێدەکردم، سەرەتا هەر بەداکمی دەگوت جەبووریم بۆ بنێرە سەلاجەکەم کارناکا، ئیدی بەمن فێر بوو، هەموو جارێکیش بۆنی خۆشی لە خۆی دەداو ماکسیەکی تەسکی لەبەر دەکرد سمتە خڕەکانی بەولاولایاندا دەبرد، بەدیتنی ئەو گۆشتە تورت و لەبارە ئەمن هەر ئاگام لەخۆم نەدەما، عەرزی بەجەنابتان بکەم، جارێکیان بەفێڵی باول هەڵگرتنەوەو لەسەر سندووق دانانێ، بردمییە ماڵی خۆیان، بەرە بەری عەسرێ بوو، هەر کەوەژوور کەوتم ماکسیەکی نوێی لەبەربوو بە فێڵی پیس بوون و دڕانی هەر لەبەرچاوی من هەڵیکردوو دواتر لەبەرخۆی دانا، رانەکانی کەهەر لە کەلەم دەچوون ژوورەکەی روناك کردەوە، تەزوویەك نازانم لەکوێوەهات هەناسەی سوار کردم، یەکسەر بۆنی شتێکیم کرد، چوونکە پێشتر

پـارێزی بـۆ هێنـابووم، لـە ژێـرەوەش لیباسـێکی پیـازی لەبەر بوو، لـە حـەیاتم شـتیوام نەلـە فیلمـی دیبـوو، نـە بەرستەی مالآن و رستەی خۆشمانەوە هەڵخرابوو، ئاخر ئـاوەڵکراس و دەرپێـی بنــەوەو ژێرکـراس و مەمکـدانم دیبوون، ئەمما ئەو لیباسەنا، نەوەڵڵا قەتم نەدیبوو.

دوایە کە بوینە ژنومێرد زانیم ئەوە جلی نووسـتنە، ئــەو شــتە هێنــدە تــەنکو لــووس بــوو هــەموو گۆشــتە سـپیەکەی لـەبنڕا دیـار بـوو، هـەر کـە پشـتی تێکـردم سـەرنجم چـووە سـەر خڕایـی سمتـی، ئـاوڕی دایـەوەو پێکــەنی، هــەر ئــەوجارەی بــە فێڵــی جولآنــدنی کەنتۆرەکـەی، کـە هـەرجارەی بـەفێڵێك ئـەولاو ئـەولای ژوورێـی پێـدەکرد، لەپشـتەوەیڕا ئـەمنی بـە دیواریـەوە نووسـاند، کـەلێن و نــەرماتی سمتــی دەمـاری پیـاوەتی وەکارخستم، ئێ ئەمیش تازە خەتی سمێڵم دابـوو تونـد لێمچــەقاندو هــەردوو دەســتم خســتنە ســەر مەمکـە خڕەکانی، ئەویش چوونکە پێشتر ئـەو بەزمـەی لەگـەڵ مێـردی زۆر کردبـوو، دوایـەش بەزمەکـەی لـێ بڕابـوو،

بۆیە زۆر برسی بوو، منیش گەنجێکی جوان و جحێڵ بووم، هەروابێتەوە سەبری ئەییوبیشم نەما، دواتر هەردوو دەستم ئاودیوی قەدوبالأی کرد، ئەویش نەیکردە نامەردی توند بەخۆیەوە نووساندم و بەجۆرێك رایدەمووسیم تا ئاستی ئەوەی هەموو جوانەکانی دنیام لەویدا دەدی، کەماچی دەکردم زۆر لە ماچی داکم و ئەوانیدی خۆشتر بوو، چونکە دەمی دەخستە ناودەمم و ئەمن خەریك دەبوو لەهۆش خۆم بچم، هەزارجاری خۆبەقوربان کردم، ئەوجار بەکوڕەکانی خۆم بڵێم هەر لەو رۆژەیڕا شەرمم شکاو تەواو ئاوێتەی یەکتری بووین، ئەوەی کە زۆریش سەرسامی کردم، تا خۆی نەشوشتبا لەمێزی نەدەگرتم، کوڕە بۆنێکی لێدەهات، بەفەخری عالەم سەد لەبۆنی مێخەکو گولأوی خۆشتر بوو، ئێستاش ئەو بۆنەم لەناو لوتییە، بەکورتیەکەی دڵمی بۆ خۆی بردوو عاشقی بووم، داکم بەو کەین و بەینەی من و بێوەژنەکەی زانی، چوونکە هەموو رۆژێ کە بابم دەچۆ دەرێ، ئیدی

هەر ڕۆژەو بە فێڵێك بێوەژن دەهات و داوای دەكردم، ئەگەرچی داكم زۆر ئامۆژگاری دەكردم، دەشیزانی هەر بەئاشكرا نا، بەدزیش دەچمە وێ، بەڵام نەغیرەتی هەبوو بە بابم بڵێ، نەدەشیتوانی ڕێگە لەمن بگرێ، سەرەتا هەر بە ئیزنی وی دەچووم، ئەمیش بابی خۆم باش دەناسی بۆیە نەمدەوێرا پێی بڵێم، داكیشم هەر هیچ، ئەمما ڕۆژێك لەژێر فشاری بێوەژنەو حەزی خۆم ، تینم دایە بەرخۆم و بەرەنگێكی پەڕیوەوە بەبابم گوت:

ژنم دەوێ.

ئەویش كە هەر بە شۆخی وەرگرت پێی گوتم خوا بتداتێ.

كە سوور بوونی خۆم بۆ دووپات كردەوە پێی گوتم:

كوڕم هێشتا منداڵی و كوا دەتوانی خێزان درووستكەی ئەوجار حاڵی بابیشت دەزانی كە ناتوانم خەرجی ژنەكەت بۆ دابین بكەم، منیش پێم گوت :

ئەتۆ هەقت نەبێ و ئەمن پێکیدێنم.

هەروەك گوتیشم داکم بە سەین و بەینی من و بێوەژنەکەی زانیبوو بەلاّم نەیدەوێرا لای باوکم باسی بکات دەیزانی شێتوهار دەبێت، لەو کاتەش کە پێمگوت، داکم دەمی ئەوەندە داپچڕیبوو، سەرتان نەیەشێنم تەواوی باسەکەم بۆ بابم باسکرد، ئەو نوتقی گیرابوو چەندی قسەم بۆ دەکرد ئەو رەنگی زیاتر تێك دەچوو، نێوچەوانی گرژو لایەکی لێوی بەلەرزین کەوت، جیڕە جیڕ لە ددانەکانیەوە دەهات، سوور داگەڕاو دیمەنێکی ئێجگار ترسناکی هەبوو، تەپڵەکێکی جگەرەی بۆ راوەشاندم خۆم لانەدابا نیوە عومری دەکردم، هەستا سەر پێیان، دایکم بۆی لە بۆسەدابوو دەیزانی خراپ دەیقەومێنێ، وەهای خۆراپسکاند، هەرچی قۆپچەی کراسەکەی هەبوو بەگۆڕێ وەربوو، دایکم نەبا شوێنی ساغی نەدەهێشم، بۆیە بابمی گرت و نەیهێشت لێمدا، بەلاّم یەك دنیا جنێوی ناشیرنی پێدام و چی دووعای خراپە لێی کردم، دەستی دەلەرزی و هەرچی دەکرد

نەیــدەتوانی شــقارتەکەی پێکــات تــا جگەرەکــەی داگیرسـێنێ، چـونکە هـەر کـە دەنکـە شـقارتەکە گـڕی دەگـرت ئـەو هەناسـەی ئەوەنـدە تونـدی دەدا دەکـوژاوە، دوواجار پێی گوتم: ئەو باسەی لە مێشکم بەرمە دەرێ، ئەگەرنا نەیەمەوە ماڵێ.

ئێ منیش لاو بووم و بێوەژنـەکـەش لـەزەتێکی وەهـای دابوومێ کە نـە لـەماڵێ و نـە لەیـەك شـوێنیدی دەسـتم دەکــەوت، لەراستیشــدا عاشــقی ببــووم، هەســتمدەکرد هەمیشــە لــە مێشــکمدایە، بۆیــە باوەشــێکی ئــەوم بــە هــەموو دنیــا نەدەگۆڕیــەوە، دایکــم لــەمن و بــاوکم دەپاڕایەوەو دەلاڵایـەوە، بـەلاّم سـوودی نـەبوو، چـوونکە ئــەو هێــور نــەدەبۆوەو ئــەمنیش جگــە لــەوەی زگــم بەدایکم دەسوتا، دوو ئەوەندە رقـم لـەبابم هەسـتا بـوو، بەینی خۆمان بێت شوێنێکی خۆشتریشم شـکدەبرد، کـە لـەماڵی بـاوان دەسـت نەدەکـەوت، سـەرتان نەیەشـێنم ئەوشــەوە هــەر کەچــوومە دەرێ رێــك خــۆم بــەماڵی بێوەژنەکەیـدا کـردوو ئـەوەی لـەماڵی خۆمـان رویـدا

هـەموویم بـۆ گێڕایـەوە، ئـەویش لەباوەشـێی کـردم و گوتی:

نـەدەبوو بـۆ خـۆت پێـی بڵێـی، دەبـوو دایکـت لەسـەر جێیان یان کەسێکیدی راسپاردبا، بـەلاّم قـەینا ئـەمنت هەم هەتا ماوی لەسەرچاوانت دادەنێم.

هەر بەراستیش وابوو چوونکە ئەو بێوەژنە ماڵوحاڵی خۆی هەبوو، مێردەکەی لە شـەڕی قادسیەی کوژرابـوو، کەسوکاری خۆشـی لـەو ولاّتـەی ئێمـە نـەمابوون و بـەر لەرۆیشتنیان کچە عازەبەکـەیان بەشـوو دابـوو، ئـەویش تەنها یەك دوومانگ بەیەکەوە ببوون و مەیتەکەیان بۆ هێنا بۆوە ماڵێ، ماڵـە خەزووریشـی زۆریـان حەولـدابوو بیبەنەوە لایخۆیان گوتبـووی مـاڵی خـۆم تێکنـادەم، ئـەو شــەوەش ئــەمنی دانــاو زۆر ئامۆژگــاری کــردم، تێــی گەیانــدم کــەمن لــەو بچـوکترم و ئەگــەر پێــی رازیــبم نایــەڵێ هەرچــی کەموکوڕیــە هــەمبێ، کــارم بــۆ دەدۆزێتـەوەو دەسـتم پێـوەدەگرێ، ئـەوەی کـە زۆریـش بەویەوە نووساندم هەر ئەو شەوە بوو، بردمییە حەمام

و جوان جوان شوشتمی خۆ هێنده منداڵ نەبووم هەرچەند ساڵێك لەو گچکەتر بووم، بەلاّم وای شوشتم قەد داکم وای نەشووشتبووم، خۆشی خاوێن کردەوەو دوای کاتژمێر دوازده بردمییە بنجێی خۆی، ئاخر لەدوای ئەو کاتە کەس نەیدەتوانی سەردانی کەس بکا بەتایبەت ماڵە باوانی مێرده کۆچکردوەکەی، بۆیە تائەوکات رایگرتم، هەر کەچووشینە بنجێی، بەجۆرێك ئەمنی دەلستەوە قەت شتیوام بە خەونیش نەدیبوو ، وەك منداڵ هەردوو مەمکی دەخستە نێو دەممەوە ئەگەرچی ئەمن کەمئەزموون بووم و حەزم لەو شتە نەبوو بەلاّم چوونکە ئەو پێی خۆش بوو دلّیم نەدەشکاند، دەممژیو ملّچە ملّچم لێوەدێنا، ئاخوئۆفێکی دەکرد، هەرزراوی منی برد، گوتم: ئەوە بۆ دەگریەی خۆ قەپالّم لێنەداوە؟

ئەویش بەئاخوئۆفەوە گوتی: دەك بەباوەت دەبەرمرم بیمژە زۆر خۆشە.

تێگەیشتم ئەو لەزەت لەوەی دەبینێ ئەمما ئەمن نا.

هــەرجارێکیش کەلەســەرم هەڵدەخلیســکا، خــۆی دەهاویشــتەوە ســەرم و لــە دوای هــەموو ئاســوودە بوونێکیش پشوویەکی باشی وەردەگرت و جارێکی دی هەمان لەزەت و حەزی دەدامێ بەجۆرێك کەوتبووینە ناو یەکتری هەموو شەڕو شۆڕەکانی ماڵمان و ترس و دڵە راوکێیەکی لەبیر بردمەوە، دواى هەموو ئەو بەزم و رەزمانە پێی گوتم:

جەبووری گیان ئەگەر بەراستی منت بوێ ئەوا کارێك دەکەم زۆر بە سانایی بگەینە یەکو وەکو ژنومێرد، بەبێ ترس هەموو شەوێ ئەو حەزو ئارەزوانەم دەداتێ و نایەڵێش قەت کەموکوڕیم هەبێ.

سەرتان نەیەشێنم بۆسبەینێیەکی درەنگ لە خەو هەستاین، پێموابێ هەر یەکدوو سەعاتان نووستین، نان و چایەکی وەهای بۆحازر کردبووم نەبێتەوە، ئەمنی بەدزی جیرانان کردەدەرێ و پێشی گوتم:

نەکەی شەڕو شۆڕ لەگەڵ باوکت بکەی هەوڵدە بە هێمنی کێشەکەت حەلکە، لای برادەرو کەسیش باسی

ئەوشۆ نەکەی، کەنگینیش حـەزت لێبـوو دوور لەچاوی خەڵك وەرەوە، ماڵی خۆتە.

بەڵام وامنـەکرد، هەسـتام لەڕێگـەی خـزم و خـەڵکی ئاواییەوە هەتا سومعەی ژنەو ئیمەش نەچێ بەبێ بـاب وداك هەندێ خزم و ناسیاوم تێگەیانـدن، بەتایبـەتیش ئامۆزایـەکی هـاوکوفی خـۆم کـە پێشـتر بـە نهێنیەکـەی دەزانی، دەشـیزانی ئەگـەر زوو ئـەو کـارە نەکـەم هێنـدە عاشـق بـووم دوور نییـە دووژمنایەتییـەك لـەم بەینـەدا درووســت بێــت، بۆیــە بــە کونفەیــەکونێك کــە هــەر هەفتەیەکی خایاند، ئەو چەند شـەو و رۆژەش هـەر لـە مــاڵی ئامۆزایەکــەم بــووم، مامیشــم زۆری ئامۆژگــاری کردم، بەڵام دوایە تێگەیی کە کارلـەکار تـرازاوەو عاشـق بـووم، تێکـەڵی بـووم و لـەو بـترازێ کەسـیدی بەکـەڵکی مننایە، ئێوارەیەکی خوازبێنیم کـردوو هـەر ئـەو شـەوە ژنەم مارەکردوو هەرچی پێداویستی خۆیـەتی هـەر بـە پـارەیخۆی کـڕی و ئەمنیشـی پۆشـتە کـردوو چـوومەوە سەر ماڵی حازری.

ژنــه مووچــه‌ی شــه‌هیدانه‌ی وه‌رده‌گــرت و ئــه‌منیش ورده ورده ســوکه‌ڵه ئیشــم ده‌کــردوو خــه‌ریکی کاروبــاری کاره‌با بــه‌ســتن بــووم، لــه مــاوه‌ی ســێ ســاڵان دوو منــداڵم لێی بوو، هه‌موو ئه‌و به‌ڵێنانه‌ی به‌منی دابوو به‌زیاده‌وه بۆی ده‌کردم، ژیانێکی هه‌رچه‌ند بلێی خۆشمان هه‌بوو، بابیشم له خه‌م و خه‌فه‌تی من ئـه‌و خـانوه‌ی فرۆشـت و چووه گه‌ڕکێکی دوور له‌مه.

ته‌مــه‌ن هــاتووڕۆی مــاوه‌ی حــه‌وت ســالأن به‌یه‌کــه‌وه ژیانێکی خۆشمـان ده‌بـرده ســه‌ر منـداڵمان گـه‌وره ببـوو، ئه‌میش له دایه‌ره‌ی کاره‌بای ته‌عین کرام، چوونکه هـه‌ر بۆخـۆم ئیشـی کاره‌بـام ده‌کـرد، هـه‌تا ئـه‌وکاتیش جگـه له‌دایکم که به‌دزی ده‌هاته لام و ماچی ده‌کردم و چـه‌ند ســوکه جنێوێکیشــی بــه ژنه‌کــه‌م ده‌دا، بــه‌لأم هــه‌رگیز ژنه‌کـه‌م وه‌لأمـی نه‌ده‌دایـه‌وه‌و به‌ڵکـه رێزێکـی زۆریشـی لێـده‌گرت، یـه‌ك که‌سـوکارم سـه‌ردانیان نـه‌ده‌کردم، دوو جــه‌ژنان چــوومه مــاڵی بــابم ده‌ریــانکردم، لــه‌وێ لــه دایه‌ره‌ی کاره‌با زۆر به‌جوانی ده‌وامـی خۆمـده‌کرد، هـه‌ر

ئەوەنــدەم خــۆش بــوو تــا دوو مووچــەم وەرگــرت، کچـۆڵەیەکی خـرپن کـە لەشـاری سـلێمانیەوە هـاتبوو جارێکیدی هـەروەکو زەمـانی بێوەژنەکـەی دەورو خـولی دەدام، جارێکیان ژنەکەم هاتە دائیرەی پێمبڵێ حەزم لـە چییە بۆملێنێ، کچە خرپنەکە دوایی هاتە لام و گوتی:

ئەوە دایکت بوو؟

وەك لـە سـەربانێك بەرمدەنــەوە وابـوو، لەراسـتیدا جیـاوازی مـن و ئـەو زۆر نـەبوو بـەڵام چوونکە یەکـەم خۆشمدەویســت، دووەم منــداڵی ببــوو دوو مێردیشــی کردبـوو، بۆیـە تەمـەنی پێـوە دیـاربوو، هـەرگیز ئـەو جیاوازیەم نـەدەدی کـە لـە نێوانمـان هـەبوو، بـەڵام لـەو رۆژەوە خورپەیەك بە دڵمـداهات، کەوتمـە بیرکردنـەوە، کچە زۆرزانە خرپنەکەش کە زانی ژنەکەم بێوەژن بووە هێناومەو لە خۆم گەورەترە هێندەیدی گرنگی پێدەدام، دەهاتە لام و دەیگوت:

بەسـاقەی ئـەو سمێڵـە تەنکـەتبم چـام بـۆ هێنـاوی تامیکە بزانە وەك خۆم شیرینە؟

عـەرزی بـە جـەنابتان دەكـەم جارێكیـدی عاشـق بوومەوە، ئاخر زۆر جاران شـەیتان دەهاتـە كەوڵمـەوەو پێی دەگوتم: هەتیو ئەتۆ تـامی كچانت نـەكردووە هـەر دەبێـت بیكـەی، دەنـا تەمـەنت بـە بـەلاش دەڕوا، لــە راسـتیدا ئـەوكاتی گـەنجێكی زۆر جـوان بـووم، بـەلاّم شەهادەم نەبوو نەمدەوێرا خۆ لەكچە شاریاندەم، ئـەو بێوەژنــە ئـەمنی دۆزیـەوەو دواجـاریش كچـە شـاریەك خستمیە باوەشی خۆی.

دووساڵ بەسەر ئەو كەین و بەینـەی ئێمـەدا رەتبـوو، جارێكیان كچەتیوو زۆر بە گەرموگوڕی لێمهاتە پێش و ئەو ئێوارەیە خەفەر بووم كچە شاریەكەش لە تەنیشت دایەرەی دیوێكی بۆخۆی لەنێو مالاّندا بـەكریّ گرتبـوو، وەژوور كــەوت و ئەوەنـــدە خـــۆی ناســك كـــردەوە بەتایبـەتیش ماكسیەكی شـاریانەی لەبـەركردبوو هـەر دەتگـوت ماسـییە لەوێـدا، یەخـەی كرابـۆوە جووتــە مەمكەكانی قیت كردبۆوە زۆر لە گوڵـە رێـواس دەچوو، گۆیـەكانی وەك گێـوژی پـایزان زەقببوونـەوە، سوراو و

سپیاوی هێن عەنتیکەی لە خۆی دابوو هەر لە ژنە میسریەکان دەچوو، ئەوانەی لە تەلەفزیۆنەکەی بەغدایێ پیشانی دەدا، خۆی لێنزیك کردمەوە بۆنێکی لەخۆی دابوو نەك دڵێك هەزار دڵی بۆ حەیران دەبوو، پێی گوتم: جەبەگیان.

کوڕە هێن بەناسکی ناوی هێنام خەریك بوو هەر خۆم نەناسمەوە، ئاخر پێشتر بابم هەر بە گامێش و پالأخ و بەراز بانگی دەکردم، بۆیە چاوێکم لەپشتی خۆمکرد تا دڵنیا ببمەوە بزانم لەگەڵ منیەتی، گوتم: گیانی جەبە.

گوتی: کەس هەیە لەمن جوانتر؟

لێی نزیك بوومەوەو گوتم: نەوەڵڵا دەڵێی پەری، بابانخەرابوو ئەوە چت لەخۆت کردووە؟

پەنجە ناسکەکانی بە ریشمداهێناو سەری بەسینگی کردم بێیەکو دوو خۆی لە باوەشێ هاویشتم، ئەوجا گوتی:

جەبـەگیان لـە تـۆ بـترازێ کەسـیدی شـکنابەم، لـەو دایــەرەش لــەتۆی جـوانترو قـۆزتری تێدانییــە، هــەر لەیەکەم دیتنەوە شەیدات بووم، هەی بەساقەت بم.

سەرو نەهێشێنم ئـاوێزانی یـەکتری بـووین، ئارەقـەی رەش و شینمان دەردا بەکورەکانی خـۆم بڵێم: ئەوەنـدە خرپنبوو پەنجەکانم لە ناو سمت و سینگیدا قمدەبوو، ئـەو مەلعونـە مـەکرو نـازێکی دەکـرد مـردووی زینـدوو دەکردەوە، ئەوەی ژنەکەم لە شەوی دەرکـردنم لـە مـاڵی خۆیان دایمێ ئەمنیش هەروام لەویکرد، ئـەویش کـە تـا ئێستا ئەو لەزەتەی نەدیبوو بۆیە کارلەکار ترازاو ئیدی ئەو چیدی بە پاکیزەیی نەمایەوەو ئەمنیش هەستم بە تــاوانێکی گــەورە کــرد، زانــیم خــراپ قەوماندوومــەو دەبێـت بـاجێکی قـورس بـدەم، بـەڵام هەرچـۆنێك بێـت منیش هەروەك ئەو رۆژەی بێوەژنـەکـە بـەفریام هـات و دڵی دامەوە، ئەمنیش بەڵێنی هێنانم پێداو هەموو ئـەو تەمەم رەواندەوە کە لە کچە خرپنەکە نیشتبوو، ئەوەی کـە زۆر سەرسـامی کـردم بەهـەموو شـتێك رازی بـوو،

دەیزانــی ژنم هەیــەو ئــەو منــی کردۆتــە ئــەو پیــاوە، درێــژەی نــەدەمێ، خــەمێکی زۆرمخــوارد، دەمزانــی تاوانبارم بەڵام دڵخۆشی خۆم بەوەی دەدایەوە کـە مـادام ئەو تامی دوو پیاوانی کردووە، دەبـا ئـەمیش تـامی دوو ئافرەتان بکەم، لـەنێوان خـەتاو مافدا تێما بـووم، دوای بێنــەو بەردەیــەکی زۆر، دوای ئــەوەی دوو ڕۆژان خــەو نەچــۆ چــاوم، غیرەتمدایــە بــەر خــۆم و تــەواوی ئــەو نهێنیــەم بـۆ ژنـی یەکـەمم بـاس کـرد، ئـەویش لـەبابم زیاتر تووڕە بوو، دەستەکانی دەلەرزین و کەوگیرێکی بۆ ڕاوەشـاندم بـە فـەخری عالـەم وێمکـەوتبا نـانم لـەت نـەدەکردەوە، هەرچـی لـە دڵیـدا بـوو پێـی گـوتم، دەشـی گوت:

سبەینێ دێمە دائیرەی و دەبێ تیتکی بەسـەری ئـەو تیاترۆیەوە نەهێڵم، ئەوکچەشاریە دەیـەوێ ئـەتۆ لـەمن بـدزێ، ڕاوەسـتە بـا بـەیانی دابـێ بزانـە چـۆن حـەیای هەردووکتان دەبەم هەی بێنمەك.

ئــــەمیش بـــە جۆرێـــك لەبـــەری دەپاڕامـــەوە لاقودەستەکانیم ماچ دەکرد، دەیویست دەرم بکات، بەڵام دوو منداڵە نازدارەکەم بوونە ڕێگر، دوای کێشەو بێنـەو بەردەیـەکی زۆر، بـە ناچـاری هـەموان ڕازی بـوون، بـەو مەرجەی هەر دوای یەك دوو مانگان تەڵاقی دەم.

ژنـی دووەمیشـم گواسـتەوە، باوەڕتـان هـەبێت هـەر هەفتەیەك خۆشیمان بە خۆمانەوە دیت، جەنگی عێراق و ئێران گواسترایەوە ماڵیمە، دوو منداڵەکەم کە هەراش ببـوون و دیـن و ئیمانیـان ئـەمن بـووم، لـێم بوونـە دووژمن، جەهەندەمێك لەماڵی ئێمە دایساو بە ئامـان و زەمان نەدەکوژاوە، ژنـە گەورەکەم دەیگوت یان ئـەو یـان مـن، ئـەوی دیـش بەهـەمان شـێوە، منداڵەکانیشـم کـە هـەرگیز لـە قسـەی مـن دەرنەدەچوون، وایـان لێهـاتبوو ئەوەی من پێم خۆش با نەیان دەکرد، لـە مـاڵێ ئێسکم ئەوەندە گران ببوو یەك کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردم، بابو داکو کەسەکانیشم بە ژنی دووەمم هێندەیـدی هـار بوون و حاشـای یـەکجاریان لێکـردم، ڕۆژێـك بـەناخێری

گیانم زوو چوومەوە ماڵ، تەماشام کرد دەموچاوی ژنـە بچوکەکەمیان داماڵیوەتە خـوارێ، هەرایەکە نەبێتـەوە، کـوڕە گەورەکەشـم دانیشـتووە پاکەتوچـەرخی دانـاوەو جگەرەی دەکێشێ.

گوتم: ئەو بێئەدەبییە چییە؟

گوتی: بێئەدەب ئەوانەن خیانـەت لە دایکم دەکەن.

ئیدی تێگەیشـتم شـوێنێك بـۆ مـن و ژنـە بچوکەکەم نەماوە، بۆیە هەر بـۆ سـبەی بردمـەوە مـاڵی بـاوانی لـە سلیمانی، چـونکە لـە هـەموو لاوە سەرزەنشت دەکـرام و بـەینی خۆشمـان بێـت کەسـوکاری ژنــە سـلێمانییەکەم هەڕەشـەی کوشـتنیان لێکـردم، بـەلاّم تـەلاّق نامـەم بـۆ ناردوو جیابووینەوە، ژنە گەورەکەشـم وەرینەگرتمـەوە، بۆیە هیچـم بەدەسـتەوە نـەما راکـردن نـەبێت، راکـردن لـەو بارودۆخــە دژوارەی تێــی کــەوتبووم، یــەك کــەس راینــەگرتم، ئامۆزاکەشــم کەپشــتی یــەکتربووین پشــتی تێکردم، ئیدی رووم لە چیایان کـرد، چـەندین بارەگـای حزبانم کرد لێرەم ئارامتر نەدیتەوە.)

جـا کوڕەکـانم ئـەوە چـیرۆکی ژیـانی منــە، وەك گـوتم یەکجار لە ژیانم توڕە بووم ئـەویش ئـەو ڕۆژە بـوو کـە کوڕەکەم لێهەڵگەڕایـەوەو لەبەرچاوی مـن هـەر لـەجێی من پاڵی بەبالیفەکەمەوە دابوو، مـژی لەجگـەرەی دەداو حسابی پوشیشی بۆمن نەدەکرد.

ئێستاش نەهاتووم بەعسیان بڕوخێنم نەیەك کەسیشم پێــدەکوژرێ، نــە سیاســیم و نــە عەســکەری، هــەر لەودەقـەی ئێـوەم دیـت وامزانــی منداڵــەکانی خـۆمن، هاتوونە ئێرە، هەر بۆیـە حـەزم لێبـوو هیچتان بەسـەر نەیا، پیاوی چابن قەت بە منداڵی مەکەونە نێو مەکری بێــوە ژنــان و کچــە شــاریانەوە، ئەگــەر ئــەو خــۆ رووتکردنــەوەو خۆناســکرنەی ئــەو دووە نــەبان ئــاوام بەسەر نەدەهات، بەدووان لەخشتەیان بردم، تازە ژیانی من ڕۆیی، شـەش دانـە ساڵە یـەك کەسـی خـۆم نـەدیوە، بــەلاّم ئــەو پێشــمەرگانە جێگــەی ئــەوانیان بــۆ پڕکردوومـەوە، شـەرتبێ ئێسـتا کوڕەکـانی خـۆم ببیـنم نایــان ناســمەوە، دەزانم ژنــە بچــووکەکەم مێــردی

کردۆتەوە، ژنەکەی دیشم هەرچەند وەڵامی بۆ دەنێرم دەڵێت ئەمن نەبام لە برسان دەمرد، خیانەتی لێکردم و ژنی بەسەر هێنام، شەرتبێ وەك سەی لەبەر چاوم کەوتووە، ئێستا ئێرە بۆتە نیشتمانی من و لەگەڵ ئەو وەزعەی راهاتووم.

لە دڵی خۆمدا گریانم بۆ مام جەبار هات، بەڵام بێوەفایی و سادەو ساکاریەکەی ئاوێتە بەبێ کەسییەکەی کاریگەری لێکردم و بۆیە لە کولاندنەوەی برینەکانی داوای لێبووردنم لێکردو هیوامخواست دڵی لێمان نەیەشابێ.

ئێمەش هەرسێکمان لەنێو تەمی چیرۆکەکەی مام جەبار توابووینەوە بیریشمان لەو هەموو دڵسۆزی و ورەی هەمانبوو دەکردەوە، کە لە دەستماندابوو، وەك جەنگاوەرێکی شکست خواردوو تەماشای خۆمان دەکرد، بەپەلە بووین و دەمانویست هەرچی زووە بگەڕێینەوە شار، هەر هیچ نەبێ ئەو ئەرکەی لەسەر شانمان بوو جێبەجێمان کردوو لە ناخەوە ئاسودەبووین، بەڵام

نیگەرانی ئێمە لەوەدا بوو کە ئەو وێنە جوانەیەی لە ناوشاربۆ پێشمەرگایەتی لە هزری خۆمان دامانابوو وا دەرنەچوو، نەك هەر ئەوەندە گومانمان لەسەر ئەو دروشمانەش درووست کرد، کە بەبێ بیرکردنەوە دیوارەکانی شارمان پێ رەنگاو رەنگ دەکرد، خۆزگەمان خواست ئامۆژگاریەکانی ریشنە نورانیەکەمان لە گوێ گرتباو گیانی بەرخودان لە نێومان هەر زیندووبا، نازانم ئەو بەرپرسە گەورە سیاسیەش بوو بەچی هەر نەگەڕایەوە، لە ئێمە ببوە ئەستێرەی سیوەیل هەردەرنەکەوت و نەکەوت، ئێستاش نازانم شکڵی چۆنە، هێندەیان بۆ باس کردین ئەحەی هاوڕێم دەیگوت: لەوانەیە لەجیاتی کلاّشکۆفی تۆپی نەمساوی بەشانەوە بێت.

بەخەش دەیگوت: نا دوورنییە چەند دەبابەیەکو سێ چوار سەمتی لەدەوری بڕۆن.

بەختیاری هاوڕێشم تەنیا خەمی ئەوەی بوو تۆڵەی لە رزگاری برای نەکردبۆوە، دەیگوت: ئەتۆ وەرە ئەو خوێڕیە چ بەختێکی هەیە.

ئەحەش کە کەمترین قسەی دەکرد هێشتا چیرۆکەکەی مام جەبار لە مێشکی نەچووبۆ دەرێ رووی لەمن و بەخەکرد گوتی:

هەتیوینە ئەو مام جەبارە زۆر زۆڵە، بەخودای لەوانەیە نیوەی شاری گابێ، خۆ ئەمەش لوسکەڵە بووین، چانەبوو پارێزی لێنەگرتین، هەر باش بوو سەلامەت بووین، دەك ئێمەش داوەشێین ئەتۆوەرە تامی دوانی کردووە شەیتانیش نایاتە خەوی من .

گوتم:

هەتیو ئەتۆ قسان ناکەی کە دەشیکەی تەنیا قسەی قۆڕ دەکەی، مام جەبار پیاوی چاکە بەلاویەتی توشی ئەو بەزمانە بووە لێی مەگرە، خۆ پێویستیشی بەو شتانە بێت ئەوەماینی لێیە.

ئەحەش گوتی:

راستە هەربۆیە یەك مێینەش روی لەو بارەگایە نەکرد.

جوابم نەدایەوەو بەختیاریش گوتی:

بۆ جەنابت شتیوات بۆ هەڵکەویٚ بەسەریدا بازدەدەی؟ ئەحە ویستی قسان بکا ئەمن نەمهێشت.

ئەو شەوە و دوورۆژی دیش ماینەوەو دواتر مەفرەزەیەکی خۆمان کە ریشدارە نوورانیەکەشیان لەگەڵ نەبوو، بەڵام ئەو ماوەیە بوونە هاوڕێ و هاوخەممان، پێیان گوتین: خۆ کۆکەنەوە شەو بەڕێدەکەوین، لەراستیدا ئێمە هەمیشە ئامادەبووین، ئێوارەکەی نانمان خواردوو تەواوی پێشمەرگەکانی ئەو بارەگایە لە دەورمان کۆبوونەوەو ئامۆژگاریان دەکردین، ئەوەندەیان بەشان و بازووی ئێمەدا هەڵدا، هێندەیان داوای لێبووردن کرد، هەتا ئێستاشی لە گەڵدابێ هیچمان لەدڵیدا نەما، ئەوان گوتیان بابە ئێوە چەند ساڵێکیدی جێی ئێمە دەگرنەوە، خۆ ئەگەر یەکتان ببێتە پزیشك بارتەقای هەزار پێشمەرگە خزمەتی چیا

دەکــا، بــڕۆن خوێنــدن تــەواو کــەن و حســابکەن پێشمەرگەن.

لەراستیشـدا هەروایـەو ئـەوەی لـەناو شـار بـەئێوە دەکرێ بەمە ناکرێ، پیشمەرگە رەزا گرانەکەش کە ئەو رۆژە رەزای خـۆی لـەلای ئێمـە سـوك کـردەوە هـات و هەرسـێکمانی ماچـکرد، پاکـەتێکی سـۆمەری حـەوت رقەمی دا بەمن و گوتی:

بۆ رێیە بیکێشە، بەڵام لە بن رەبیاننـا، ئـاخر بەتـەنێ مـن جگـەرەم دەکێشـا، چـەکو چـۆڵەکەی پێشـمەرگانی لێبەسـتین و وێنەیـەکی یادگاریمـان گـرت، دواتـرو دوای ئازاد بوون وێنەکەی داینـەوەو هـەتا ئێستاش ماومانـە، ئەوجار هەر بە گاڵتە گوتی:

جا کەچوونەوە شار سـەرو قوتـوو شیر بۆمـە بنێـرن، هـەموان پێکـەنین، شـەرتبێ دەروونیـان هێنـدە هێـور کردینــەوە عــەیب نــەبا لــە گەڕانــەوەمان پەشـیمان دەبووینــەوە، بــا ئەوەشــم لــەبیر نەچــێ، لــەدوای تووڕەبـوونی ئێمـە لـە شیر، ئەگـەر شیری راستیشـیان هێنابـا نــاو بارەگــا، ئــاخر زۆر جـاران شـوانەکان کـە بەتەنیشماندا رەتدەبوون بەستڵ شیریان دەداینێ، کەس

ناوی نەدەهێنا و هەندێ جاریش هەر بۆفشەی حەمە یوسف دەیگوت: هاوڕێیان ئەو ماستاوەی لەبەر دەستان هەڵگرن، دەنا لەفسێی دەبەم و هەمووی دەخۆمەوە، زۆر جاریش تەنیا تەماشای مەیان دەکردوو پێدەکەنین، خۆ ئەگەر بەیانیان شیریشیان کولاندبا دەیانگوت ماستاوی کولاویش هەیە ئەگەر دەخۆن.

سەرتان نەیەشێنم وەڕێ کەوتین و بزنە ڕێو ڕەبیەو روبارو هەموو ڕێیەکەمان بڕی، چۆن هاتبووین ئاوا گەڕاینەوەو خۆمان بە قەلادزێدا کرد، هێشتا دنیا تاریك بوو کە بەسەر هەرسێ ماڵدا دابەش بووین، کەمن چوومەوە ماڵێ دایکم ئەوەندەی بۆنکردین هەرنەبێتەوە، خواردنی حازر کردوو لە ژورێکی لاچەپ داینایین، ئەوجار چای هێناو هاتە ژورێ گوتی:

کوڕم ئەوە بۆ تفەنگت پێ نییەو ئەوانی دی پێیانە؟

ئەمنیش گوتم: وەڵا دایە وەریان نەگرتین گوتیان خوێندنەکەتان تەواو بکەن.

داکیشم گوتی: بەخوای چاکبوو ئەمنیش هەروام دانابوو.

ئەو رۆژە لەماڵی ئێمە بوون و دایکم تەواوی جلەکانی بۆ شوشتن و ئەوەی پێویست بوو بۆیکردن، جا گوتی:

ئەوە دەچمە بازاڕ چتاندەوێ بیهێنم؟ ئەمنیش بە دەرفەتمزانی گوتم: دایە دوو قوتوو شیر بێنە.

داکم گوتی:

ئەیەڕۆ قوتووی شیرتان بۆ چییە خۆ منداڵتان لە گەڵ نییە؟

پێشمەرگەکانیش دایانە پێکەنین و گوتیان وەڵا تۆڵەی خۆت کردەوە.

هەر بۆشەوێ پێشمەرگەکان نازانم چکارێکیان هەبوو کۆمانکردنەوەو ماڵئاواییان کرد، ئەمەش بۆ سبەینێ بەبێ خۆ رادەستکردنەوە لەگەڵ بەختیاری هاوڕێم وەنێو بازاڕو گەڕەکان وەربووین، بەبەختیارم گوت: ئەرێ رزگار چۆنە؟

بەختیاریش گوتی:

وەك خۆیەتی هیچ نەگۆڕاوە، ئەو دەعبایە قەت نابێتە بەشەر، هەتا بەیانی پێی رابواردم، دەیگوت تەڕ بوویە پێشمەرگە، ئەدی هەتیو نەتگوت دەتبەمە شاخی و فەلاقەت دەکەم، وەلاّ نەتوانی گونیشم بگری، هەر

لەلای ئـەو پێشـمەرگە میوانانـە حـەیای بـردم، خـەریك بـوو پێیـان بڵـێم بیتـۆپێنن بـەلاَم نـەمویرا، گـوتم بـا كەریـەتی نـەیگرێ خەبـەرمان لێـدا، بۆیـە بـە بیسـت و پێنـج دینار رێكەوتنی یەك مانگمان مۆركرد.

ئیـدی وازمـان لـە باسـی رزگـار هێنـاو بـە كـەیفی خۆمان تەماشای كچ و كاڵمان دەكرد، نامـەی گەڕانـەوەم بۆ خۆشەویستەكەم ناردوو هەر ئەوەنـدەنا یەكتریشـمان دیـت، تـەنها ئەوەنـدەی پێگـوتم( شـار بـەبێ تـۆ چـۆڵ بوو)ئیدی وەكو سەركەوتوویەك خۆمان نمایش دەكـرد، ئەمما هاشەهاشی ئاوی كوێستان و بۆنخنكی نێو بارەگاو تـامی خـواردنی ئـاگری دارەكانیـان هـەتا چـەندین سـاڵ لێمان نەبۆوە.



# راپــەڕین

**بارودۆخی ئێراق شڵەژا، ئەو شڵەژانە هەر ناو شارەکانی نەگرتــەوە چیاشــی تووشــی داخورپــان کــرد، منــیش خوێندنم تەواو کردبوو چاوەڕێی دەرفـەتمان دەکـرد تـا بۆیدەرچـین، لەگـەڵ دوو هاوڕێیـدی چـووینەوە چـیا، هێشـتا سـەرەتای رووداو و گۆڕانکاریـەکان بـوو، شـەڕی ئێراق و ئێران وەستا بوو، لەوێ چبینم هـەر بابـا بـوو خـــۆی رادەســـت دەکـــردەوەو زۆرینەشـــیان رەوانـــەی**

دەرەوەی وڵات دەکرد، چوونکە حکومەت دەستی بـەتاڵ بـوو، هەرچـی هێـزی هەیـە بـە جـاش و جەیشـەوە بـە چیایانی وەرکرد، بێئومێدی لە لوتکەدا بوو، منـیش کـە هێشتا جێقونی خۆم لە بارەگای گۆرین گەرم نەکردبوو، چوومە ماڵی دۆستێك لە شاری سەردەشت.

راپـەڕین شـارەکانی خـوارووی ئێراقـی وێـران کردبـوو، سـەرەتای گەیشـتنی بـوو بەکوردسـتان، مـەفرەزە گەڕۆکەکانی پێشمەرگەش لەگـەڵ بارەگـاو ئەوانـەی بـۆ ماوەیەك خۆیان سڕ کردبـوو خـەریکی خـۆ کۆکردنـەوە بوون، بەڵام شـڵەژانی چیاو راپـەڕین و مقۆمقـۆی ئـازاد بـوون، ئەمـەی هێنایـەوە ناوچـە ئازادکراوەکـان، بەکونفەیـەکونێك دەسـت بـە ئـازادکرنی شـارەکانی کوردستان کراو بەعسیەکان هەرەسیان هێنا.

پیـاوە ریشـنە نوورانییەکـە لـە رانییـەی پەیـدا بـۆوەو مـژدەی ئـازاد کردنـی نیشـتمانی خسـتە نێـو دروشمەکانـەوەو ئێمـەی لەگـەڵ خـۆی بـردوو هـەموو لەشـی بەتفـەنگ و گوللـەو ئـەو کەرەسـتانەی هـی شـەڕ

بوون داپۆشین، بەڵام بەر لەوەی لولەی تفەنگەکانمان ئاراستەی داگیرکەران کەین، خەڵك بەشی هەرەزۆری ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردوو پێش ئێمە رژانە سەر شەقامەکان، دەسەڵاتیان بەبوك برد، تەمومژەکان رەوینەوە و ئەو سەرسورە بیانیانەی هەراسانیان کردبووین توانەوەو بە فەیلەق و هەموو بەرپرس و جاشەکانەوە کەوتنە بەردەستی خەڵك، بەلاَم بەرەی کوردستانی کە بالاَترین دەسەلاَتی ئەوکات بوو، لە هەموان خۆش بوو.

یەك لەو ئامانجە قورسانەی هەڵمگرتبوو بە ئاسانی هاتەدی، ئەگەرچی برینێکی ئێجگار قوڵی لەنێو شارەکەم قەلاَدزێ جێهێشت ئەویش بە تەخت کردن و راگواستنی بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان، دوای ئازاد بوون دووسالاَن لە خزمەتی ئەو شارەدا بووم، تا هەستایەوە سەر پێ، لەبەر ئەوەی نوێنەری حزب بووم لە بەرەی کوردستانی، هەرچی کێشەو گرفتی ئەو شارەیە رووبەڕوی ئێمە دەبۆوە، هەر لە سەرپێچی و شیش

دەرهێنــانی بینایــەکان و ئــاودیوکردنی ئامێرەکــان و ســەنگەر لەیــەکگرتنی ئاغــاو جوتیارەکــان و دەیــان کێشەیدی.

لــەم مــاوە کەمــەدا دنیایــەك ئــەزموونم وەرگــرت، تێگەیشتم دوای سەرکەوتنەکان خەڵکانی دوو روو هەن، لەوانــەی پێشــتر خــۆفرۆش بــوون و لــەنێو باوەشــی حزبێکەوە یەك باوەش پشگیری دێنێت و بۆت لەسەر مێــزی بــەرەی کوردســتانی دادەنــێ و دەڵــێ منــیش بەشداری تێکۆشانی ئێوەم کردووە، دڵنیابوومەوە کە پاکوپیســەکان بــەهۆی رژانــی ئەنــدامبوونیان و کۆکردنــەوەیان بــۆ ســەر ســندوقەکانی دەنگــدان، بەزەحمــەت لێکجیادەکرێنــەوە، ئــەو دوو ســاڵە پێشمەرگەی مەردم دیت چووە ناو خانووی کرێوەو جاشیشم دیت خەریکی دەرهێنانی شیشی باڵەخانەکان و داگیرکردنی سەربازگەو گوندوو نیوەی نیشتمان بوو، بەرپرسم دیت چی نانە رەقەو کتێب و بەیاننامەی ناو کۆڵە پشتەکەی بوو فرێیداو خۆیگەیاندە گومرگو

پڕیکرد لە پارە، مەفرەزە پارتیزانەکانی چیا لەسەر میراتی بەعس گوللەیان بەیەکترەوە دەنا، لەبری ئەودەستو دەستکردنی کتێبە شۆڕشگێڕیەکان، ئۆتۆمبێلە بێرەقەمەکانی حکومەت لەنێو یەکتریدا ساغ دەکرانەوە، پەنجەرەو دەرگا لەگەڵ یەك لا قەنەفەم دیت بەسەر پشتی کەسێکەوە تاڵانی دەکرد، بە نقەنقیش هاواری دەکرد بڕوخێ بەعس.

لەوسەروبەندەدا چوومە بەنداوی بێخمە، بەچاوی خۆم کەمئەزموونی بەرەی کوردستانی و هەڵوەشاندنی ژێرخانی ئابووری نیشتمانم دیت، بینیم هەموو ئامێرەکانی ئەوێ بەسەر سنگی پشدەرو باڵەکایەتی دارِماودا ئاودیو دەکرێن، لەکاتێکدا چەندین شارۆچکە لەگەڵ زەوی تەخت کرابوون و تەواو پێویستیمان پێیان بوو، داهاتەکانی گومرگیش پارتە سیاسیەکان وەکو برا کە هەرگیز باوەڕیان بەبرایەتی نەبوو دابەشیاندەکرد، بەچاوی خۆم بەرمیلە تی ئێن تیم دیت لەناو بەنداوی دووکانیان هاویشت و تەقاندیانەوە،

ماسی هولەو درشت و وردیان سەر ئاو خست، قڕانیان لەماسی نێو ئەو بەنداوە کرد، دەشیان گوت: لەخوای بەزیاد بێ.

هەر لەو سەروبەندەدا هەواڵی بردنی کارتەکانی بەنداوی دووکان بەئێمە گەیی، هێزێکی گەورەمان کۆکردەوەو دەستوبرد رژاینە سەر بەنداوەکەو هەرچوار دەوری فیرقەمان گرت، لەبەر ئەوەی یەکگرتوو بووین، نەك نەمانهێشت کارتەکان بەرن، بەڵکو پاشەکشەشمان بە فیرقەوە کردوو رۆشتنەوە ئەودیوی کرکوك، ئیدی بۆ چەندین ساڵ ئەرکی پاراستنی بەنداوەکەیان بەهێزێکی ئێمە سپارد، بەلاّم تا ئێمە کە هەفتەیەکی خایاند و لە بەنداوەکە ماینەوەو هێزێکمان لەوێ جێهێشت، چی گەلاّبەو شۆفلّ و بلدۆزەرو ئۆتۆمبێلی جوان هەبوو لە رێگەی کێلێوە گەیشتبوونە سەردەشت و خەریکی خواردنی جووجە کەباب و فالّودە بوون.

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤم دیت، دەهاتن و بەبارستایی خزمەتەکانیان کەوتبوونە ناو ئەو

گەندەڵییەی دواتر نیشتمانی لەخۆیدا نقوومکرد، ئـاخر دەیـانگوت بیانیـەکان کـەمخۆرن، کەچـی هـەر بەچـەند مانگێــك لــە ئێمــەیان زیــاتر هەڵدەلووشــی، قــازی چۆمخڕکەیان بەبێ سەربڕین دەبرژاندوو بە دوان تەنیا ئێســکەکانیان دەهێشــتەوە، لــە ئێمەشــیان زیــاتر کۆکردەوەو بۆی دەرچوون.

لـەنێو ئـەو ئـاڵۆزی و بێنـەو بەردەیـەدا، لـەنێو ئـەو هەموو میلیشیا چەکدارەی کە لێوان لێو بوون لە جاش و خۆفرۆش کار بۆ هەڵبژاردن کرا.

ئیـدی هـەر بـەدوای هەڵبـژاردنی یەکـەم پەرلـەمانی کوردسـتان، روەو هـەولێر شـاری دووەمـم کەوتمـە ڕێـو لـەوێ چـوومە مـاڵی بـاوان و کەوتمـە کـاری ڕاگەیانـدن، بارەگـای پارتەکـەمان لەسـەر چـوارڕیانی عـەنکاوە بـوو، بەرامبەر سەربازخانە گەورەکەی پێشتری بـەعس، هـەر لە بەلەکۆنـەی ژوورەکەمـەوە تێکوپێکشکانی دەسـەڵاتی پێشترم دەدی، پێم سەیر بوو ئەو سەربازخانە گەورەیە کە هێندەی شارێك دەبوو ببووە دەشتێکی کاکی بـەکاکی

لەوسەری تا ئەوسەری دیار بـوو، ئـەورۆژەم بـیر هاتـەوە کە لەو سـەربازخانەیە بەنـدکرام، لـە گەیانـدنی نامـەی پێشمەرگەیەك بۆ کەسوکاری قۆڵبەست کرام، هەر لەناو هـەولێر چـاویان بەسـتم و هەڵیاندامـە ژوورێـك لـەو سـەربازخانەیەی کــە تــەنیا بــۆن میــزی لێــدەهات، ئاخرجگە لەوەی پێناسەکەم بـۆ درووسـتکرابوو، نامـەی پێشمەرگەشم لەنێو گۆریەکاندا شاردبۆوە بـەلاَم بـەخت و ئــەزموون و ئازایــەتی خــۆم فریــام کــەوت و لــە گواســتنەوەم بــۆ شــوێنێکی نادیــارخۆم لــە ئیفایەکــە فڕێداو زۆر بەسەیری رزگارم بوو، هەمیشە کە چیرۆکی رزگار بوونم بـۆ خانەوادەکـەم و هاوڕێیـان دەگێڕایـەوە، لــەمن زیــاتر ترســیان لێدەنیشــت، چــوونکە گوللــەی راستەقینە کە هەرهەموویان ئاگردار بـوون، بـەنێو لاق و دەورووبــەرم گاســکەی دەکــرد، کەچــی یــەکیانم وێنەکـەوت، ئیـدی هـەر لـەو بەلەکۆنـەوە هـەولێری گەورەی رەنگاو رەنگ، لەگەڵ لەشکری پارتەکاندا خۆی نمــایش دەکــردوو خــەیاڵی منــیش کــەوتبووە نێــو

حـەزەکانی ئاوێتـەبوون و عاشـق بـوون تـا بەمهۆیـەوە هـەنگاوێك لـە چـوون بۆنێـو هەسارەکان و دڵخوازەکـەم نزیك ببمەوە.
نەدەکرا چیدی بەتەنیا بم و ئـەو ئـازیزەی ساڵانێك لـە چـاوەڕوانیمدا بـوو، هـەروا بمێنێتـەوە، ئـاخر دەیـان خوازبێنی هاتبوو هەر هەمووی رەتدەکردنەوەو بابیشی یەکدووجاران پێی گوتبوو دیارە شتێکت لە ژێـر کـەوڵی خۆتدا حەشارداوە بۆیە ئەو کوڕە باشانە رەتدەکەیەوە.
جارێـك پێـی گوتبـوو کچـم ئـەو کـوڕەی هاوپۆلـت هـیچ عـەیبی نییـە بـابی برادەرمـەو خێزانێکی شایستەن بـۆ رەتیدەکەیەوە؟ ئـەویش درۆیـەکی شـاخداری کردبـوو و بـەبابی گوتبـوو: ئـەو کـوڕە چـەند سـاڵێك دڵـی بـە کچێکەوە بووە بۆیە دڵـم بۆیناچێ، بابیشـی لـە وەڵامی بـابی کوڕەکـەدا راسـتورەوان ئـەو درۆیـەی کچـەکەی لەمستی کردبوو، بابەش دەچێتەوە مـاڵ و سەرزەنشتی کوڕەکـەی خـۆی دەکـات و دەڵـێ: ئەگـەر کچێکیدیت لـە مێشـکیدایە کـوڕم بـۆ خیانـەتی لێدەکـەی و ئەمنیشـت

شـەرمەزاری ئـەو پیـاوە ماقوڵـە کـرد؟ کـوڕەش چـەندی سـوێندی بـۆ دەخـوا بابـە باوەڕناکـات، تـا کوڕەکـە دێتـە ماڵی ئازیزەکەی من و ئـەو گلەییـەی لێـدەکات، ئـەویش بەشەرمەزاریەوە راستیەکەی پێدەڵێت و دەڵێت: بۆتۆی کـوڕ هـیچ نـابێ بـەڵام بـۆمن کێشـەی گـەورە رودەدات، بۆیە تکایە ئەو باسەی دیـزە بەدەرخۆنـە بکـە، کـوڕەش زۆر پیاوانــە بــوو، چــونکە ئــەو چــیرۆکەم لــە دەمــی کوڕەکەوە بیست هاتـە لام و بۆیگێڕامـەوە، منـیش دوای سوپاسـکردنی ئـەو هەسـتمکرد لەبەرامبـەر ئازیزەکـەم کەمتەرخەمم، داخـۆ چـەند کێشـەی هاوشـێوەی ئـەوەی چارەسەر کردووەو ئـەمن بێئاگـام، بۆیـە بـیرم کـردەوەو ئەو چاوەڕوانیەی ئەو ئازاریـدام، تێگەیشـتم کـە نـاکرێ دوای وەرگرتنــەوەی زەویــە زەوت کراوەکانمــان و ئــازاد بــوونی نیشــتمان بــەدووی گــەردوون بکــەوم و بمــەوێ ئەوێش بدۆزمەوەو داگیری کەم و ئەوجار بیر لە خێزان بکەمــەوە، دڵنیــا بــووم ئــەو لەبــەرمن زۆر کۆســپی لابردوون و بەتایبەتیش ئەوانەی خوازبێنیـان کـردووە،

زۆرینـــــەیان ژنیـــــان هێنـــــاوەو هەروابێتـــــەوە دەستەخوشکەکانیشی منـدالّیان هەیـەو زوو زوو کـە سـەردانیان دەکـات بـەمن دەلّـێ و منـیش لـەو نهێنیـە شاراوانەی ئەو بێئاگام، تێگەیشتم کە ئیدی نابێت بـێلّم زیاتر لە چاوەڕوانیدا بێت.

لەبەر ئـەوەی لـە راگەیانـدن کارمـدەکرد، بۆیـە کەوتمـە نێو کچ و ژنانـەوە هـەموان راگەیانـدن کـار بـوون، یـەك لەوانە زۆر نهێنی کچانی بۆ باس کردم ئەو دەیگوت:

کـە کـچ خـوازبێنی دێـت و رەتیدەکاتـەوە، تـاخۆی شوونەکات حەزناکات کوڕە خـوازبێنی کەرەکـە ژنبـێنێ، ئـــەوە خۆپەرســـتییەکی شـــاراوەی کچـــانەو لـــە نێـــو زۆرینەیاندا هەیە، خۆشیان نازانن بۆوان؟ هەروابێتەوە هەر ئەو ژنە پێی گوتم:

کـە کچـان دەسـتە خوشـکێکیان شـوودەکات، نیگـەرانیان زیـاترە لـە خۆشـیان لەوکاتـەی کـە لەئاهەنگەکـەی ئـەو هەلّدەپـــەڕن و شـــایی دەکـــەن ئیرەیـــی لـــە هەناویانـــدا سەمادەکا، بەلاّم بەسەرخۆیان ناهێنن و کە دەگەڕێنەوە

مــالّ و سەربەســەرین دەكــەن فرمێســكی نیگــەرانی بالیفەكـەیان تـەڕ دەكات، ئـەو ژنـە ماموٚستا بـوو زۆر نهێنی كچانی بۆ باس كردم، دەیگوت:

ئەوانـەی دڵخوازیـان نییـە و لەماڵـەوەن، هەمیشـە چـاو لەدەرگان حەزدەكەن هەرچی زووە كەسێكی نـامۆ بێـت و خوازبێنی بكات ، كـە دەرگـای حەوشـەیان دەكرێتـەوە بـاب و برایـان دەبیـنن و ئـەو دیمەنـە رۆژانـە دووبـارە دەبێتەوە ئێسكیان قورس دەبێت و حەزدەكات دەرگا لـە نامۆكـان بكاتــەوە، زۆر جـارانیش كـە رێگـەی بـەكۆڵان دەكـەوێ زۆرتـرین كـات لـەوێ دەمێنێتـەوە تـا كـوڕانی گەڕەك و دەوروبەر ببینن.

هــەموو ئــەو قســانەی ژنــە راگەیاندكارەكــە وەك تیسكەی تفەنگ بـە مێشكمدا تێپـەڕین، كاریگەرییـەكی زۆری لەسەرم جێهێشت و ئەو شـیعرەم نووسـی كـە زۆر لە چیرۆك دەچێ:

**جیرانەکەمان کچێکی جوانی هەیە**

**لە خوێندن دەریان هێناوە**

**مۆبایلی نییەو**

**ناشتوانێ بێتە بەر دەرگا**

**بەڵام**

**کە بابی دەچێتە مزگەوت**

**لە حەوشە گۆرانی دەڵێ و**

**دەنگی دەگاتە**

**کوڕانی هەموو گەڕەك.**

*** * ***

**کە لەژێر دەرگاوە**

**ئاو دەپڕژێتە کۆڵان**

**دەزانم کچەکەیە.**

*** * ***

**هەر گوێی لە دەنگی من بێ**

**بانگی دایکی دەکا**

**وەك بڵێ منیش هەم.**

* * *

دایکی پۆشاکی بۆدەکڕێ

بۆیە کەسواری ئۆتۆمبێلەکەیان دەبن

دەڵێی دوانەن.

* * *

کوڕێکی گچکەم هەیە

کە تۆپەکەی دەکەوێتە ماڵیان

تا تێر ماچی نەکا نایداتەوە.

* * *

کەمیوانی پیاویان دێ

ئەو دەرناکەوێ

بەڵام کەڕۆیشتن

دەچێتە ژووری میوان

چونکە بۆنیان جێهێشتووە.

* * *

ئەو کچە حەزی زۆر لەخەوە

تا تێر خەیاڵ بێ.

* * *

خوازبێنی زۆری هەیە

بەختی ئەو

هیچیان نویێژ ناکەن.

* * *

هەمیشە تینوویە

بەئاویماڵەوە تێر نابێ

حەزی

لە قومێك ئاوی دەرەوەیە.

لەبەرامبەر خۆشەویستەکەشم هەستم بە تاوان کرد، زۆر نیگەران بووم و خۆشەویستی ئەو دەهێندە زیاتر رژایە ناخمەوەو سەبری لێبڕیم، بڕیارمدا هەموو کاتم بۆ گەیشتن بەو تەرخانکەم؟

چوومەوە ماڵ، ئەگەرچی چەند ساڵێك بوو دایکم کۆچی هەمیشەیی کردبوو، بەڵام خوشك و براژنەکانم راسپاردوو هەر ئەو شەوە وەنێو ماڵیان وەربووین، خوازبێنیمان کردوو لەبەر ئەوەی هەردوولا رازی

بـووین بـەبێ کێشـە تێپـەڕی، زۆری نـەبرد ئاهـەنگمان سازکردوو هەردووکمان ئاسوودە بووین، بووینـە خێـزان و تینواتی چەندین ساڵمان لەنێو یەکتریدا خـاڵیکردەوە، بـەڵام هێشـتا بـەبێ هێلانـەو دوورلەماڵـە بـاوان، بـەڵکو دوای ئـەو هـەموو مانـدوو بوونـە بـۆ نیشـتمان، بوومـە کرێچی، کرێچی ئەوانەی لە کتێبەکاندا خوێندبوومـەوە (کـە خـەڵکی شۆڕشـگێڕو تێکۆشـەر شـەهید دەبـن و بازرگـان و ترسـنۆکەکانیش دەیخـۆن) ئـەو ڕۆژانـە تێگەیشتم کە ئێمە داشی دامەین و لە چـەندین ئۆینـدا بەکار هاتووین، چەند خوێن بۆ نیشتمان بڕێژی هێنـدە زیاتر مشەخۆرو دێوەزمەکان ورگیان قەبەتر دەبێ، ئەو ڕۆژانەبوو جیاوازیەکانم دۆزییەوەو مامۆسـتای بیرکـاری راستیدەکرد کـە هێڵـە یـەکتر بڕەکـان هەمیشـە یـەکتری هـەلا هـەلا دەکـەن، هـەروەك زانیارییـەکانی نـاو کتـێبی زینـدەوەرزانی کـە لەشـی مـرۆڤ گـەردوونێکی فراوانـەو لەناویـدا چـەندین فایرۆسـی زیـان بـەخش و ئـەمیبای نـەدیو هـەن ، بـەڵام لەناویشـیاندا بەرگرییـەکی بـەهێز

دژیـان وەسـتاوەو بـەردەوام لـە جـەنگێکی نـەبڕاوەدان، فێربـووم کـە ئەسـتێرەکەی ئێمـەش هـەر لـە جەسـتەی خۆمـان دەچـێت جـەنگی سـنوورەکان حـەزو خولیـای زلهێزەکان جیهانیان پارچە پارچە کردووە و ئێمەشـیان بـۆ خۆیـان کردۆتـە کۆیلـە، لـەوێوە بـۆم دەرکـەوت لـە شارێکی بچوکی تـازە ئـازادکراودا چینایەتی دەسـتی لـە بینەقاقای هەموان ناوەو کەچی بێدەنگیەك لـە پێنـاوی نەگەڕانــەوەی کلّــاو ســوورەکان تــادێ دەســتەمۆترمان دەکـات، ئـاخر ئـەو رۆژانـە مانـدوو بـوون و تێکۆشـانی کەمینەیـەك لـەنێو ئەشـکەوتەکاندا بـەجێ مـابوون و کـەس نــەبوو بیانهێنێتــەوە، بۆیــە تــا دەهــات گیــانی نیشتمانی نەخۆش دەکەوت و مشە خۆرەکانیش لە سەر ئـەو جەسـتە مانـدووە قەبـەتردەبوون، منـیش لەگـەڵ خێزانــــە بچــــوکەکەمدا خــــەریکی درووســــتکردنی نیشـتمانێکی بچـوك بـووین ، هـەموو ئـەو بیرەوەریانـەم لــــەخۆم دوورخســــتەوە کــــە لاویــــەتیان لێســــتاندم، حەزملێبوو جارێکیدی بگەڕێمـەوە نـاو ئەسـتێرەکان تـا

بــزانم نهــێنی ئــەم گەردوونــە چــییە! ئــەو هــەموو جیاوازیانــەی بــۆ فرێداوینــە ســەر زەوی و خۆشــیان بــەردەوام لــە گەشــەو درەوشــانەوەدان، حــەزم لێبــوو بچــمەوە منــداڵی گــەمان بەئەســتێرەکان بکــەم، لــەوێ ماڵۆچکەیەك بۆخۆم دروستبکەم و هەم لە کرێچیەتی قوتـار دەبم و دوور لـە ئەسـتێرەکەی خۆشمـان ژیـانێکی یەکسان دەدۆزمەوە، ژیانێبێ شایستەی مـرۆڤ و هـەموو ئەوانەی ماندوو بوونیان لێدەتکێ.

هـەروا حـەزم بـوو پـێش ئـەو زانایانـە بکەومـەوە کـە هەندێکیان گەشتنە سەرمانگ و هەندێکی دیشیان هەتا ئێسـتا بـە دەوریـدا دەسـوڕێنەوە، ئـاخر ئـەوێ خـەونی هەموانـە بـەڵام مـن بـە تـەنیا بـۆی دەچـم، نهێنیـەکانی ئەوێ دەدەمـە ئێـوەو ئێـوەش دەتـوانن بـێن، بـەڵام وەك ئـەوەی مـن دەمـەوێ دەبێـت ئـاوا بـێن، چـوونکە ئـەوێ بەشی هەموان دەکاو بەڵام کـەس نـاتوانێ بـە ئـارەزووی خۆی فێللا درووسـت کـات، خـەیاڵ و خـەونی منداڵیمـە لەنێو سێ هیواو ئامانجدا تەنیا ئەوەیان مـاوە، گەشـتێك

بـەبێ ئێـوە دەکـەم و دواتـر نیشـتمانێکی نـوێ لـە ئەستێرەیەکی نـوێ دەدۆزمـەوە، چیرۆکەکانی ئێـرە بـۆ ئەوێ و روداوەکانی ئەوێ بۆ ئێرە دەهێنمەوە، ئـەوەتان بۆ روون دەکەمەوە کە کێبڕکێـی زلهێزەکـان گـەورەترین مەترسین لەسەر تەمەنی ئەو زەویەی خۆمان و ئەگـەر ئـاوا بـڕوات هـەموان دەبێـت ئێـرە چۆڵ کـەین و ئیـدی ئەوسـا نـە سـنوورێك دەمـێنێ و نـە ڤـێلاو نـەماڵێکی کرێچی، هەمووان وەکو یەك دەبن و ئەوەی مرۆڤایـەتی بنیادینـاوە جێـدەمێنێ، وەك جێمـانی دروشمـەکانی ئـەوێڕۆژێی سـەردیوارەکان و ئـەو نووسـینە سـەیرو سەمەرانەی سـەردەرگای ئاودەسـتەکان، کـە بـە خـەباتی نهێنی ئەژمارکران.



# میوانی ناوەخت

هاتنـــەوەی کارەبـــاو بـــڕان و فڕەفـــڕی موەلیـــدەکان هـــەمووانی هەراســـان کردبـــوو، ئێمـــەش واتـــا خێزانـــە بچوکەکەمان هەموو شەوێ گەرما دەیبردینـــە ســـەربان و لە ئارەقەیدا شەڵاڵ دەکردین، بـــەڵام بـــۆمن باشـــترین هۆکـــاری دۆزینـــەوەی نهێنییـــەکانی گـــەردوون بـــوو، نووســـتنی شـــەوانەی ســـەربان لـــە هەســـارەکانی نـــزیکتر دەکردمـــەوە، بینـــینی ئـــەوان دۆزینـــەوەی منـــداڵی و چوونەوە ناوئەو خەونانـــە بـــوو کـــە هـــەموان حـــەزمان

لێیـەتی ، منـیش دەمتـوانی بگەڕێمـەوە نـاوی و ئـەو زانیاریانەی وەرمگرتبـوون لەوێیانـدا بـەتاڵ کەمـەوە، بە منداڵی زۆر هەوڵی ئاشکرا کردنی نهێنیـەکانم دەدا بەڵام دەستم نەدەکەوت، بۆیە گەورەبوون هەندێك لە هۆکارەکانی بۆ نزیکدەکردمەوە، ئەگەرچی ئەوەی لـە ئـازادی نیشـتماندا دیـتم جیـاواز بـوو لـەو خەونـە گەورانـــەی گـــەورەکان بۆیـــان بـــاس دەکـــردین، هەروابێتـەوە دروسـتکردنی خێـزانیش گەیشـتنە بـە ئـــارەزووە خۆشەویســـتی و سێکســـیەکان، بـــەڵام لـــە دەســـتدانی زۆر ئـــازادیترە کـــە لـــەژیانی رەبەنیـــدا هەتبووە، تا نیشتمان داگیرکرابوو هـەموان خۆیـان لـە پێناویـدا دەبەخشـی، هـەر ئەوەنـدەش لـە ئـازادی تێربـوون ئیـدی کەوتنـە مـژینی ئـەو نیشـتمانە قـوڕ بەسەرەو هەر بابا بوو بەشیخۆی جیا دەکردەوە، ئـەو رۆژانــە نــان کــەوتبووە قــوڕگی شــێرو میلیشــیاکان دەسـتیان بەسـەر تـەواوی ژێرخـانی وڵاتـدا گرتبـوو،

ئـەوەی لەگـەڵیانبا تێروتەسـەل و ئەوانیـدی برسـی، هەمیشە ماندووبوونی رۆژانی سەخت و دژواری ژیانی چـیاکانیان بـەم گەلـە دامـاوە دەفرۆشـتەوەو لـە راگەیاندنەکانیان ئەو غولـەیان وەبیر هاونیشتمانیان دەهێنایەوە کە تەڕووشکی بەیەکەوە دەسوتاند.

لـەو رۆژانەشـدا دروسـتکردنی خێـزان پڕبـوو لـە ماندووبوون و ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە نیشتمانێکی بچووك پێویستی پێی بوو، هەروا دەبوو ئەورۆژانە بۆ پشوودان بـە مێشکو دوورکەوتنـەوە لـە یانـە پڕ لـە چـەکدارەکان لەماڵەوە خـۆت مەسـتکەی و بچیە نێـو جیهـانی تایبـەتی خۆتـەوە، تـا کـاتی ئـەوەت هـەبێ بەسـادەیی بـیر بکەیـەوەو هـەر بەخـەیاڵ شـتە لـە دەستچووەکان بگێڕییەوە، هەروەك ئەوەی من کردم.

لەو رۆژگارەدا تەنیا هەفتەی رۆژێکم بۆ مەسـتبوون هێشتەوە، ئەویدی سەرجەم کارکردن بوو، ئەو رۆژانە خـاوەنی مـاڵیخۆم و سەرچـاوەی داهـاتی خـۆم بـووم،

بەتایبەتیش دوو کارمەدەکرد هەم لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن و هەم کاری سەربەخۆی بازاڕ ئاخر لە شاری هەولێرکرێچی بووم و دەبوو هەوڵی درووستکردنی بناغەیەکی تۆکمە بدەم، تاتووشی قەرزاری و برسیەتی نەبینەوە، هەروا بە خێزانەکەشم بڵێم دەتوانم سەربەرزانە خێزان بەڕێوەببەم بەبێ ئەوەی دەست بۆکەسەکانم و حزب و ئەوانیدی پانبکەمەوە، بۆیە ئازادانەو لە بەرچاوی هاوژینەکەم مەیم نۆش دەکرد، تا ناشیرینییەکانی مەست بوون پاککەمەوە، لەبەر ئەوەی وێنەیەکی ناشیرینی مەستەکانی پیشان درابوو، دەبوو کارێبکەم جوانییەکانی کاتی مەستبوون بەچاوی خۆی ببینێ، هەر بۆیە ئەوجارانەی دەمخواردەوە دواتر کوێی ئارەزوو کردبا بەیەکەوە دەچووین و دڵنیام کردەوە کە مەستبوون جوانییەکانی زیاترە لە ناشیرینی، تێمگەیاند سەرخۆشبوون لە دەستی مرۆڤ خۆیدایەو

دەتــوانی ئــەوەی لــە کــاتی ئاســایی پێتنــاکرێ بــە مەستبوون ئەنجامی بـدەی و سـەرکەوتووش بـی، ئـەو سەرەتایانە بۆمن پڕبوو لە ئارامی، ئارامییـەك لـەنێو ئاڵۆزیـدا لـەنێو گرانییـەکی لـە رادەبـەدەر خـەڵکی پەرێشـان کردبـوو، بـەڵام سـادەییەکانی ئێمـەو رازی بوون بە ژیانێکی مامناوەند زۆر بەختەوەرتر بـووین لـەو چـەتەو قـۆڵبڕو مافیایانـەی لـەنێو میلیشـیاکاندا درووستببوون.

ئیدی خواردنەوەی مەی ببوە بەرنامەی هەفتانەم و ئاسـودەییم لەوێـدا دەدیتـەوە، هەڵبەتـە دەرفـەتی سەرنجدان لە ئەستێرەکان و چوونە نـاو جیهـانی پـڕ لەنهێنی ئەوان هێشـتا ئـەو خەونـە بـەدی نـەهاتووەم بوو کە هەوڵی گەیشتنم بۆیدەدا، بۆیە شەوانە بەدیار هەسارەکانەوە خۆم لـەبیر دەکـردوو لـە دووری ئـەوان رادەمـام، پیاسـەم بەناویانـدا دەکـردوو سـەرنجەکانی منـدالێم لـەوێ هەڵدەگرتنـەوە، پـێم وابـوو دەفـرە

فڕیوەکانی ئـەوان گەیشـتوونە ئێمـەو دەکـرێ منـیش بیاندۆزمـــەوەو گەشـــتێکیان لەگـــەڵ بکـــەم، هـــەموو نهێنییـەکان بێنمـەوەو ببمـە ئـەو قارەمانـەی خـەڵکی حەسوودیم پێببەن، هەندێ جاریش وامبیر دەکردەوە چوون بۆوێ هاوشێوەی ئەو گەشتانە نییە کـە پێشـتر کردوومن، دوورنییە بوونەوەرەکانی سەر ئەستێرەکان لەوانـــەی ئێـــرە دڕنـــدەتربن و بـــە کونفەیـــەکونێك تێکوپێکـــت بشـــکێنن، هـــیچ دەرفـــەتێك بـــۆ ئـــەوە نەهێڵنەوە پەیوەنـدی بەزەویـەوە بکـەی، یـان هـەوڵی گەڕانەوە بدەی، خۆ هەندێ جاریدی وامبیردەکـردەوە باشە چکارم بەو بیرکردنەوانەیە خۆ لێرەش دەتـوانی خۆ لەجیاوازیە زۆرەکان گێلکەی و لەکونجێکی کرێـدا ژیـانێکی شایسـتە بدۆزیـەوە، هـەروەك ئـەوەی ئێسـتا هەمە.

هەروا بێتـەوە لێـرە مرۆڤـی هـەموو شـارو وڵاتـەکان لەیەك دەچن، جگە لە جیاوازی زمـان و ڕەنـگ بـەڵام

کێـدەڵێ بوونــەوەرەکانی ئــەوێ ئەگــەر هــەبن وەکـو ئێمــەن، دوورنییــە ترســناکبن و ئێمــە بــە دووژمــن دانـێن، خـۆ پێچەوانەکەشی راستە، بـەڵام لـە هـەموو بارەکانــدا باشــترە ئەگــەر ئــەو دەرفەتــە هاتــە پــێش یەکدوو پێك بخۆیەوە ئەوجار سەفەرکەی دەنا هەموو ئەو وشەو پلانانەی پێشـتر ئامـادەت کـردوون لـەبیرت دەچنەوەو وەك ئەو رۆژانـەی کـە خـۆت ئامـادەدەکرد قسە لەگـەڵ کچێك بکـەی و دواتـر هـەموو وشـەکانت بیردەچـــوونەوە، یـــان ئـــەو کـــۆڕو کۆبوونەوانـــەی دەمانبەســتن و هــەر کــە نۆبــەی مــن دەهــات ئــەو پێشەکیەی دامنابوو بیڵم، وەهام لێون دەبوو دەتگووت قەت بیرم لێنەکردۆتەوە، یان لـە بەرنامەمـدا نـەبوەو زمانم تەتەڵەو پەپەڵەی دەکرد، هەموو ئەو خەیاڵانـە پێیان دەگوتم زیاتر بیربکـەوەو ئـەوجار دەگەیـە ئـەو خەونانـــەی هـــەتبوون، تـــا ئەوئێوارەیـــەی کـــە لـــە هاوینێکی گەرمدا بـوو پێداویستییەکانی مەسـتبوونم

هەمووی حازر کرد، هەڵبەتە کرێچی بووم و لەنهۆمی دووەمی خانوێکی قەراغ شاری هەولێر دەژیاین، کات ئێوارەو سەردەمیش فڕکانفڕکانی میلیشیا بوو لەسەر شەقامە تازە ئازادکراوەکان، نەبوونی ئاو و کارەبا نەدانی مووچەو بەڕەڵڵایی هەرگیز خەڵکی تووڕە نەدەکرد، چوونکە هێندە خولیاو تینووی ئازادی بوون ئەگەر ریشنە نوورانیەکان هەموو نیشتمانیان ئاودیو کردبا هەروەك واشیان کرد، کەس نقەی لێوە نەدەهات، ئەو رۆژانە بەفری چیا لەبازاڕەکان دەفرۆشراو چەندین کەسی بێتاوانیش لە سەرەی سەهۆڵی کارخانەکان کوژران، شەڕی براکان و سەنگەری سەر کۆشکە بەرزەکان هەمان سیناریۆی سەردەمی داگیرکاری بوو، بەڵام بە شێوازێکی نوێتر، شەقامەکان بۆنی خوێنیان لێدەهات و کەس خاوەنی خۆی نەبوو، بازرگانانی شەڕ هەرگیز نەیاندەهێشت ئاشتی پشوو بدات، دەسکەوتەکانیان بەلولەی

تفەنگەکانیان بەدەست دەهێنـا، کەچی منـیش لـەنێو ئـــەم بارودۆخـــە پـــڕ لـــە ململانێیـــەدا خـــەریکی دەوڵەمەندکردنی ئەو خوانە بووم کە نیو قاپ جنی ئەبووشـــەبقە لەناوەراســـتی زەڵاتـــەو پاقلـــەی کوڵـــاودا ســـەمای دەکـــرد، چـــاوەڕێ بـــوو بیچـــۆڕێنمە نێـــو پـــەرداخێکی شوشـــەی پـــڕ لـــە بـــەفری چـیاو فێنکـی کەمەوە، ئەویش جەستەم گەرم داهـێنێ و بـە یەکـەم دەستلێدان مەستمکاو بەشداری ئەو سەمایەم پێبکات کە لەگەڵ درووستکردنی یەکەم پێکدا توانەوەی خۆی لە نێو خوێنی یاخیمدا بەدیدەکات و تەواوی خەون و خـەیاڵ و خولیاکـانم بـۆ هێنـدە ئاسـان دەکـات کـە دەتوانم لە دواهەمین پێکدا بە دەستیان بێنم.

ئەو ئێوارە تاریکو گەرمە، ئاوێتە بە منێکی تینووی مەست بوون، یان خـۆ قوتـارکردن لـە ژاوە ژاوی سـەر شەقامەکان و یـەکتری بڕینـەوە خـەریکی دۆزینـەوەی خۆم بووم لەسەر ئەو خوانەی کە لە پارچەیەك زەوی

ئەو ئەستێرانە دەچوو کە هەموو خەون و خولیام بوون، کەچی میوانی ناوەخت ساتی مەست بوونی بۆ درەنگانی شەو دواخستم، پێدەچوو روداوەکانی ئەو شەوە دەرگای بەخت و ئاسمانی بۆمن واڵا کردبێ، بیانوێکی دابێتە دەستم تا لەگەڵ میوانە دیندارو خودا پەرستەکەدا باس لە بوون و دۆزەخ و بەهەشت بکەین، ئەو میوانە هات و جێقونی خۆی بۆ کاتێکی نادیار گەرمکرد، ئەو جیرانەمان بەهۆی ئەوەی چەندین جار لە تەلەفزیۆن دیتبوومی دەیزانی شیوعیم، دەشیزانی نوێژناکەم و سەردانی مزگەوتیش ناکەم، بەلاّم زیانم بۆ کەس نیەو رێزی هەموانیش وەکو یەك دەگرم.

بۆیە تا خودا خێرێکی بۆ بنووسێ زوو زوو دەهات و هەوڵیدەدا بمگەڕێنێتەوە،

لەوکاتەی ئەو باسی روباری شەراب و حۆریەکان و بەهەشتی بۆ دەکردم، ئەمن هەر بیرم لای خوانە

رازاوەکەی سەرەوە بوو، کە هەموو ئەو شتانەی لەسەر بوو کەئەو باسیدەکرد، بۆ نمونە نیو قاپ جنەکە هەر لــە روبــارە شــەڕابەکە دەچــوو، زەڵاتــەو پاقلەکــەش میوەکانی بەهەشت و هاوژینەکەشم بارتەقای هـەموو حۆریـەکانی ئـەوێ، هـەر لـەو کاتەشـدا ترسـی ئـەوەم هەبوو پشیلە برسیەکان کـە هەمیشـە سـەریان بـەنێو تەنەکەکانــدا دەکــردوو هیچــیان دەســت نەدەکــەوت، بەگژ ژیشکو دڕکودالێشدا دەهـاتن تـا زگیـان تێرکـەن، بچــنە ســەرخوانەکەم و ریســەکەم بکەنــەوە خــوری، میوانە دیندارە ناوەختەکەم هەمیشە باسی گەڕانـەوە بــۆلای خــوداو بەهەشــتی بــۆ دەکــردم، بێئاگالــەوەی منــیش حــەزم لێبــوو بگەمــە بەهەشــتی خولیاکــانم و گەشتێك بەو شوێنەدا بکەم کە ئـەو باسـی دەکـا، ئـەو دەیگوت:

قوڕ بەسەر، لە دوای مردن گیانەکان بـەرەو ئاسمـان دەڕۆن لــەوێ دۆزەخ و بەهەشــت ئامادەیــە، ئاخرئــەو

گوتانـەی ئـەوم هـەزاران جاریـدی بیسـتبوو، نـەدەكرا دڵی میوان بشكێنی، بۆیە منـیش دەمگـوت زۆر حـەزم لـەو فڕینەیـەو دەخـوازم بـەر لـە مـردن ئـەوە بكـەم، هەروەك چۆن یەكـەم خـەونم فـڕین بـوو بـۆ ئاسمـان، لەگـەڵ ئامـانج پیاسـەمان دەكـردوو شـامان بەسـەپان نـەدەزانی، ئێسـتاش حەزمـە نهێنییـەكانی ئـەوێ بـۆ ئێرە بێنمـەوە پـێش هـەموو ئـەو زانایانـە بكـەوم كـە لەوەتـــەی شارســـتانییەت درووســـتبووە بـــەدووی كەوتوون، بچم و سرووشتی هەسارەكان بۆ میوانەكەو هەموان بهێنمەوە.

دیندارەكەی میوانم دەیگوت: ئەوەی تۆ باسی دەكەی بـە زینـدوویی نـایبینی بـەڵام بـە گەڕانـەوەی تـۆ بـۆ ڕێیراسـت دوای مـردن دەیبـینی و خـوداش خێرێـك بـۆمن دەنووسـێ، منـیش جگەلـەوەی بـیرم هـەرلای خوانەكەی سەرەوەم بوو پێمدەگوت:

ئــەو ڕێیــەی جــەنابت باســی دەکــەی، حەزملێیــە بەزیندوویی بیبیـنم تـا دوای مـردنم شـارەزایم لـەوێ هەبێ بزرنـەبم و کەسـەکانم ببینمـەوە، هەروابێتـەوە ئەو ڕێیەی جـەنابتان خولیـای منـە، زۆرم حەزلێیـەو نەمرم گەشـتێك دەکـەم، خـۆ دوای مـردنیش هـەبێ و بیبینم هـەر باشـتر و شـەرتبێ بـەتینتر بـەدووی ئـەو ڕێیەی جەنابتان بکەوم، بەو قسانەی مـن میوانەکـەم دەموچاوی دەگەشایەوەو دەستی بەریشیدا دێناو هـەر ئەلحەمدولیلا ئەلحەمدولیلای بوو.

هاوژینەکەم چای هێنا، میوانە ناوەختەکەشم کەتێر تەماشـای کـرد گـوتی: ئیشـاڵڵا بـراژنیش بـۆ لەمـەودوا سەرپۆشی لەسەر دەکا.

ئەمیش گوتم: لەناو ماڵیشدا؟

میوانە چاوحیزەکەش گوتی:

بۆنــا، ئەگــەر میوانتــان هــەبوو باشــە سەرپۆشــی لەسەرکاو خوداش بەخێری بۆ دەنووسێ.

ئـەمیش رقـم هەسـتابوو هـەم لـە دواکـەوتنم بـۆ خوانەکـەی سـەرەوەو هـەم لـەو تەماشـا کردنـە حیزانەیەی میوانەکەم بۆیە گوتم:

ئـەدی نـاکرێ لەمیوانـداری و لـەو کاتانـەدا کـە حورمەیماڵەکە شتێك بۆ میـوان دەهێنـێ، میوانەکە چاوی خۆی داخا؟

میوانە ناوەختەکە گوتی:

ئاخرچاو ناگیرێ ئێمەمانانیش بە نەزەرەوە تەماشا ناکەین.

لەو شەوەدا هیچ باسوخواسێکم نەدەوروژاند، هەتا ئـەو نـەئاخافتبا وەڵـامم نـەدەداوە، چـوونکە حەزمدەکرد زوو بڕوا، تا بچم لە سـەرەوە سـەمایەکی دەروێشـانە لەگـەڵ ئـەو جنـە بکـەم کـە لەچاوەڕوانی مندابوو، میوانـە ئێسك گرانەکەشـم میوەشـی خـوارد ئەوجار ڕۆیشت، بۆیـە هـەر دوای وی چومە سـەرێ و سەرنجمدا تەنها بەشی یەك پێك بەفری شاخی مابوو،

بەفرەكـەم تێكـردوو یەكـەم پـێكم زۆر بـەخێرایی خواردەوە، چوونكە لەسەر برسیبوون و بەخەستیش خواردمەوە هەستم بـە شـلبوونی جەسـتەو سـڕبوونی سەرمكرد، قاپێك بـەفری شـاخی دیـم ئامـادەكرد، كـە لەناو فلینە سپیەكەدا شل ببـۆوە ، ئـاخر ئـەو رۆژانـە كارەبـا ئـی بەقایـە نـەبوو، بۆیـە زۆرینـەی ماڵـەكان فلینەیان هەبوو خواردنی ماوەو هەندێ میوەو ماسـت لـەناو وێـدا دادەنـرا تـا خرانـەبن، بەفرەكـەم لـە سـەر خوانەكە دانا، سەرنجمدا جنەكەی هاوڕێم بەماتی لـە سێبەرەكەی منی دەڕوانـی، ئـاخر ئـەو لـە چاوەڕوانی مندابوو حەزی لێبوو لەنێو جەستەمدا شایی بكـات و سەمایەكی شێتانەش فێری دەمارەكـانی منكـا، حـەزی لێبوو هەرچـی زووە لـە جیهـانی خـۆم بباتـە دەرەوەو هەڵمداتە نێو خەیاڵە بێشـەرمەكان و فێـرە نامۆیمكـا، جنەكـەی هـاوڕێم بـاش دەمناسـێ هـەرگیز دڵـۆپێكی بەخەسار نادەم و وەك بەشـێك لـە خـوێنی جەسـتەی

خۆم تەماشای دەکەم، بۆیە هەر جارێك کە ئاوێتەی یەکتری دەبین نەشئەو دواتر خەوێکی قوڵم دەداتێ، ئەوە جگە لە پێکەنین و ئەو نوکتە بێپەردانەی لەگەڵ هاوڕێیان باسی لێوە دەکەین.

ئەو جنە هەموو کون و کە لەبەری من شارەزایە دەزانێ لەکوێ پشوو بدات و بەکوێشدا بڕوا، هەر خەنیم دەکا، بۆیە کە پێکی دووەمی دەڕژێتە جەستەم ئاسودەییەك هەردووکمان هەڵدەپەڕێنێ، دەستی یەکتری دەگرین و پێکەوە بەدەم گۆرانییە خێراکانەوە سەمادەکەین، لە نێو یەکتریدا جیهانێکی ئەفسوناوی درووست دەبێت، رێك وەکو ئەو حەزو خەونانەی هەموان دەیبینن، هەرچەند جارێك زیاتر بچۆڕێتە نێو جەستەم چوونکە یەکەم جار بەر لێوم دەکەوێ یەکتری لستنەوە دەست پێدەکات و ئارامی تەواوی گیانم دەتەنێ، خەمەکانم بیر دەباتەوەو دەمباتە سەر نوێنەکەم، لەوێش لە جیاتی دایکم

لایلایەم بۆ دەکات، باوەشێنم دەکاو وردە وردە دەست بە پێڵوەکانمدا دێنێ، دەمباتە خەوێکی هێندە قوڵەوە لـەو شـەوەدا هـەولێر شـارە ئـاژن ئـاژن کراوەکـەم چـوارجار لەلایـەن هێـزە ناکۆکەکانـەوە بگـیرێ و بسەندرێتەوە بەخەبەر نایـەم، ئـاخر بۆیـە هـەرگیز دەستبەرداری جنەکەی هاوڕێم نـابم، هاوژینەکەشم کە ئەم شێوازی مەست بوونـەی مـن دەبـینێ هـەرگیز نابێتـە ڕێگـرو هاوکاریشـم دەکـات، لەسـەر خوانەکـەم دادەنیشـێ و بـەدەم مـەزە خوارنـەوە حیکایـەتی عاشـقبوونمان دەگێڕێتـەوە، بـاس لـە نیگـا ئەفسـوناویەکان دەکـەین، لـەو چـرایانەی دەمـانگوت قـەت ناکوژێنـەوە، هـەروەك هـەتا ئێسـتاش پـێن، لـەم خەیاڵ و بیرکردنەوانەدا ئاوێتـەی یـەکتری دەبـوین و تەواوی جنەکەش دەچۆ نێو جەستەی منـەوە، حـەزم لێنەبوو ئەو جنە سەرشێتە قـەت بێتـە دەرەوە، ڕێـك پێچەوانەی ئەو شێت و شورانەی دەچوونە لای مەلاو

موشایەخان، تا جنەکەیان لە جەستە دەرکا، بۆخۆم و بە دەستی خۆم پێشوازیم لێدەکردوو دەمچۆڕاندە نێو جەستەمەوە، ئەو لە ناوەوەم کاری خۆی دەکردوو لەبری ئەوەی شێتمکا بیرکردنەوەی فراوان دەکردم، هەستە نادیارەکانی وریادەکردمەوەو روی خۆش دەکردم و زۆر جاران هەر لە رێگەی جنەکەی هاوڕێمەوە کۆڕم دەبەستن و بەرامبەر یەك هۆردوو بەشەر شیعرم دەخوێندەوە، دەچوومە ستۆدیۆو هەر بەراستەوخۆیی هەواڵەکانم پێشکەش دەکرد، سەرەتا ئەو دەرهێنەرەی لەسەر مێکسەر بوو بۆنی دەکردم، دەتگوت ئامێری ئێستای دەست پۆلیسی هاتوو چۆیە، بزانێ خواردوومەوە یاننا، کەدەیزانی سەرخۆشم یەك دنیا بۆڵەبۆڵی دەکرد، بەلاّم هیچ چارەی نەبوو چوونکە هەر چەند خولەکێکی دەماو بە تووڕەییەوە دەیگوت: هەڵەش بکەی هەقم نییە، کەچی بە پێچەوانەوە دەردەچوو، نەك هەڵەم نەدەکرد دەنگم

هێنــدە گرِوخـۆش دەبـوو دەسخۆشـی لێـدەکردم، کـە شارەزاشم بوو ئەوجارەی پێش هەواڵەکان ئـەویش لـە گەڵم دادەنیشت و دەیخواردەوە.

خـۆ ئەگـەر میوانـە ناوەختەکـەی جیرانمـان دوای خواردنـــەوەی ئـــەو جنـــەی هـــاورِێم هاتبـــا قـــەت نەمدەهێشت بێزار بێت، دنیایەك نوکتەی خۆشـم بـۆ دەکرد، شیعرم بۆ دەخوێندەوەو کەمێك پرسیاری دین و دیانەتیشـــم دەکـــردوو باسوخواســـی گەردوونیشـــم لێدەپرســـی، ئـــاخر هەمیشـــە مەســـتەکان وان دڵێـــان فــراوانترو ســـەخی و زۆرجــاریش منـــداڵ دەبنـــەوە، هەندێجار بەگریان و زۆر جارانیش بە پێکەنینـەوەی دەگرن، بۆیە من لەوانەبووم کە دڵم بەقسەی خۆش و پێکـەنین دەکرایـەوە، هـەر لـەم رێیەشـەوە زۆرجـاران ئەوانەی بەرامبەرم دڵخـۆش کـردوون، دەمتـوانی ئـەو میوانـەش دڵخۆش بکەم و دوور نـەبوو لە رِێـی گاڵتـەو گەپەکانمـەوە ئـەو بکەمـە مارکسـی و خۆشـم دینـدار،

یــان هــەر لــەجیاتی ئــاو پێکێــك جنــی بــدەمێ و بەسەرخۆشی رەوانەی کەمەوە، تا لەگەڵ مەلاژن تێـر قســەی خــۆش بکــەن، بــەڵام چــبکەم ئــەو پــێش مەســتبوونم هــات، ئــاخر وێنەیــەکی وام پیشــاندەدا ئەگــەر شــارەکەی چــوارجار لــەم شــەوەدا گیرابــاو بسەندرابایەوە مێش میوانی نـەبا، فێـرە مەقامەکـەی خاڵە تایـەرم دەکـرد( چـەه چـەهەی بـوول بـوول) تـا لەبەر چاوی خۆم بگری و ژێر بێتەوە.

# بوونە پاڵەوان

هەرجنەکەی هاوڕێمە ئەمنی بە گەردوون و زۆر هاوڕێ ناساند و تەنانەت بردمیە سەر ئەستێرەیەکو هێنامیەوە، راستە هێشتا بۆم باس نەکردوون، بەڵام زۆری نەماوە دەیخوێننەوە، ئەوبوو لەناو برادەرەکانم کردمیە پاڵەوان و دواتریش بە ئەستێرەی بەختی ناساندم، هەرگیز ئەو رۆژەم بیر ناچێتەوە کە چەندین ساڵ لە مەوبەر لەسەر زێی بچوکی پشدەرو لەسەر گۆمی خاسێ، لەگەڵ چەند برادەرێك لەگەڵ

جـنی هـاوڕێم، خـەریکی سـەما کـردن بـووین ئێمـە لەناوەندی پێکەکاندا پیاسـەمان دەکـرد کـە چۆڕچۆڕ دەڕژایـــە ناخمانـــەوەو شـــەپۆلی زێیەکـــەش ئـــاوازو شنەیەکی فێنکـی دەداینـیٚ، کاتێـك پۆلێـك پێشمەرگە هاتنە سەر خوانەکەمان و لەبرسان لێویان وشك وشك ببۆوە، بـۆن ئارەقـەیان رۆژەڕێیـەك دەڕۆی، مانـدوو و کەنـــەفت، هەســـتت دەکـــرد تفـــەنگ و تاقمـــەکانیان بوونەتـــە بـــارگرانی بەشـــان و ملیانـــەوە، کالـــەو جلوبەرگەکانیان لە خۆیـان مانـدووتر دیـار بـوون، لـە پێستی دەموچاویانەوە برسیەتیت دەخوێندەوە، چرچ داگـــەڕابوون و ئارەقـــە یەخـــەی کراســـەکانی بـــۆر کردبوون.

لەگـــەڵ ئەوکاتەباشـــی ئـــەوان ئێمـــەش هـــەموان لەبەریان هەستاین و توند باوەشمان پێـداکردن، تـاقم تفـەنگو نـارنجۆك و ئـەو شڕوشـیتاڵەی لـە خۆیـان بەســـتبوو لـــە کەلەکـــەو ورگـــی ئێمـــە دەچـــەقی و ماچەکانیشـــیان ســـوێر بـــوون، خـــەڵکی

شارۆچـکەکەی خۆمـان دەرچـوون و یـەکتریمان بـاش دەناسـی، ئـەو خواردنـەی هێنابوومـان لەبـەردەمیان دامانناو وەکو هار خەریکی پاروو کـردن بـوون، یـەك دووێکیـان ئەوەنـدەیان برسـی بـوو قـەراغی نانـەکانی سـەرخوانەکەیان لولـدەداو پـێش پشکەگۆشـتەکان ئاودیویان دەکرد، ئەمن ئەوساتە زۆر نیگـەران بـووم، جنەکـەی نـاو جەسـتەم پاڵینـام و چـەند فرمێسکێك رژان، تێگەیشتم ئێمە لـە کەیفوسـەفای خۆمانـداین و ئەو پیشمەرگانەش بە برسیەتی و شڕودڕی بوونەتـە پـارێزەری ئێمـە، چـەند رقـم لـەخۆم و ئەوانیـدی هەستا، دوو هێندە پێشمەرگەکانم خۆش ویست، هـەر بـۆوەی تـەریق نەبینـەوە بەدەسـتی خـۆم گۆشـتم بـۆ دەبرژانـــدن و دەدانـــێ، بەدەوریانـــدا دەهـــاتین و دەچووین و چۆنیان حەزلێبا وامان دەکـرد، ئـەوانیش ئەمەیان دادەنیشتاندەوەو دەیانگوت:

دانیشتنەکەشمان لێتێکدان، ئەگەرچـی هێشـتا ئێمـە قوتـابی بـووین و هـەمووشمان سـەر بـەوان بـووین،

دوای نانخواردن کەوتنە هەواڵ پرسینی ناو شارو وردە وردەش پێکیان بۆ خۆیان دەکرد، لەگەڵ چۆڕانەوەی پێکەکان بۆناو جەستەیان جنەکەی هاوڕێم سەمای دەکردوو ئەوانیشی دەکردە یەکپارچە پۆڵا، شەرمی دەشکاندن و ترسی دەڕەواندەوە، لێویان تەڕ بۆوەو کولمەکانیان سووردادگەڕانەوە، خەندەو خۆشی گەڕایەوە سەر لێوەکانیان، تاقم تفەنگەکانیان لەخۆیان کردبۆوەو لەگەڵ ئێمە بەشداری خۆشیەکان بوون، ئامۆژگاریان دەکردین و هانیان دەداین لە خوێندن بەردەوام بین، ئەو ڕۆژانە وەکو ئێستا نەبوو، پێشمەرگە هیچی نەبوو بۆیە لە هیچیش نەدەترسا، چاوەڕێی پۆست و پاداشت و ڤێلاو مووچە نەبوو، خۆشەویستی ئەوان دڵی هەموانی تێر کردبوو، ئومێد بوون و لەسایەی ئەوانەوە بوو ئێمە دەمانتوانی دەنگ بەرز کەینەوە، ئەوساتە ئێمە لەناو خوانوخواردنەوەو خۆشی خۆماندا بووین، کە یەکێك لە پێشمەرگەکان قەت نەیخواردبۆوەو ئەو ڕۆژەش تەنیا نانی لەگەڵ

دەخـواردین، دوای نوێـژ کـردن، لەسـەر ئـەو چـەوە خاوێنانەی ئاو لایـدابوون، جلـەکانی دانـاو چووە نـاو گۆمی خاسێ تاخۆی بشوا کەچی بە پەلـەقاژە کـەوت، یەکەم کەس کە خۆی هاویشتە ناو گۆمەکە من بـووم، چونکە ئاگردانەکەی بەبەرد درووستمانکردبوو نزیکی گۆمەکە بوو و منیش خەریکی چالێنان بـووم، هـەروا بێتەوە جنەکەی هاوڕێشم بوو پێی گوتم:

دەی ڕۆژی تۆیـە، باوەشـم لێـداو ریشـە درێـژە خوساوەکەی کە هێشتا ئارەقـەی نێـو چیای پێوەبـوو، کەوتە سەرشانم، کە سەرنجم لە چاوەکانیدا پڕپڕ بوو لـەترس، پەلـەقاژەی مـردن مـنی تونـد بەخۆیـەوە نوساند، ڕەنگی سپی و دەسـتەکانی سـارد سـارد بـوون، زۆر بەخێرایی هەناسەی دەداو دەیویست بـایی چـەند کاتــژمێرێك لــە یــەك ســاتدا هەناســە وەرگــرێ نەکوجارێکیدی نقومبێ، چستە چستێکی لێوە دەهـات پێموابێ شادەی دەهێنا، دەیگوت: خودایە فریام کەوە، بەلاّم لەمن بترازێ یەك کەسیدی لەناو ئاوەکە نەبوو،

هـەر تـەکانێکیش کـە بـەرەو کـەناری دەدا شـەپۆلێکی بازنـەیی بـەدەوری هەردووکمانـدا دەکـردوو ئـەرکیشـی گـرانتر دەکـردم، هەسـتم دەکـرد ئـەو بەهـەردوو پێـی لەزەوی دەگەڕێ لاقی ناگاتێ و دەیەوێ خـۆ بەمنـەوە هەڵواسێ، منیش چوونکە ماسی نێو ئـەو زێیـە بـووم، رۆژنەبوو دوو کاتژمێر لەوێدا مەلـە نەکـەم، خـۆم لـە دەسـتی قوتـار کـردوو لـە پشـتەوەیڕا پرچـیم گرتـوو بـەرزمکردەوە، بـە هـەموو هێـزی خـۆم و هێـزی رۆیشتنی زێیەکە پاڵێکم بەرەو کەنار پێوە نـاو دواتـر بەدووی خۆمدا رامکێشا، لەماوەی تەنیا یەك خولەکدا زیـاتر لـە بیسـت مـەتر ئاوەکـە بـەرەو خـوار رایـداین هێشـتا هـاوڕێ و هاوسـەنگەرەکانی کـە ئـەوانیش بـە هانایـەوە هـاتن، ئـاو نەگەیشـتبووە ناوکیـان کـە لاقـی هـەردووکمان گەیشـتە زەوی، ئـەو سـاتە تێگەیشـتم مـردن کـەس نانـاسێ و ترسـێکە پاڵەوانـەکانیش لـە پەلوپۆ دەخا، ئەوان لە دیدی ئێمـەوە ئەفسـانە بـوون جێگەی ئومێدو لە ئێمە جیاوازتر بوون، کەچی یـەك

لــەو شــەهێنانە تونــد خــۆی بەمنــەوە نوســاندوەو بوومەتە جێگەی ئومێدی ئەو، هاوار بـۆ خـودا دەبـاو خــۆ بەمنــەوە هەڵدەواســێ، هەرچــۆنێك بێــت بــەو شـارەزاییەی لـە مەلەکردنـدا هـەمبوو پێشـمەرگەکەم گەیانــدە رۆخــی گۆمەکــەو بــەهاوکاری ئەوانیــدی بەهۆش خۆیمان هێنایەوەو جلەکانی لەبـەر کـردەوەو دوور لـە زێیەکـە دانیشـت، ئـەوانی دیـش هێنـدەیان باســی پاڵەوانیــەتی منکــرد، چــوبوومە پەڕپــەڕەی ئاسمان و زیـاتر لـە دووجـار بەرپرسـی پێشـمەرگەکان بەدەستی خۆی پێکی بۆ تێکردم، لەلای برادەرەکانیشم هێندەیدی شیرین بووم، ئاخر ئەوەی پێشـتر کـەداوای کەوچکێکم لێکردبا نەیدەدایە دەستم و دەیگوت: خـۆ تێتــدا نەشــکاوە دەســتدرێژکەو بیبــە، ئــەو وەختــە خەریکی وشککردنەوەی جلەکانی من بوو.

بەیەکێك لە هاوڕێیەکانم گوت:

چایەکە بووە ئەگەر ئەزێت نەبێ؟

ئـەویش یـەك پـێ ڕاسـت بـۆوەو چـوو چـای بـۆ هـەمووومان هێنـا، دڵنیـام پـێش ڕوداوەکـە پێمگوتبـا جرتـی بـۆ لێـدەدام، کـە چـایەکەی لەبـەردەمم دانـا هەستام و چایەکیشم بـۆ پێشمەرگە نیـوە خنکاوەکـە بـرد، ئـاخر ئـەو دوورلـە زێیەکـە دانیشـتبوو دەترسـا، ترسانێك پێم وانییە قەت لەبیری بچێتەوە، بەیەکەوە دەستمان بەچاخواردنەوە کرد، ئەو لەوکاتەیدا کە زۆر سوپاسی منیدەکرد، پێشی گوتم:

لەوکاتەی نقوومبووم منداڵیم هاتـەوە یـاد، لـەژێر ئـاودا رسـتـەیەك لـە بیرەوەریـەکان وەکـو تیسـکەی تفەنـگ بەمێشکمدا رەتبوون، هەردوو منداڵەکـەم زۆر بـەجوانی دیـتن، بۆیـە هێنـدەی خـەمی ئـەوانم بـوو نیوهێندە خەمی خۆم نەبوو، خەمی ئەوەم بـوو، دوو منـداڵم هەیـەو دەزانـن ئەوشـەو دەچـمە لایـان، لـە نەغەدەی وڵاتی ئێران دیاریم بۆ کڕیون و تەمام وایە ئەمشەو بیانـدەمێ، شـتێکم لێهاتبایـە ئـەوان هـەر لـە چاوەڕوانی من و دیاریەکاندا دەمانەوە، ڕاستیەکەشـی

شـەش مـانگ دەبێـت نەمـدیون لەوانەیـە هەرنـەیان ناسمەوە، ئەدی ژنەکەم بە بیلاهی ئەوەندەی غەریبی دەکەم خەریکە شێتبم بۆی.

که قسەی دەکرد لێوی زەرد ببوون، دەستی دەلەرزی و بەزەحمـەت چایەکەی بـۆ هەڵـدەگیرا، پشتیشـی لـە ئاوەکە کردبوو، دیاربوو مردنی بەچاوی خۆی دیبـوو، لە راستیشدا روح شیرینە، کە مـردن نزیـك دەبێتـەوە تـرس داوای خۆبەدەسـتەوەدانت لێـدەکا، خـۆ ئەگـەر رووبـەڕووی ببیـەوە تـرس هەڵـدێ، ئەگـەر خـۆش بەدەستەوە بدەی بۆخۆیت دەبا.

ئەمنیش دڵخۆشیم دایەوەو هیـوام خواسـت هـەرگیز منـداڵکانی بـێ بـاب نـەبن، ئیـدی ئـەو رۆژە بـۆمن کرانەوەی بەخت بوو، دەرگـای چوونەچیام بۆکەوتـە سـەر گـازەرای پشـت، پێشـمەرگەکان بـەتێروپڕی، بـە سـەرێکی مەسـت و دوای تاریـك داهـاتن خۆیـان بەشـاریداکردوو بـەرەو ئامانجەکـەی خۆیـان رۆیشـتن، منـیش لەوکاتـەوە هێندەیـدی بوومـە هـاوڕێی جنـە

سەرشێتەکە، هەمیشە لەسەرخوانەکان تەنیاو تەنیا سەمام لەگەڵ ئەو دەکرد، ئەو منیکردە پاڵەوان و منیش بڕیارمدا هەرگیز نەیگۆڕم، ئیدی چۆن ئەو رۆژە لەبیردەکەم و هەمیشە لەیادەوەریمدا دەمێنێتەوە، ئێستاش کە دەمەوێ گەشتێکی دوور بکەم ئەوە جنی هاوڕێمە لەگەڵم دێت و دەمپارێزێ، ئاشنای سوری خوێنمەو هەنگاوەکانیشم نەرم و حەلیم دەکا، هەرکوێی بوێ لەگەڵی دەڕۆم دەیچۆڕێنمە نێو خوێنمەوەو با لەگەڵ خۆی بمبا.

# چوونە ناو گەردوون

خـوانی ئـەو ئێوارەیـە لـە تەنکیـدەدا، مەبەسـتم ئـەو ئێوارەی میوانە ناوەختەکەمان خواردنەوەی دواخستم، دووا پێکی جنەکەی هاوڕێم لە چاوەڕوانی چۆڕانەوەی بـوو بۆنـاو جەسـتەم ، لەگـەڵ یـەك دوو دەنکـە پاقلـەی کوڵاو پێکەکەم ئاودیوی گەدەم کردوو ئیدی خوانی ئـەم شـەوە درەنگـە بـەکۆتا هـات، نـەبوونی کارەبـاو تـاریکی شـەو هێندەیـدی ئەسـتێرەکانی دەگەشـاندەوە چـوومە سەر تەختەی نووستن و سەرنجم کەوتە سەر ئەو گەلـە

ئەستێرانەی لە منداڵیەوە رژابوونە نێو بیرمەوە، ئاخر خەیاڵی منداڵی ئاوایە پێتوایە دەتوانی بە ئارەزووی خۆت ئەستێرەکان کۆکەیەوەو لە باغەڵیان هاوێی، چەندت حەزلێیە بۆخۆت بیانبەی ، ئەو ئەستێرانە لە خەیاڵی منداڵیدا وەکو ئەو وردە چەوانەن روبار لایداون، یان ئەو ماسییە بچووکانەن کەنارگیر بوون، بەڵام بەگەورە بوونی تەمەنت ئەوانیش لەنێو هزرتدا گەورە دەبن هەربۆیە سەرنجی ئەو شەوەم بۆ ئەوان جیاواز بوو، ئاخر میوانە ناوەختەکەمان بەدرەنگی خستبووم ، بۆیە زووتر جنەکەی هاورێم رژاندە نێو جەستەمەوە، سەرم دەسوڕاو لە گەورەیی و زەبەللاحی ئەستێرەکانم دەڕوانی، یەکێك لەو ئەستێرانەی لە هەموان گەشترو جوانتر بوو لە دیدی مندا چاوی لێدادەگرتم، جنەکەی هاورێشم لە ناوەوە کاری خۆی دەکردوو بەرەو سڕبوونی دەبردم، پێی دەگوتم:

تۆ پاڵەوانی چۆن توانیت شەهێنێك لەناو گۆمێکی قوڵ رزگار بکەی ئێستاش دەتوانی گەشتێکی دوور

بکەی، ئـەوێ جێگـەی خەونەکانتـەو بـڕۆ نهێنییـەکان بێنەوە، لەوکاتانەدا سەرم وەك ئەو دەفرانە دەسوڕا کـە لە گۆڤارەکان خوێندبوومنەوەو لە فیلمە خەیاڵیەکان و گرێنـدایزەردا دیبـوومن، نـازانم بـۆ هـەر جارێـك کـە مەسـتدەبم و دەکەومـە سەرپشـت ئاسمـان خـول دەخـوا، دەسـوڕێ و وادەزانـی هەرچـی خـوێنی جەسـتەتە بۆتـە جن و هوروژم بۆ ناو مێشکت دێنێ.

جنەکـەی هـاوڕێم ئـەوجارەش کـاری خـۆی کـردوو هەڵیدامـە نێـو دەریـای گەردوونـەوە، وەکـو سـۆپەرمان لـەنێو گەردوونــدا لــە گەشــتدا بــووم، یــەك یــەك ئەستێرەکانم بەسەر دەکردەوە، هەندێکیان وشکوبرینگ و تۆزاوی هەندێکی تریان هێندە سوتا بـوون، ببـون بـە خـەڵوز، بەچـاوی خـۆم ئەوکونـە رەشـە زەبەللاحانـەم دیــتن کــە دایــەنی یــان جێگــەی لــەدایك بــوونی ئەستێرەکان بـوون، جگـە لـە دووربـینی هابڵ و بنکـەی ناسـاو هەنـدێ ئـامێری باڵـدار کـە مـانگی دەسـتکردیان پێـدەڵێن چـیدیم لـە خولگـەی ئەسـتێرەکەی خۆمـان

نەدی، ئامانجی برادەری تەمەن پێنج ساڵەم هاتەوە یاد، چاوم لێدەگێڕا ئومێدم بوو بیبینمەوە چونکە دایکم گوتی: لە گەڵ فریشتەکان چۆتە ئاسمان، منیش هەر لەو ئاسمانەدا بەخەون دیتم و پیاسەمان دەکرد، ئێ خۆ منیش ئێستا لەنێو ئاسمانم بەلاَم لەوێش نەمدۆزیەوە، تێگەیشتم کەئیدی ئامانج بۆ هەمیشە بزربووە، یان خۆی بزرکردووە هەروەك هەموو ئەو کەسانەم کە رۆیشتن و بۆ هەمیشە نەمدیتنەوە، دەڕۆیشتم و وەکو باڵندە بە بۆشایدا دەفڕیم، جگە لەمن هیچ تەنێکی دیکە لە بۆشایدا نەبوو ، باڵندە لەوێ نەدەژیان و بێدەنگی تەواوی گەردوونی داگیر کردبوو، ئەو روناکیە تیشك باوانەی نیازگیان پێدەگوتن کە هەندێ شەو دەماندیتن و بەبەرگە هەوای زەوی دەکەوتن، دەیان گوت ئەوە گیانی پیاوێکی گەورەیە دەڕژێ، لەوێ هەبوون، بەڵام روناکیان نەبوو هەروا بێتەوە زۆر گەورەو زەبەللاح بوون ، کە بەتەنیشتمدا رەتدەبوون هەستم بەگەرمی و ئەو

هاشەیە دەکرد کە لێیانـەوە دەردەچوو، بـە هـەزارانیان بـــەنێو گەردوونـــدا وەك تیســـکەی تفـــەنگ لـــە کەوتنـدابوون، لـەو ساتانەدا رێـك تەقینـەوە گەورەکـەم هاتــەوە یــاد کــە زانایــان دەڵــێن هێشــتا گــەردوون لــە تەقینەوەدایەو دواتـر هـەموو بـەردە زەبەلاحـەکان بـە ئەسـتێرەکەی ئێمەشـەوە دەگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان، ئەو جیهانە هێندە فراوان بوو رێك ئەو هێڵە تەریبانـەم هاتــەوە یــاد کــە مامۆســتای بیرکــاری دەیگــوت هــەرگیز بەیەك ناگەن، تێگەیشـتم ئـەو گەردوونـە نـە سـەرەتای هەیــەو نــەکۆتایی، خــۆ کاتێــك ترســی بزربــوون و گەڕانــــەوە بۆســــەر ئەســــتێرەکەی خۆمــــان دڵــــی دادەخورپانـــدم، ئـــەوە جنەکـــەی هـــاوڕێم دڵنیـــای دەکردمــەوە کــە ئــەو شــارەزای گەردوونــە، جگــە لــە سەرســـوڕان و گـــەرمی ئەســـتێرەکانیدی کـــە وەکـــو رەشـەبایەکەی لای خۆمـان دەیلەراندمـەوە، هەسـتم بـە ماندوو بوون نەدەکرد، زۆر گەڕام چەندین گەلەستێرەو هەسارەو کۆمەڵـەم دیـتن، بـەڵام رەنگـی هیچیان وەکـو

ئەستێرەکەیمە جوان نەبوو، زۆرینەیان لەنێو تەمدا بزرو هەندێکیان خۆڵەمێشی، لەسەر چەندین ئەستێرەش نیشتمەوە، جگە لە بەردی زەبەللاح و قۆرت و شوێنی سوتان یەك گیانلەبەریشم نەدیت، زۆرینەی ئەو راستیانەم بۆ روون بۆوە کە زانایەکان پشتڕاستیان کردبۆوە، ئەوەندە نەبێ کەمن بەبێ پۆشاکی ئاسمانی و ئەو بوتڵە ئۆکسجینانە بووم کە پیاوانی ئاسمانی لە خۆیانی دەبەستن و نەشدەخنکام، بەتەنێ و بەنێو جوانیەکانی گەردووندا لەهاتووچۆدا بووم، بیرم لە گەورەیی گەردوون و درووستکەرەکەی دەکردەوە، هەندێجار چاوم لێدەگێڕا، ئەگەر درەوشانەوەیەکی جوانم دیبا پێم وابوو ئەوە خودایەو نابێت لێی نزیك ببمەوە، چونکە دوور نییە بە روناکیەکەی ببمە خۆڵەمێش، بەلاّم کەبەناویدا رەتدەبووم ئارامیەك گیانی دادەگرتم و جگە لە تەم و ئەستێرەیەکیدی هیچم نەدەدی، بۆیە هەر ئەوکاتانە بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە هەڵەیەك لە تێگەیشتنی من بۆ

خـودا هەیـە، ناشـیٚ ئـەو ئـەو روخسـارو وێنـە پـاك و بێگەردانە بێت، کە لەسەرزەوی لە ئێمەیان گەیانـدووە، بـەڵکو ئـەو توانایـەکی ونـە، وەك ئـەو موگناتیسـەی کـە هێزی کێشکردنی هەیەو نایبینین، بـەڵام بـە توانایـەکی زۆر بەهێزتری نادیار کە زاڵە بەسەر ئەو خولانەوانـەی ئێستاکە من لە گەردووندا دەیانبینم، گەردوونێك جگـە لەمنێکی زیندوو یەك گیانلەبەریشی لێنییە.

خەریکـدەبوو دڵنیـا ببمـەوە کـە ئەسـتێرەکەی ئێمـە تاقانەیـەو جگـە لـەو ژیـان لـە هـیچ شـوێنێکیدی نییـە، بەڵام جنەکەی هاوڕێم هەر سەرمنا تەواوی جەسـتەمی داگیر کردبوو، دەیسوڕاندمەوەو لە ئەستێرەیەکی نزیـك کردمــەوە رەنگـاو رەنـگ، جیـاوازبوو لــە هـەموو ئــەو ئەستێرانەی سەردانم کـردن، یـان لـەدوورەوە دەمـدیتن، دڵمکرایەوەو خەونەکانم لەویٚ کەوتبوون، چونکە جگـە لەرەنگـــەکانی ئێـــرە چـــەندین رەنگـــی جیـــاواز دەدرەوشـــانەوە، بـــەرەو ئـــەویٚ بەخێراییـــەکی زۆر دەڕۆیشـتم، لەگـەڵ نزیکبوونـەوەم بـەر بەرگـە هـەوای

ئەویٚ کەوتم، چاوەڕیٚ بووم بسووتیٚم یان لە سەرمان ببمە سەهۆڵ، بەڵام وادەرنەچوو سەرەتا هەوایەکی فیٚنك ئارامی کردمەوە دواتر بۆنی گیاو گوڵ و ئەو روەکە بەهاریانەم کرد کە لەسەر زەوی ئیٚمە هەبوون، هەرچەند نزیکتر دەبوومەوە، زیاتر خەونەکانم دەهاتنە دی، فڕین لەنیٚو بەرگە هەوای ئەویٚدا زۆر خۆش بوو، هەرگیز ئەو ترسە لەدڵمدا نەبوو کە بەر زەویەکی رەق و تەق دەکەوم و هەموو گیانم دەشکیٚ، لەساتیٚکی زۆر خۆشدا بووم هەستمکرد جاریٚکی دیش فڕیوم بەلاٚم وا بەرزو دوور نا، هەر لەوکاتەدا بوو کە فڕینەکەی سەر زەویم بیرکەوتەوە کاتیٚك میٚردمنداڵ بووم و تازە پایسکلیٚکی نویٚم کڕی بوو، لەنیٚو گەڕەکی خۆمان پیاسەم دەکردوو پیٚم وابوو لەم دنیایەدا جگە لەمن کەسی دی تیٚدا نییە، پایدەرم لیٚدەداو چاوم لە درزی دەرگاو ئەو سەربانانە دەگیٚڕا کە هەمیشە کچە ناسکۆڵەکانیان لیٚدەردەکەوتن، ئاخر بۆ ئەوکات پایسکل وەك ئۆتۆمبیٚل وابوو، هەموان توانای کڕینیان نەبوو،

ئەمن لە خەیاڵی خۆمدا بووم، کاتێ کۆترێکی پەڕلەپێی بەڵەکی  سپی و قاوەییم دیت لەسەر سوێبانێکی تازە درووست کراو نیشتبوو، خانوەکە هێشتا دیواری حەوشەی بۆ نەکرابوو هەربۆیە لمێکی زۆر لە سەر شەقامەکە رۆ کرابوو، ئەمیش لەخۆشی کۆترەکە چوونکە خۆشم کۆترم بەخێو دەکرد پاسکیلەکەم لە تەنیشت لمەکە داناو بەدیواری پشتەوە سەرکەوتمە سەربانەکە تا کۆترەکە بگرم، خۆم گەیاندە سەرێ و دڵیشم هەر لای پاسکیلەکەم بوو، سەرەتا سەرنجم لە پاسکیلەکەدا چ ببینم چاوم چۆ پشتی سەرم، مندالێك کە نەمدەناسی خەریك بوو سواری پایسکیلەکە دەبوو تا بیدزێ، منیش دەرفەتی ئەوەم نەما بە جێگەی سەرکەوتنم بێمەوە خوارێ، بۆیە بڕیارمدا بازدەمە سەر لمەکە ئیدی جگە لەو رێگەیە چیدیم بە مێشکدا نەهات رام کردوو بەهەموو هێزم لە سەربانەوە خۆم فڕێدا، بۆ یەکەم جار فڕینی ماوە درێژمدی هێشتا لە ئاسمان بووم دیتم کوڕە دزەکە ئاوڕی لەمن دایەوە،

ئەویش کەدیتی پرچوکراسەکەم لە ئاسمان با دەیبات و کەسێك باڵی گرتوەو بەرەو روویدێ، بۆیە خێرا پایسکیلەکەی فرێداو رایکرد، فڕینی من چەند چرکەیەکی خایاند، بەڵام هەر لە ئاسمانیش بووم کاتێ هەستمکرد ناگەمە سەر لمەکەو لەسەر قیرتاوەکە دەکەوم هەربۆیە خۆم ئامادەکرد بۆ کەوتن، هەناوم چوبووە سەرێ لاقەکانم بە مامناوەندی رەقکردن لەگەڵ بەرزەوی کەوتم شەپۆلێك لە بنی پێمیداو لە تەپڵی سەرم دەرچوو، بۆیە هەر لەو کاتەدا بە هێزی کەوتنەکە خۆم خلۆر کردەوە جگە لە ئازارێکی سەختی جومگەکانم نەمهێشت هیچ شوێنێکم بشکێ، بەڵام سڕو گێژو وێژ بووم، پایسکیلەکەم لەسەر شەقام کەوتبوو و منیش خۆم گەیاندە سەر لمەکەو لەسەر گازەرای پشت لێی درێژ بووم، لەنێو ئەو هەموو ئازارەی خۆمەوە سەرنجم کەوتەوە سەر کۆترەکە، ئەو هەر لە جێگەی خۆی بوو، منیش شەکەتوماندوو توانای هەستانم

نەمابوو، کاوسێنی جیرانیشمان ئـەو دیمەنـەی بەچاوی خۆی دیبوو بۆیە خۆی گەیاندە لام و پێی گوتم:

هـەتیو ئـەوە لـەخۆت بێـزاری؟ لـە ئاسمـان دیتمـی دەفـڕی، ئـەوە بـۆوات کـرد؟ ئـەمیش لەراسـتیدا نـەك توانـای وەلاٚمدانــەوەم نــەمابوو خواخــوام بــوو کــەس لەجێێخۆم نەجولێنێ ، پێم گوت:

هیچ نییە سەلامەتم.

ئەویش هەڵی گرتمەوەو لەبەر خۆیەوە گوتی:

دەڵێن منداڵ فریشتەی لەگـەڵن بـەو خودایـەی وانـەبا وەك شــوتی دەتــەقی شــوکر هیچــت لێنــەهاتووە، پاسکیلەکەم هێنایەوە لایخۆم و سەرنجمدا کۆترەکە هەر لە جێگەی خۆیەتی، بەلاٚم ئـەوەی زۆر سەرسامی کـردم نەمزانی بە چ عەقڵێك لەو دووریە خـۆم هەڵداوە، دڵـم هەرلای کۆترەکە بوو، منداڵە چەتوونەکەم لەیاد نـەماو هێنــدە ئازاریشــم هــەبوو هــەر نــەمتوانی ســواری پاسکیلەکەم ببمەوە.

ئیـدی هـەر لـە ئاسمـانی ئەسـتێرە نوێیەکـە بـووم و نزیکی خاکی ئەوێ بوومـەوە کـە ئەوفڕینـەی بـۆم بـاس کـردن هاتــەوە یـادەوەریم، زۆری نــەبردوو بــە ئــارام و نەرمی پێیەکانم کەوتە سەر خاکێکی نامۆ و پێڵاوەکانم لـەناو مێرگێکـی نەرمونیانـدا تـەڕبوون، بـۆنی پـونگ و خـوڕەی ئـاوێکی کریسـتاڵی ئاوێتــە بەهەوایـەکی پـاك، (گەشـتی هـەورامانی مامۆسـتا گـۆرانی شـاعیر) زەویـە کلۆڵەکەی خۆمانی بـیر هێنامـەوە، دەموچـاوم شوشـت و تێـر لـەوئاوەم خـواردەوە کـە رێـك لـەئاوی کانیـەکانی خۆمـان دەچـوو، کـە لـەدەم روبارەکـان و بـە قـەدپاڵ و چیاکاندا شۆڕدەبنەوەو رێبوارەکان تێر ئاو دەکـەن، ئـەو پروسـکو کارێزانـەیان بـیر هێنامـەوە، کـە لەگونـدەکان هـەبوون و سـەقاو تێـڕی کـەرەکانی لێپڕدەکـردن و بـۆ ماڵـانی دەبـردن، بەخواردنـەوەی ئاوەکـە کـەمێك هێـور بوومەوەو ئـەو سەرسوڕانەم نـەما کـە پێشـتر جنەکـەی هــاوڕێم دایبــوومێ، کەللــەم ئاســایی بــۆوە، بــەڵام هەرچـەندی ئـاوم دەخـواردەوە بـڕم نەدەشکاو هەستم

بەتێربوون نەدەکرد، چیاو زەمەندی کاکی بەکاکیم دیتن، جۆرەها باڵندەی هاوشێوەی سەر زەویەکەی خۆمان دەفڕین، هەندێکیان چینەیان دەکردوو ئەوەی ترس بێت نەیان بوو، لەمن نزیك دەکەوتنەوەو لەسەر شانوملم دەنیشتنەوە، نمەی باران و سروشتە دلگیرەکەی زۆری دارودەوەن و میوە جۆراو جۆرەکان ئەو بەهەشتەی بیر خستمەوە کەمیوانە ناوەختەکەمان بۆیباس دەکردم، پێموابوو ئەمن بەهەشتیم و بەبێ فیزاو لێپێچینەوە، بەبێ پەڕینەوە بەسەر تاڵە موەکەدا گەیشتومەتە شوێنی خۆم و هەربینە حۆریەکان بەپیرمەوە هاتن، ئامانجی برادەری منداڵیم دێتو فریشتەکانیشی لەگەڵە، ماموخاڵەکانم باب و داك و خوشك و برا مردووەکانم لەوێن و دەیان دۆزمەوە، ئێستا ئەوان لە چاوەڕوانی مندان و زۆرنابا دەست لەملانی یەکتری دەبین، لەوێش بیرم لەلای هاوسەرەکەم بوو ئاخر ئەگەر حۆریەکان بێن ئەو لەوێنییە کەواتە نابێتە یەکێك لەوان، چونکە ئەو هەرزیندوەو لەسەر

زەویەکـەی خۆمانـە، چـاوم لـە روبـاری شـەڕاب دەگێـڕا تەواوی ئەو جۆگەو ئاوانەی دیتمن رێك وەکو ئەوانـەی لایخۆمـان خورەیـان دەهـات و بێـڕەنگ بـوون، هەسـتم بـەهیلاکی جنەکـەی هـاوڕێم دەکـرد، بۆیـە حـەزم چووبووە قومێك لەو شەڕابە کەچی هیچم نەدی، بەڵام سرووشـتە ناوازەکـەی مـنی بۆخـۆی بردبـوو چـاوم کەوتبووە سەر جوانیەکان و خەیاڵیش تەواوی منـداڵیم و لاویەتی دەدواندم، ئەو رۆژانـەی بـیر دەهێنامـەوە کـە بـەدوای لێکردنـەوەی خڕنووکـو هەڵکەنـدنی گڕگـازو خـواردنی توتڕکـەوە منـداڵیمانی هـەراش دەکـرد، ئـەو رۆژانەی لاویەتی کەنیگای کچێك بەس بـوو تـا خـەیاڵی شەوانەمان ئاودا، رۆژانێك بەنێو گوللەکاندا دەڕۆیشـتین و دوژمنمـان هەراسـان کردبـوو، ئەوکاتوسـاتانەی لـەنێو ئاهەنگی ژنگواستنەوەدا بیرم هەر لایقورسـی ژیـان بـوو، ئاخۆ دەرفەتێك دەبێت تا بتوانین ژیـانێکی شایسـتە بـۆ خێزانەکەمان درووستکەین؟

لەو خەیاڵانەدا بووم کە جنەکەی هاوڕێم سەرنجی خستمە سەر ئەو جێپێیانەی کە هەر لەهی پێی خۆمان دەچوون، بەرێگەیەکی وشکی ناودارستاندا دیاربوون و جێمابوون، خەیاڵم پچڕاو پێمابوو خەڵکی تریش پێش من هاتوونە ئێرە بۆیە بەوێدا رۆشتم، جێپێیەکانم هەڵگرتن و دیمەنی سەرنج راکێشی ئەولاو ئەولای رێیەکە هەمیشە خەیاڵی دەبردمە لایخۆی، پێدەچوو ئەو شوێنەی من بۆی چووم هەمیشە بەهار بێت، چوونکە گیای زەردوو وشك نەبوون، هەنگاوەکانم لەسەر ئەو ئەستێرەیە زۆر شلوخاو بوون، هەستم بەماندوو بوون نەدەکرد، دیاربوو هێزی کێشکردن لەلای ئێمە زیاتر بوو، بەردەوام دەڕۆیشتم و چاویشم لە جوانیەکان دەگێڕا، لە دوورەوە ئاواییەکم دیت، پێدەچوو ئەو ژیانە بێت کە من بەدوویدا دەگەڕێم، تیشکی خۆر ئاواییەکەی روناك کردبۆوە، پێم سەیر بوو بەرۆژ گەیشتومە ئەوێ، ئاخر من بەنزیکی نیوەشەو بوو چوومە ناو گەردوون کەچی لێرە رۆژەو

سروشتێکی بەهاری دەبینم، لەوێ هیچ ترسم نەبوو دەروونم بە جۆرێك ئارام بوو دەمتوانی بەبێ جنەکەی هاورێم ئەو پاڵەوانەبم کە لەئەفسانەکاندا هەن، ئاخر ئەوەتا لەنێو قوڵایی گەردووندا ئەستێرەیەکی لە ئیخۆمان جوانترم دۆزیوەتەوە، گەیشتومەتە شوێنێك ژیانی لێیەو دەتوانم بیانبینم، ئەوەی تەواوی زاناکانی دنیا نەیانتوانیوە بیکەن یان نەیگەیشتونێ  والەوێم، بەدەم بیرکردنەوەو رۆیشتن تادەهات لە ئاواییەکە نزیك دەبوومەوە، سەرم بەرزکردەوە تەماشای بۆشایی ئاسمانم کرد ئەستێرەکەی خۆمان لەنێو ملیارەها ئەستێرەدا بزر ببو، هەموان وەکو یەك بوون، جگە لە تروسکەیەك کە لێیانەوە دەردەچوو هیچیدیت نەدەدی، لەدیدی منەوە تەواوی ئەو کەسایەتی و گەورە پیاوانەی خۆیان بە هیچ نەدەگۆڕیەوە، بەتایبەت ئەوانەی پێیانوایە نەمرن و لەوان بالاٌتر نییە، یان لوتیان لەبەرزەو بەرپێی خۆیان نابینن، بوونەتە گەردێکی هێندە بچووك ئەگەر ئەو تۆزە ترووسکەیەی

ئەستێرەکەی خۆمان نەبێت ئەوان هێندە ونن تا ئاستی وشەی هیچ، هەر لەو ساتە وەختەدابوو بۆیەکەمجار نامۆییەکی قوڵ داگیری کردم، هەستمکرد ئەوشوێنەی بۆیهاتووم پێناچێ کەسی منی لێبێت، نەمردووەکانمان و نەدۆستەکانم، تەنیایی لەوێ زۆر قورسە ئەگەر نەتوانم بگەڕێمەوە یان رێگریم لێبکەن ئەوە لە نامۆیدا وەزگ دەدەم، جارێکیدی خێزانەکەم بیرکەوتەوە پێمسەیر بوو لەگەڵخۆم نەهێناوە ئاخر جگە لە چوونە سەرکار بەبێ ئەو یەك بست ناڕۆم ، زۆر بیرم کردن هەستمدەکرد نەبەمردووەکانم و نەبەزیندووەکانم شاد نابمەوە، کێ دەڵێ سیمای ئەوانەی ئێرە و هی ئێمە وەکو یەکە؟خواردنیان ئەدی جلوبەرگ و ماڵ وحاڵیان هەموو ئەو بیرکردنەوانە لەوساتەدا بە مێشکمدا رەتبوون کە سەرنجم کەوتبووە سەر ئەستێرەکان، بیرم لە هاوژینەکەم لە کەسوکارو دۆستان دەکردەوە، تەنیایی غوربەتی هەستاندم فرمێسك گلێنەی پڕکردبووم و لەسەریشی دەڕژا، زۆر حەزمدەکرد

کەسێك هاودەنگ و هاوڕێمبا، تازە پەشیمان بوونەوەش دادتنادا لە خاکی نامۆیدام و دەبێت بەو قەدەرە رازیبم کە ساڵەهایە خەونی پێوەدەبینم، لەو ساتانەدا بوو نیشتمانم زیاتر خۆشویست پێمسەیر بوو هەندێك نیشتمانی خۆیان جێدەهێڵن و بەرەو هەندەران بۆ هەمیشە دەچنە خاکی نامۆییەوە، چۆن دڵیان ناتەقێ؟ کاتێك چەندین ساڵ لەخاکی خۆیان دادەبڕێن و نیشتمان و کەسوکاریان نابیننەوە، ئاخر هەر چەند ساتێکە گەیشتومە ئەستێرەیەکیدی کەچی پێموایە سەدەیەکە لە نامۆییدام، بۆیە روم سوڕاندەوە پێش خۆم، جوڵەی بوونەوەرەکان لەبەرچاوم بوون، ئەوان سەر گەرمی کاری خۆیان بوون و مێش میوانیان نەبوو، گەیشتمە ئەوێ و مرۆڤی هاوشێوەی خۆمانم دیت، بەموو لەگەڵ ئێمە جیاوازیان نەبوو، دەهاتن و دەچوون جگە لە سەرنجێکی نامۆ یان ئاوڕێکی سادە هیچیان پێنەگوتم.

هێشـتاکە گومـان مـنی داگـیر کردبـوو بۆیـە چـاوم لەکەسـەکانی خۆمـان دەگێـڕا، لـەدڵی خۆمـدا دەمگـوت دوورنییە ئێرە بەهەشت بێت، ئەو کەسانەی دەیـانبینم دایکـو بـاوکو خوشـکو بـرا مردوەکـانمن هـەموان لاو بوونەتــەوەو لەوانەیــە مــن نەیانناسمــەوە، ئــەوانیش روخسـاری منیـان بـیر چـووەو یـان گـەورە بـووم و نامناسنەوە، لەنێو ئەو بیرکردنەوە ئاڵۆزانەدا بـووم، کـە تێپەڕینی یەك لە بوونەوەرەکان بەبەر دەممداو زۆر لـە نزیکەوە ئەمنی دڵنیا کردەوە کـە ئەوانەخـەڵکی مـەنین و هـەرگیز کەسـانی سـەر ئەسـتێرەکەی خۆمـان نـین، هەربۆیە پێموابوو دەمگرن و دوور نییـە هـەموو گیـانم بشکێنن، دەمخەنـە زیندانـەوەو رەقـو وشـکم دەکەنـەوە، ئــەوان بــە بــەرگێکی تــەنکی زۆر ســادەوە خــەریکی کـاربوون، سـەرگەرمی ژیـانی رۆژانـەی خۆیـان بـوون، خانوەکانیــان لــەو دارو دەوەنــەی دەوروبــەری خۆیــان دروست کرابوو، لـە نـەخش و نیگـارو بـەرزی و نزمیـدا وەکـو یـەك بـوون و هـیچ جیاوازیـەکیان نـەبوو، کچـە

ناسکونۆڵەکانیان بەڕانو پـوزێکی سـپیەوە خـەریکی کـار بوون، هێندە جوان بوون هەر لەو حۆریانە دەچوون کە میوانە ناوەختەکەمان بۆی باسکردبووم، بـەڵام هیچیان بـەلای منــدا نــەهاتن، هــەر حسابیشــیان بۆنــەکردم، ئەوکاتــە تێگەیشــتم کــەئێرە بەهەشــت نییــە بــەڵام لەوێدەچێ، چـەند منـداڵێکی ژیکەڵـە خـەریکی گـەمان بوون، راکە راکیان دەکردوو یەك تۆز لـەمن نەدەترسـان هــەر ئاوڕیشــیان لێنەدەدامــەوە، وەك ئــەوەی کەســیان نەدیبێ ئەمیش بەدەرفـەتم زانـی و لـە دڵیخۆمـدا گـوتم بـا بیانــدوێنم بــزانم کــام قــەومن؟ یــەکیان لێمنزیــك کەوتەوەو گوتم:

ئەوە گۆڵگۆڵێن دەکەن؟

منداڵکەش هەر بەزمانی لەمەڕخۆمان گوتی :بەڵێ

بـۆ ئــەوەی دڵنیـا ببمــەوە کــە لەســەر ئەســتێرەکەی خۆمان نیم

گوتم: ریالن یان بەرشلۆنە؟

پێمـوابێ لـێم تێنەگـەیی بۆیــە وەڵامــی نەدامــەوەو رایکردەوە لای برادەرەکانی.

سەرنجمدا منداڵەکان هیچ لەمن نەترسان و تەنانەت نەچوون شکات یان هـەواڵیش بـە گـەورەکانیان بـدەن، بۆیە زیاتر ئارام بوومەوە، ئەو جارەیان لێیـان نـزیکتر کەوتمەوە لە یەك بەیەکی منداڵەکانم دەڕوانی، ئامانجی برادەری منداڵیم بەخێرایی بەمێشکمدا رەتبوو، منـیش لــەنێو ئــەو خەیاڵــەدا پیاســەیەکی نــەرمم بــەنێو منداڵکاندا دەکرد، سەرنجم جارێکیدی کەوتـە سـەر دوو منـداڵ هـەردووکیان خـەریکی درووسـت کردنـی ساروخ بـوون، رێـك لـەو سـاروخانەی بـەر لـە مردنـی ئامـانج بەیەکەوە درووستمان دەکردن، زیاتر لێیـان چومەپێش و لە سیمای یەکێکیانم روانی، رێـك بـە ئامـانج دەچوو، خورپەیەك لێدانی دڵی خێراترکـردم بـە نـەرمی و بـە ئەسپایی زیاتر لێیـان چوومە پـێش، تـەواو دیقـەتم لـە منداڵەکــەدا گومــانم نــەبوو کــە ئــەوە ئامانجــە، بەتایبــەتیش رێــك ئــەو ســاروخە کاغەزینانــەی

درووستدەكرد كە لەسەر زەوی فێر ببوو، بەلاٚم پێم سەیر بوو هەر لەو تەمەنە ماوەتەوەو گەورە نەبووە، بۆیە بۆ دلّنیابوونەوەم بانگم كردوو گوتم: ئامانج؟

ئەویش بە بیستنی ناوی خۆی ئاوڕی لێدامەوەو بەلاٚم هیچ گرنگیەكی پێنەدام، زیاتر لێی چوومە پێشێ و بۆ دلّنیا بوونەوەم گوتم:

ئەتۆ ئامانجی؟

برادەرەكەی كە پێدەچوو تازە فێری ساروخ درووستكردن بووبێ وەلاٚمی دامەوەو گوتی:

هەر كەسێك هەیە، ئەتۆ كێی لێمان گەڕێ تا كاری خۆمان بكەین؟

نەمزانی لە خۆشیان بوو یان سەرسوڕمان فرمێسك جارێكیدی لەسەر كولّمەكانم ریزیان بەست و تەواو لێی نزیك بوومەوەو دەستم خستە سەر هەردووك روومەتی و ماچێكی تەڕو بۆنێكی قولّی ئامانجم كرد، ئەمن هیچ گومانم نەما لەوەی ئامانجە بەلاٚم ئەو هیچ گرنگیەكی بەمن نەدا، تەنانەت تەماشای ناو چاوی كردم و یەك

وشەشــی نەدرکانــد، لــە بنگــوێی بەچــرپە پێمگــوت: برادەرەکەتم ئەوەی سەرزەوی.

ئەو جگە لە خۆ خەریك کردنـی بـە درووسـتکردن و فێرکردنی برادەرەکەی بەو ساروخانەی لەبـەر دەسـتیان بوو دیسانەوە گرنگـی پێنـەدام، بۆیـە هێندەیـدی کوڵی گریــان ئــەوکی گــرتم و ئــەوجارەیان هــەر بەئاشــکرا دەگریام، تاهـەرهیـچ نـەبێت سـەرنجی بکەوێتـە سـەرم و تۆزێـك بێتــەوە هۆشـخۆی و بمناسـێ، بـەڵام دیسـانەوە وەکو نەبای دیبێ و نەباران هیچ گرنگی پێنەدام.

چارەم نەما روم لە برادەرەکەی کردەوە و پێم گوت:

ئەرێ ئەو کوڕەی برادەرت ئامانجەو خەڵکی ئێرەیە؟

لە سـیمایدا بێـزاریم خوێنـدەوە، هەسـتم کـرد کاتیـان لێدەگرم و ئەوان لە پرسیارەکانی من بێزارن.

گومـانم نـەمابوو کـە ئـەو ژیکەڵەیـە ئامانجـە، بـەڵام ئێمـە وایـن هـەردەبێت لـەدەمی خۆیانــەوە بیبیسـتین، بۆیە هەرچی پرسـیارم دەکـرد وەڵامیـان نـەبوو، ئـەوەی کەزۆریش دووچاری سەرسوڕمانی کـردم ئـەوە بـوو کـە

گـرنگیم پێنـاداو هـەروەك خۆشـی ماوەتـەوەو گـەورە نــەبووە، هەرچــی دەمكــرد نەمــدەتوانی لێــی دوور كەومەوە، بەڵام بەناچاری تا نەئەو دووچاری كێشە بێ و نــەمنیش، لێیــان دوور كەوتمــەوەو ئــاوڕێكم لــە ئاواییەكە دایەوە تا گەورەكانیان ببینـم و ئـەو نهێنییـە ئاشـكرا بكـەم، بەتایبـەتیش كـەمن توانیومـە هـەم گەردوون ببینم و هەم ئامانجیش لەئەستێرەیەكی نـوێ بدۆزمەوە، هەروا بێتەوە بە دیتنی كەسێكی هاوشێوەی ئامـانج كـە كـەمترین گومانیشـم هـەبوو، فرمێسكەكانم وشـك بـوون و سـەرنجم خسـتە سـەر گـەورەكانیان، تـا لەوەش دڵنیاببمەوە ئەو شوێنەی بۆی هاتووم بەهەشتە یـان ئەسـتێرەیەكی ئاسـایی، دیـتم پیاوەكـان خـەریكی كــاربوون و ریــش و سمێڵێكــی تــەنك كەســایەتیەكی نازداری بۆ درووست كردبوون، جگە لە جلوبەرگەكانیان كـە لـەهی ئێمـە جیـاواز بـوون، تـەواو مرۆڤـی ئاسـایی لایخۆمان بوون، ئەو دیمەن و جوانی و سادەییەی ئـەوان پاڵی پێوەنام زیاتر لێیـان بچمە پـێش، كچۆڵەی جـوانم

زۆر دیتن بەڵام نەمویرا قسە لەگەڵ یەکێکیشیان بکەم، لە دڵیخۆمدا دەمگوت نەبادا پیاوەکانیان هێرشم بکەنە سەرو سەرو گوێلاکم بشکێنن، ئاخر قەد ئەو رۆژە لەبیر ناکەم کە کابرای شوفێری تەکسیەك هەر لەکن ماڵی خۆمان پرسیاری لە کچەکەی جیرانمان کردبوو تا ماڵی دۆستێکی پیشاندا، پیاوەکان لێی هاتنە دەرو ئەگەر ئەمن و یەك دوانێکیکە فریای نەکەوتباین کەلوپارچەیان دەکرد، دواتر کەزانیان میوانی جیرانەکەیانەو لە دوورەوە هاتووە هەر ئەوەندە مابوو دەستوپێی ماچنەکەن، هەربۆیە بەدزی نەبێ هەر نەمدەوێرا تەماشاشیان بکەم، تا لە دوو پیاویان نزیك کەوتمەوەو بەزمانی خۆمان گوتم: سەلام و عەلێك ؟

پێموابێ تێنەگەیشتن بۆیە وەڵامیان نەدامەوە.

بە دەست سلاۆمکرد تا لەزمانی هێماکان بگەن

بەسەر وەڵامیاندامەوەو گوتیان: ها...کەسی نامۆ چی ئەتۆی بۆ ئێرە هێناوە؟

پێش ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە، زانـیم ئـەوانیش وەك ئێمەن و دەتوانم تەواوی نهێنیەکانیان لێوەرگرم، هەروا زمانی ئێمەش دەزانن بۆیە پێم گوتن:

تــەنیا بــۆ گەشــتێك هــاتووم و دەڕۆمــەوە، بــەڵام پرســیارم زۆرەو لــە وەڵامــەکان دەگــەڕێم، پێدەچــێت یەکـەم کەسـبم هاتبمـە ئێـرەو نابێـت بەدەسـتبەتاڵی بچمەوە، یەکەم پرسیار کە بەمێشکمداهات پێم گوتن:

بە پەنجە ئیشارەتم بۆ ئامانـج کرد ئـەریٚ ئـەو منداڵـە ژیکەڵە دەناسن؟

یەکێکیان وەلأمی دامەوەو گوتی:

ئەوانە هەموان منداڵی مەن،

پێم گوت: لەنێویاندا منداڵێکی ناسیاوی منی تێدایە.

ئەویش گوتی:

ئەگەر وەکو مەبن هەموان ناسیاوی تۆن بەمەشەوە.

گوتم: ئاخر ئەو ناوی ئامانجەو ئی ولأتی مەیە.

بە دەموچاوێکی گرژەوە گوتی:

کەسیان ئی ولأتی ئێوە نییە و هەموان ئی خۆمانن.

منیش هێما ناشیرنەکەی نێوچەوانیم خوێندەوەو بۆ ئەوەی باشتر بیان ناسم بڕیارمدا پرسیاری وردتریان لێبکەم تا دڵنیا ببمەوە کەمن لەسەر ئەستێرەکەی خۆماننیم، سەرو سەکوتیان زۆر بەئی ئێمە دەچوون بەتایبەتیش کە ئامانجم دیت.

لەوساتەدا بیرم کردەوە بزانم چ دینێکن پێویستە ببمە دینی ئەوان نەبادا بەزنجیر یان شمشێر لێمدەن یاخود لە ئاگرم هاوێن و بمسوتێنن پێویستە لێرە وریابم و سەرکێشی نەکەم چونکە بەتەنێم و پێمدەوێرن، بۆیە بڕیارمدا شەیتانیش بپەرستن شەهادەی پێبێنم، کوڕە مانگاو پەیکەرو کەریشیان خۆشبوێ ئەمنیش ئەوەبم، ئاخر ناهەقم نەبوو چونکە دین تەواوی زەوی خۆمانی سەرقاڵ کردووە، غیرەتم دایە بەرخۆم و لێم پرسین:چ دینێکن؟

هەردووکیان تەماشای یەکتریان کردوو یەکیان گوتی: دین چییە؟

وەڵـامم نەدانـەوە بـەڵام تێگەیشـتم ئـەم ئەسـتێرەیە هێشتا دینی نەگەیشتۆتێ و بۆیە سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیانن، ئەو دابونەریتانە پەیڕەو دەکەن کە خۆیان بۆ خۆیان درووستکردوەو کەس بەسەریدا نەسەپاندوون.

جنەکەی هاوڕێم هێشتا لەگەڵم بـوو و بەرینـەدابووم، چـونکە نـەمن لـەوان دەترسـام و نـە ئـەوانیش لـەمن، گومـان لای هیچمان نـەبوو بۆیـە راسـتەوخۆ پێمگـوتن سەربە چ پارتێکن؟

بەم دوو پرسیارەم ئەوان ئەمنیان خوێنـدەوەو زانیـان هێشـتا لــە قۆناغــە ســەرەتاییەکانداین، ســەرنج و تەماشــاکردنی یــەکتری ئــەوان ئاوێتــە بــە زەردەخەنەکـەیان جرِتێکـی دوورودرێـژ بـوو بـۆ پرسیارەکەم، بەڵام شـەرم وشکۆی پـڕ لـە رێـزو نیانیـان بۆیـان نەکێشـام و پێیـان گـوتم: ئێمـە پێویسـتیمان بەوشـتانە نییـە کەباسـی دەکـەی، چـونکە ئەوانـەی پرسیارت لەبارەیانـەوە کـرد بـۆ ئێمـە بوونەتـە مێـژوو، ئێمـە هـەمووومان وەکویـەك کاردەکـەین و لـەژیانێکی

**سادەدا خۆمان دۆزیوەتەوە، پێشتر باپیرانی ئێمەش بەهۆی ئەو پرسیارە کۆنانەی ئێوەوە زۆر ماندوو بوون، دەزانین خەڵکی ئەم ئەستێرەیەنی و دەتەوێ زانیاریەکانی ئێمە بۆخۆت بەری، وە دەشزانین لە نێو هزرتدا خەریکی درووستکردنی دوو شتی یەکەم ماڵۆچکەیەك تا تێیدا بژی دووەم خەریکی پێکەوەنانی رێکخراوێکی سیاسی تا ئەستێرەکەی ئێمەش بگەڕێنیەوە سەدان سەدە لەمەوبەر، باشتر وایە خۆت بەو شتانەوە سەرقاڵ نەکەی دەنا پێشوازیت لێناکرێت و وەکو کەسێکی گەمژە یان بوونەوەرێکی دڕندە سەیر دەکرێی.**

**سادەیی و زیرەکی ئەوان سەرسامی کردم، بۆیە یەکسەر بیرەوەریەکانم بوونە باڵندەو لە زەویەکەی خۆمان دەگەڕا، نیگام بە ئاسمانی ئەوێدا گێڕا ملیۆنان ئەستێرە دەدرەوشانەوە ئەستێرەکەی خۆمان کە هەروەك ئەوانیدی دەهاتە بەرچاو زۆر بچوك دیاربوو، پێم سەیربوو ئەو شتە بچوکە جێگەی ملیاران مرۆڤ و**

گیانـــەوەرە، لـــە هەرگۆڕانکاریـــەك لـــە گـــەردوون و تێکچوونی سوڕانەوەی ئەستێرەکان گیانـەکانی ئـەوێ دەکەونـــە مەترســـیەوە، ئـــەو ســـاتەبوو کـــەنیگاو بیرەوەریەکانم ئاوێتە بوون ئاخر مرۆڤەکانی زەوی زۆر گەورە دیارن، بەڵام کە لەگەردوونـەوە سـەرنج لـە زەوی دەدەی ئەوکات دەزانی مرۆڤ چەند بچووکە، مامۆستای زانست بوو پێی گوتم :

ژیـان لـە خانەیەکـەوە دەسـتی پێکـردووە تـا گەیشـتۆتە ئێرە، ئیدی بۆ خۆمان بە گـەورەتر بـزانین؟ مامۆسـتای بیرکاریش گـوتی هێڵە تەریبـەکان قـەت ناگەنـە یـەك و یـەکتر بڕەکـانیش خـەریکی لـەتکردنی یـەکترن، ئـەوە یاسای زەویە، ئەوەی خۆمان بۆ خۆمان نووسیوەتەوە.

بـیرم لـە خێزانەکـەم و خێزانـەکان و نیشـتمانەکەم دەکـردەوە، ئێسـتا ئـەوان لـە خـەوێکی قوڵـدا یـان لەهاتوچـوونێکی پـڕ مەترسـیدان، دەنگـی تەقـەو گـەرماو نـەبوونی کارەبـاو پێداویسـتییەکانی ژیـانم دەهاتنەوە بەرچاو، کە لەگـەڵ ئێـرە بـەراوردم دەکـرد

**جیاوازیـــەکان زەق دەبوونـــەوە، ئـــاخر کێبڕکێیەکـــەی ئەوێ و سادەییەکەی ئێرە لەکوێ؟ ئێمـە بـۆ دژایـەتی یـەکترو خـۆ گـەورەکردن و گەنـدەڵی هـەموو شـتێك دەکەین، کەچی لێرە بۆ خۆشگوزەرانی ئەوانیـدی کـار دەکەن، هەروەك نەوەی پێشترمان کەبۆ خۆشگوزەرانی ئەوانەی ئێستا کاریـان کـردووە، ئیرەیـی ئـەوێم هاتـە پێش چاو کەچۆن برا ئیرەیی بەبراو خوشـك هـەرواو هاوڕێیەتیش خراتر، کەچی لێرە ئەو رەفتارە ناشیرنە بـەدی نـاکرێ، هـەموان بـەردەوام لـەکاردان تـا دڵـی ئەوانیدی پێخۆش کەن، نەسـەندیکای کرێکـاران و نـە پارتی هەژاران و نە بزووتنـەوەی چینایەتیان هەیـە، کەچی هەموو کاروبارەکانیـان رێچکەی ئاسایی خـۆی وەرگرتووە.**

**سەرنجم هەر لەسەر ئاسمانی ئەوێ بـوو لـەنێو ئـەو خەیاڵانەدا پیاسەم دەکرد کاتێك فریشتـەیەکی نـازدار کە هەر لەپەری دەچوو بەبەرچاومدا رەتبـوو، نیگـای**

مـنی پیـاو لەسـەر پـوزو سمتـە نازدارەکـەی نیشـت و تەواوی ئاسمانم لەیاد کرد، لەزەتێك کـەنازانم چۆن و لــە کوێــوە هــات لــەنێو جەســـتەمدا رژا، نیــانی و لەرینـــەوەی مەمکـــەکانی کـــە لـــەژێر قوماشـــێکی ئاوریشـمینی تەنکـدا خۆیـان نمـایش دەکـرد، دەتگـوت محەلـــەبی تـــازە درووســـتکراوە و شـــیر لـــەژێر پێستەکەیەوە دیاربوو، هات و چوونی سمتە خڕەکەی کە چەپوراستی دەکرد، مـنی بەتـەواوی بۆخـۆی بـرد، حەزم لێبوو قسەی میوانە ناوەختەکەمان هاتبایـەدی و لـەجیاتی هەرحـەفتا حۆریەکـە ئـەوەیان دابامایـە، یـاخود لەسـەر زەوی بـام و لـە خـەوێکی قوڵـدا وەکـو شـەیتان هاتبایـە نێـو جێگەکـەم و بـە کـەیفی خـۆم نیشـــبامایە ســـەری، بمگەوزاندبایـــەو جەســـتەی هەردووکمان لەنێو ئارەقەی یەکتریـدا شـەڵاڵ بووبـان، دەنگـــو هانکـــە هانـــك بەهـــەرکوێ دەگەیشـــت بـــا بگەیشتبایە.

رەتبوونی ئەو نازدارە خەیاڵی منی بۆخۆی برد، گەڕاندمیەوە باوەشی نازدارەکانی لایخۆمان کە هەمیشە بەدزیەوە کچەماڵیەکان لە درزی دەرگاکانەوە بە هەمان شێوە خۆیان نیشانی ئێمە دەداو سەرنجی پڕ لە حەزو ترسی ئاشکرابوونیان دەدایێ، لەوساتەدا جوانێکم دیت جیاواز بوو لەو هەموو جوانانەی لە ژیانمدا دیتومن، حەزمدەکرد پیاوەتیم بکەویتە باوەشی ئەو فریشتەیەی کە لە ئەفسانەکاندا بیستبوومن، ئەو تەنیا چەند ساتێك خۆی نیشاندام بەڵام من بایی سەدەیەك جوانی و حەزم لێوەرگرت.

پێم سەیربوو کە دوو پیاوەکەی ئەوێ غیرەیان لێ نەکردم و جنەکەی هاوڕێشم نەبووە بەربەستی تەماشاکانم، هەر بۆیەو لەهەمان ساتی خەیاڵە پەرش و بڵاوەکەمدا، ئەو رۆژەی سەر زەویم هاتەوە یاد، کە حەمەی هاوڕێی لاویەتیم، بەدڵ کچە جیرانەکەیانی

خۆشدەویســت و هەمیشــە باســی جــوانی وعیشــقە پاکەکـەی بـۆ دەکـردم، چـەندین مـانگ بەسـەر ئـەو باسوخواســانەدا تێپــەڕی، کــەرۆژێك مــنی بــردوو خۆشەویســتەکەی پیشــاندام، ئــەو رۆژە هــەمان هەستونەستی ئـەوڕۆی دامـێ، جـوانێکم دیـت پێشـتر نەمــدی بــوو، بۆیــە بەچــەند جارێــك دیــتنی خۆشەویستەکەی هاوڕێم، ئـەمیش وردە وردە حـەزم دەچـوویەو ئـارەزووم دەکـرد ئـەمیش جـوانێکی ئـاوام هەبێ، چەند بیرم لەکچە خزم و جیرانەکان دەکردەوە کەچـی جگـە لـە دەزگیرانەکـەی حەمـەی هـاوڕێی لاویەتیم، چاوم کەسی نـەدەدی، ئـەمن لـەدڵی خـۆم و بەتەنێ و بـەنهێنی تـەنیا حـەزم لـەو بـوو، لەکاتێکدا دەمزانی ئەو منی ناوێ و خاوەنی هەیەو بە خیانەتی گـەورەش ئـەژمار دەکـرێ، بـەڵام دڵـم واینـەدەگوت و بەتەنیا هەر ئەوی دەویست، ئاخر پێشتر هیچ کچێکی سـەرزەوی خۆمـان نیگـای خۆشەویسـتی نـەدابوومێ،

کچـانی ئــەوکات ترســی ئەوەنــدە گــەورە ئــاخنرابۆ دڵیانــەوە بــە گاڵتــەش نەیانــدەوێرا ســەرنجیان بخەنــە سەر کوڕەکان ئەوەندەنا خۆ ئەگەر لـە قوتابخانـە یـان کـۆڵان و شـوێنێکی گشـتی لەگـەڵ کوڕێـك وەسـتابان باسـی خوێنـدن و هەنـدێ بابـەتی گشتیشـیان کردبـا ئەوە چەندین چیرۆکی جۆراو جۆریـان بـۆ درووسـت دەکراو ناویان دەچووە لیستی یاخیەکانەوە، بۆ منیش هەروا بـوو جگـە لـە دەزگیرانەکـەی حەمـەی هـاوڕێی تەمەنی لاویەتیم، ئەویش بە متمانەیـەکی زۆرو وەك هاوڕیەکی گیانی بـەگیانی نیگـای دەدامـێ، بـەڵام دڵـی مــن بەجۆرێکیــدی نیگاکــەی لێــوەردەگرت و لــە شوێنێکی هەڵەی ناو دڵمـی دادەنـا، ئەوڕۆژانـە منێکـی عاشـق ئیرەیـم بــە هاوڕێکـەم دەبـردو غەمیشـم لـە عاشــقبوونی خــۆم دەخــوارد، چــوونکە دەمزانــی جگەلەوەی سەرجەم هەوڵـەکانی دڵـم بێهودە دەبێـت، کەچی بەخیانـەت و تەنانـەت رسـوا بـوونیش کۆتـایی

دێت، بـەڵام دیسانەوە دڵـم دەیگـوت : نـا لـەو بـڕازێ جێگەیەکیـدیم بـۆ کەسـیدی نییـە، خـەریك دەبـوو شێتانە عاشقبم، عاشقبوونێکی یەك لایەنـە کـە جگـە لــەمن کــەس بەنهێنیەکــەی نــاو دڵمــی نــەدەزانی، ئەورۆژانــە حــەزو خولیــاو عیشـقە پاکـەکانیش بــە دەسـتی بچووکەکان نـەبوو، بۆیـە ئـەمن بەسـەر دڵـی خۆمــدا زاڵ بــووم و دوای ئــازارێکی قــوڵی نــاخ و خۆجوینــەوە کــە هــەر مــن دەزانم چــەند شــەوان فرمێسـك بالیفەکــەمی تــەڕ کــردووە، بــۆ هەمیشــە نازدارەکــەی هــاوڕێم لێــدەرهێنا، هــەروەك بــاوانی کچــەکەش بــەزۆر بەشــویانداو لــە دڵــی هاوڕێکــەی منیشیان دەرهێنا، ئێستا هەریەك لە ئێمە کەسانیدی کەوتوونــە ژیانیانــەوەو دڵێشـمان لەبـەردەم ئـیرادەی گەورەکان و ئێمە چۆکیان داداو هەڵبژاردەکانی خۆیان بەجیهانێك گریـەو فرمێسکی شـەوانە دوورخستەوە، بــەڵام هەمیشـە ئاوڕێـك هەیـە بـۆ دواوەو ئەورۆژانــە

دێنــەوە نــاو بیرەوەریــەکان و ئازارمــان دەدەن، لێمــان نابنــەوەو یەکــەم خۆشەویســت کــە خــەتێکی رەنگــاو رەنگ بە دڵتدا دەهێنێ هەرگیز ناسڕدرێتەوە.

هەروەك ئەو برینە قولأنەی بەهۆی کارەساتێکەوە شوێنەکانی خۆیان جێدەهێڵن، وەك خزینی ئەو تاشە گەورانــەی لــە بەرزیــەوە خلۆردەبنــەوە، بــۆ هەتایــە ناگەڕێنــەوە جێگــەی خۆیــان، دواتــریش ئەگەرچــی هەمیشــە چــاوێکمان لەســـەر جوانەکانـــە، بـــەلأم دڵ شــتێکیدی یــان نهێنیــەکی گــەورەتری لــەنێو خۆیــدا حەشارداوە کە بەئامان و زەمان لێتنابێتەوە.

هەروەك ئــەو خەیاڵــەی کــە ئــەمڕۆ کەوتۆتــە ســەر بوونەوەرێکی ئاسمانی نیان کەتــەنیا بەچەند ساتێك دڵــم جوانیەکــەی وەرگــرت و بــەڵام بــایی ســەدەیەك خۆشمویست.

لەوساتەی کچە نیانەکەی سەر ئەستێرەکەی بەختم نزیــك بــۆوە ئــاوڕی دایــەوەو ســیما ئاگرینەکــەیم زۆر

بەڕوونیدی، دیتنی ئەو بوونەوەرە ناسکە لەنزیکەوەو نیگا جاویدانیەکەی کە هەر لە(دڵکەش)ەکەی سەر زەوی دەچوو شەقێك بوو لە بیرەوەریەکانمی هەڵداو ئەو خەتا دژوارەی فرێدایەوە بەردەمم کە دەرهەق بەدڵکەش کرا، دڵکەش سوتەمەنی نەریتە ناشیرنەکانی لای خۆمان، کاتێك لەنێو یەکێك لە بەندیخانەکانی ناو بەندیخانە گەورەکەی سەر زەوی دیتم و چیرۆکی خۆی بۆ گێڕامەوە.

# حیکایەتی دڵکەش

دڵکەشی سەر زەوی کە لە کچە خرپنەکەی سەر ئەستێرەکە دەچوو گوتی:

( لەرێگەی مۆبایلەوە کوڕێکم ناسی، ناوی شەماڵ بوو، دوواتر هاتە لای قوتابخانەکەمانو یەکتریمان دیت، زۆر زۆر یەکتریمان خۆشدەویست، لەراستیشدا ئەوەندەیان بۆ باس کردبووم کە کوڕ بەکچان رادەبورێرنو نایان هێنن، بۆیە داوام لێکرد بێتە

خوازبێنم، ماوەی شەش مانگ بەم شێوەیە ماینەوە لەم ماوەدا نهێنی ئەو پەیوەندیەم بەخوشکە گەورەکەم گوت، ئەویش سەرەتا زۆری پێخۆشبوو، بۆیە داوایکرد بیبینێ، ئەمجارەیان لەبازاڕ یەکتریمان دیتو تەنها پێنج خولەك توانیمان قسە بکەین، خوشکە گەورەکەم پێی گوت:

ئێمە لەو جۆرە خێزانانە نین قۆڵی خوشکم ببڕی دەبێت بێیتە خوازبێنی، ئەویش زۆر لە بەڵێنەکانی راستگۆبوو هەر دوای ئەوەی قوتابخانەمان تەواو بوو، هاتە خوازبێنی، بەڵام بۆ یەکەمجار لەژیانم کە لەپۆلی شەشی ئەدەبی بووم، دوو وانەم هێشتبۆوە، باوکم کابرایەکی زۆر توڕەبوو، خوێندنی تەواو نەکردبوو بەڵام زۆری حەز دەکرد ئێمە شتێ بەشتێ بکەینو قوتابخانە تەواوکەین.

خێزانی (شەماڵ) ئێوارەیەك هاتنو دوای بەخێرهاتن خوشکە گەورەکەم کەناوی (خاتوون) بوو، چای بۆ بردن، دایکی (شەماڵ) کە زۆر زۆرزان بوو ئاگای لە

هـەموو شـتێ بـوو ، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەدایکمی گوتبـوو بـۆ ئـەوەیان هـاتووین، لەراسـتیدا خوشـکەکەم بەرچاو و جوانتربوو منیش لەگـەڵ خوشـکە گەورەکـەم چەند جارێك چووینە ژووری پێشوازی، بـەڵام جگـە لـە دانـانی چایەو هەنـدێك شـتیدی نەماینـەوەو دەهاتینـە دەر، بۆ خۆمـان لـە چێشـتخانەکە هـەر قسـەی خۆشمـان دەکرد، کەمیوانـەکان رۆیشـتن مالّەکـەمان کـۆکردەوەو چووینە لای دایکمان پێم گوت:

ها بەدڵت بوون؟

ئەویش گوتی: کچم جارێ نـازانم، بـا باوکـت بێتـەوە پێی دەڵێم.

بەڵام لەیەك لەقسەکانیدا دایکـم گـوتی کچـم ئینشـاڵڵا بەختی تـۆش هەڵدەسـتێ، ئـەمن لەوکاتـەدا خورپەیـەك بەدڵمـدا هـات، بـەڵام شـەرمم کـرد پرسـیاری لێبکـەمو هیچم نەگوت.

شـەو بـابم هـاتبۆوە دایکـم هـەموو شـتێکی پێگوتبـوو ماوەی یەك هەفتەی مۆڵەت دابوونێ بۆ وەڵامەکە.

من لەو ماوەیەدا دەیان تەلەفۆنم بۆ (شەماڵ) کرد ئەو یەکجار وەڵامی دامەوە، دەیگوت سەرقاڵم، هەر لەو ماوەشدا بابم پرسیاری کردبوو براو کەسەکانی خۆشی تێگەیاندبوو کە کوڕێکی باش لە خێزانێکی باش داوای کچەکەیان کردووم، لەپڕ ئێوارەیەك دایکم بە خوشکە گەورەکەمی گوت:

سبەی ئەو ماڵە دێنەوە و بابیشت وەڵامی داونەتەوە، خۆت حارزکە.

دڵم داخورپاو گوتم:

دایە هاتنە خوازبێنی کاممان؟

ئەویش گوتی: خاتونی خوشکت گوتیان ئەوەمان دەوێ.

وەکو ئاوێکی ساردم پێداکەن وابوو، بۆیە گوتم:

دایە ئاخر ئەوانە بۆ من هاتبوون

گوتی: نا کچم نا، ئەوان بۆ خاتوون هاتوونو بابیشت گفتی ئەوی پێداون، جا حەیامان مەبەن.

لەراستیدا هێندەی شەماڵم خۆشدەویست هێندەش خاتوونی خوشکم، ئەو چەند ساڵێك بوو خوێندنی تەواوکردبوو، بەینمان پێنج ساڵ بوو ئەو رۆژەی شەماڵ هاتە خوازبێنی دڵخۆشی ئەوم داوە، چوونکە من لەو بچووکتر بووم، بەڵام هێشتاش دووا رۆژێکی رۆشن لەچاوەڕێی دابوو.

به دڵتەنگیەوە چوومە لای خاتوونو گوتم :

ئاگات لێیە ئەویش گوتی: خووشکم هەر لەو رۆژەوە ئاگام لێیە، دایکم بەهەڵە گوتوویەتی ئەگەرباوکو ئەوان رازی بن پێشکەشە، هەروا لەلای بابیشم هەر ناوی منی هێناوە یەکسەر ئەمیش بەچاوی فرمێسکەوە گوتم:

جا ئەتۆ رازی دەبی؟ ئەویش گوتی:

بەدەست خۆم نییە دەزانم یەکتریتان خۆشدەوێ، بەڵام بابم بڕیار دەدات.

کە گوێم لەو قسانە بوو یەکسەر چوومە ژوورەکەی سەرەوە کە منو خوشکەکەم لێی دەنووستین زۆر گریام،

دڵم بە خورپە کەوتبوو بە جۆرێك لێیدەدا دەمگوت ئێستانا ئێستا دەردەپەڕێ، هەرچەندە تەلەفۆنیشم دەکرد شەماڵ وەڵامی نەبوو. هێندەیدی دڵم تەنگ بوو لەسەر دەم لێی راکشام و لە گەڵ هەر هەنسکێکم سیسەمەکەی بنم دەجولآیەوە.

ئیدی سبەی ئێوارە بەبێ ئەوەی پرسم پێبکەن ماڵی شەماڵ هاتنو (خاتوون) ی خوشکمیان لە شەماڵ مارەکرد، ، منیش لەخەمان لەژووری سەرەوە تەنیا دەرگریام و بەهەنسکەوە بەخوشکەکەم گوت:

لەدەرەوەی ئەم خێزانە تەنها ئەوم شکدەبرد مادام شەماڵ رازی بووە ئەوە پێشکەش بەتۆم کرد.

ئەو رێزو خۆشەویستیەی لەنێوان منو خاتووندا هەبوو گەلێ زیاتر بوو لە خۆشەویستی منو شەماڵ، بەڵام من بەدەست خۆم نەبوو لەمێشکم نەدەچۆ دەر، راستە چەند مانگێك یەکترمان ناسیو دەستی بەدەستم نەکەوت، تەنانەت فریای ئەوەش نەکەوتین بەیەکەوە پیاسەیەك بکەین، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە ئەو

ڕۆژەی لەبازاڕ لەگەڵ خوشکەکەم شەماڵمان دیت ئیدی وەك جاران تەلەفۆنی نەدەکردو کەمنیش بۆمدەکرد، دەرفەتی ئەوەی نەدەدام زۆر قسە بکەم تەنها دەیگوت: بەمزوانە دەنێرمە خوازبێنیت بۆیە هەر ئەو ڕۆژەی خوشکەکەمیدی پەیوەندیەکەمان سارد بۆوە.

دڵەکەش که قسەی بۆ دەکردم لەچاویدا لەروخسارو لەنێوان وشەکانیدا هەمیشە شەماڵم دەدی، کە فرمێسکیشی دەهاتە خوار لەسەر کولمەکانی سادەیی و بێ خەتایم دەخوێندەوە لەو کاتەش کە بەکلینس دەموچاوی دەسڕیەوە، هەستم دەکرد دەیەوێ ڕابردووی لەگەڵ کەس و کارەکەی ئەوانەی زۆری لێوە نزیکبوون لەگەڵ کلێنسەکە فرێیان دەداتە نێو تەنەکەی زبڵەکەوە، ئاوڕدانەوەکانی بۆ پەنجەرەی ژوورو دەروبەریش یەك پارچە گومانو بێ متمانەیی بوو، بۆیە بەچاوی فرمێسکەوە درێژەیدایەو گوتی:

بێوەفایی شەماڵ و خیانەتی خاتوون شەوانە هەر سێکمانی بەگریان دەهێنا، بەڵام من بەئاشکراو بەتەنێ،

ئـەوانیش بـەدزی یـەکترەوەو بـەڵام کەتەلـەفۆنیان بـۆ یەکتری دەکرد، یان چەند جارێك بۆ مارەکردنی دادگـاو کـڕینی جلوبـەرگ دەرچـوون، هەسـتمدەکرد بـەدزی منـــەوە بـــوو و نەیاندەهێشـــت بـــزانم، هێشـــتا بـــۆ تاقیکردنـــــەوەکانی دەوری دووەم دەمخوێنـــــد کـــــە پێداویسـتیەکانی ئاهـەنگیان سـازدا ، ئـەمن بـەفێڵی خوێنـدن کـە بابیشـم بـێ ئاگـابوو لەچـیرۆکی مـن و شـــەماڵ، هـــەرواى پێبـــاش بـــوو، بۆیـــە ئاهـــەنگو گواسـتنەوەی خـاتوون زوو تێپـەڕی، بـەڵام هەڵپـەرینی ناوەوەی من کە تەنها گریان بـوو نەیدەهێشت بخـوێنم، لەدەسـتدانی شـەماڵ و خیانەتـە قەبەکـەی خـاتوونی خوشکم کە شەوانە رازو نیازمان دەگۆڕیەوە بـەخێرایی بەمێشکمدا تێدەپەڕین و باری نـا ئاسابیان رادەگەیانـد، بۆیە هەر نەچوومە تاقیکردنەوەکان لەسـەر ئـەوە بـابم زۆر لێمتوڕە بوو ئـەو دەعوەتانـەش کـە لـەنێوان ئێمـەو ماڵی باوانی شـەماڵ دەکـرا لەیەکیشیان ئامـادە نـەبووم، بۆیە بابم هەستی بە نائاسایی بوونی مـن کـردو چـەند

جارێك پرسیاری له دایكم كردبوو، ئەو گوتبووی لەگەڵ خوشـكی چـەند سـاڵە بەیەكـەوە بـوون ئێسـتا لێـك جیابوونەتەوە لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ بەڵام دایكـم لـەم مـاوەدا رۆژێـك كـە بەتـەنێ بـووین، هـەموو شـتێكم بـۆ بـاس كردبـوو، بـەڵام ئـەو زۆر گرنگـی پێنـەدا، چـوونكە نەیـدەزانی خۆشەویسـتی چـییە هەسـتی بـە گـەرمی سینەم نەدەكرد كە چ ئاگرێك لەوێـدا لـە كڵپەدایـە ئـەو پێـی وابـوو بـە (قەسـتی یـەكتریمان خـۆش دەوێ بۆیـە بەراستی خوشكمی پێشكەش بەوان كرد)،

دەیگوت: كچم كە لەبابت مارەكرام، نەمدی بوو ، بابم هەموو شتێكی كۆتـایی پێهێنـا بـوو ،لەبەغـداو لـەمانگی هـەنگوینی یەكتریمانـدی، بۆیـە ئینشـاڵڵا بـەختی تـۆش باش دەبێ.

ئـاخر ئـەو بێئاگـا بـوو لـە توانـەوەی مـن، جگـە لەدەسـتدانی خۆشەویسـتەكەم خوشكیشـم لەدەسـتدا، هـەروا بەدەسـت خۆشـم نـەبوو شـەماڵ لەبەرچـاوم نەدەكەوت.

درێژەیدایەو گوتی:

تێکەڵاو بوونی هەردوو خێزانەکە دوای گواستنەوە، بەتایبەتیش کە هەفتانە شەماڵ خاتوونی دەهێنایەوە ماڵ، ناچاربووم خۆم دەرخەم، چونکە نەدەکرا تاسەر من لەژوورێدا خۆم عاسێکەم، لەیەك لە هەینیەکانی یەکەم بەهاردا سەیرانێکیان بۆ دەرەوەی شار سازدا، من بۆ یەکەمجار دوای سێ مانگ لەگواستنەوەی خوشکم رووبەڕووی شەماڵ بوومەوە، لەیەکەم چاكو چۆنیشدا کەگوێم لەدەنگی بۆوە، لەژێر چاودێری خوشکمدا زۆر بەتوڕەیی وەڵاممداوە، بەڵام لەناخەوە شتێك پێی دەگوتم، نەدەبوو ئەو کوڕە قۆزە ئاوا بەئاسانی ببەخشی، ئاخر راستە خیانەتی لەمن کرد، بەڵام ئەو خۆشەویستیەی من بۆ ئەوم هەبوو زۆر پاکبوو، بۆیە پەلەقاژەی ناخم، پێزەوت نەدەکرا ئەو کڵپەیەش کەلەدڵمدا هەڵگیرسابوو پێم نەدەکوژایەوە بەڵام هەرچۆنێك بێت زاڵ بووم بەسەر خۆمداو وەك کچێکی عاقڵ خۆم گێلکردوو چووم لەگەڵ منداڵە گچکەکەی

براکـەم لـەژێر دارێکـدا دانیشـتم، براکـەم زۆر لەئێمـە گەورەتربوو، ئەو خاوەنی چوار منـداڵ بـوو، بـەڵام وەك بابم تووڕەوتۆسن هەر لەیەکەم مانگی ژن هێنانی لەگەڵ ئێمە نەحەواوەو ماڵی خۆی لێکردین، چوونکە تاقانەش بـوو بـابم خـانووی بـۆ کـڕیو دایمەزرانـد، ئێمـەش لەماڵەوە تەنها ئەو دوو خوشکە مابووینەوە.

مـاوەی کاتـژمێرێك زیـاتر لـەژێر ئـەو دارە دانیشـتم شـەماڵیش سـواری سـەیارەبوو رۆی، زۆری نـەبرد بـۆ یەکـەم جـار رەقـەمی شـەماڵ هاتـەوە نێـو مۆبایلەکـەم بەدەست خۆم نـەبوو وەڵامم داوە، بـەڵام تـوڕەییم هـەر پێـوە دیـاربوو، بۆیـە نەمهێشـت قسـان زۆر بکـاتو بەتایبـەتیش کـە هەمیشـە لـەژێر چـاودێری خوشـکمدابووم، ئیـدی لـەم سـەیرانەوە پەیوەندیـە تەلەفۆنیەکان لەکاتە گونجاوەکاندا بەتایبەتیش کە مـن لەماڵـەوە بەتـەنێ بـووم دەسـتیان پێکـردەوە، ئـالێرەوە منێکی بێتـاوان، هەڵخلیسکامەوە نێـو خۆشەویستییەك کە پێشتر هی خۆم بوو لێیان ستاندبووم، چوومەوە ژێر

کاریگەری ئەو وشانەی شەماڵ پێی دەگوتم، ئاخر ئەمن دەمزانی بەشی هەرە زۆری ئەو قسانەی بۆی دەکردم راست نین، بەڵام ئاگری ناخم فێڵی لێدەکردم و بەراستم وەردەگرت، ئەو دەیگوت:

دایکم کەخاتوونی خوشکتی دیوە، عەشقی بووە، پێی گوتم لەو بترازێ کەسیدی ناکەمە بوکی خۆم، ئەو ئاگای لەخۆشەویستی بەینی منو تۆ نەبووە، کەداواشی کردووە، دایکت پێشکەشی کردووە، رازی بوونی منیش فشاری ماڵەوە بوو کە دەهاتنە وێزەمو دەیانگوت خاتوون بێنی قەت پەشیمان نابیەوە ئێستاش کە تۆ دەبینم هەست بەشەرمەزاری دەکەم، بۆیە هەتا لەناو گۆڕ بەردەکەم دەخەنە سەر سینگ لەبیرت ناکەم.

ئەم قسانەی شەماڵ کە لەنێوان درۆو راستگۆیدا بوو، راستیەکانم هەڵدەبژاردوو دۆریەکانم فڕێدەدا، هەڵبەتە خەتام نەبوو کەدرۆیەکانم فڕێدا لێرەشدا خۆشەویستی فێڵی لێکردم, لەراستیشدا ئێستاش هەر ئەوم خۆش دەوێ، چەند کارەساتی دیشم بەسەربێ ئەو بۆ من

یەکەم خۆشەویستەو ئەگەرچی لێیان دزیم یان خۆی لێونکردمو بۆ هەتایە جێی هێشتم.

گێرانەوەی چیرۆکەکە بەهەنسکەوەبوو، بۆیە پێموابێ لەگەڵ هەر هەنسکێکدا ئەو دەمرێو جارێکیتر بۆ بەتاڵکردنەوەی ئازارەکانی، بۆ فرێدانی راستییەکانو خۆ ناساندنی بەدەوروبەر، کە ئەو خەتایەکی نەکردووە جگە لەخۆشەویستی دەهاتەوە سەری دێڕو دەیگوت: پەیوەندیەکەمان بەتەلەفۆن گەیشتە یەکتر بینین، ئەو بەهارە هێشتا بەکۆتا نەهاتبوو کەچەند جارێك بەتەنێ سەردانی ماڵمانی دەکرد، ئاگری خۆشەویستی جارێك منی فرێدایە ناو باوەشیو ماوەی دەخولەك بەس گریام، دایکمو خاتوون هەستیان بەم پەیوەندییە نوێیە کرد، بۆیە کارەسات ئەو رۆژەبوو کە خاتوون بۆسەی بۆ شەماڵ دانابوو ئاخر من گۆڕابوومو هەستم دەکرد ئەوەی لەمن سەندراوە دەبێت وەریبگرمەوە، بۆیە دوای نیوەڕۆیەك کە دایکیشم چووبووە بازاڕ من بەتەنێ بووم شەماڵ هاتو هەر لەناو هۆڵی ماڵێ بێ ئەوەی

یـەکتر ماچـکەین کـە قـەت ماچـی نـەکردووم ئـاوێزانی یەکتربووین، بەدەسـتی خـۆم دەرگـای حەوشـەم داخسـت بەڵام دەرگای هۆڵەکـە لـەدەرەوەش دەکرایـەوە، خـاتوون بەژوورێیدا کردوو چریکاندی ئەمن رەنگم زەرد داگـەڕا ئەوەی دەمزانی لەبیرم چۆوە، دایکـم کـەتازە رۆیشـتبوو ئـــەویش پەیـــدابۆوە بەهـــەردووکیان هێرشـــیان کـــردە سـەرمو هەرایەکـەش بەشـەماڵ دانەمرکایـەوە ئـەویش بۆی دەرچوو، ئەمن تا ئەوکاتیش هەسـتم نـەدەکرد کـە خوشـکەکەم ئەوەنـدە خراپـە لەگـەڵم، پرچـی دەگـرتمو رایدەکێشا، دەیگوت بەبرام دەڵێم بتکوژێ، بـۆ خیانـەتم لێدەکەی جیران بەسـەرمان وەربـوون، هـەواڵ لەرێگـەی تەلەفۆنــەوە گەشــتە بــرامو بــابم، تــا ئــەوان گەشــتنەوە جیرانێکمان کە ئەفسـەری پۆلیسـەو ئێسـتاش زۆر ئاگـای لێمە داڵدەیدام، بردمی بـۆ مـاڵی خۆیـان براکەشـم هـەر کەدەگاتەوە ماڵ و بەم هەرایـە دەزانـێ بەتایبـەتیش کـە خوشـکم چـەندە دوو ئەوەنـدەی دی پێـوە دەنـێ، هـەر بـەبێ پـرس دەچـێتە دەرو لەبـەردەرگای مـاڵی خـاتوون

لەناو ئۆتۆمبێلەکەی سێ گوللە لەسەری شەماڵ دەدات، براکەم دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ منیش بکوژێ، بابو برای شەماڵ دێنو لەناو ماڵی خۆمان دەستڕێژ دەکەنو برامو بابمو خاتوون دەکوژرێ، ئاگام لەهیچ نییە تەنیا ئەوەندە مەفرەزەیەکی پۆلیس دێن و بەدزیەوە سوارم دەکەن و دەمبەنە زیندانێك کە ئێستاش نازانم کوێیە، ئیدی دوو رۆژ دوای رووداوەکە، دادوەر هاتو وتەکانی لێ وەرگرتم منیش چۆنم بۆ ئێوە گێرایەوە ئاواش بۆ دادوەر، ئیدی چەند جاری دیش پێمبلێن هەر ئەوەبوو کەگوێتان لێبوو، دادوەر پێی گوتم کە بابو براو خوشکمو شەماڵ کوژراون، ئێستا بابی شەماڵ و کوڕەکەی لەزیندانن، منیش لێرەو دایکیشم پێموابێ چۆتە شارەکەی خۆی بۆ لای خاڵەکانم، کەسم نەماوە لەگەڵ خەیاڵەکانم دەژیمو ئەگەر چاکەی ئەو ئەفسەرە نەبایە ئەمنیش لەگۆڕدابووم، خۆزگە ئەو رۆژەی هاتنە خوازبێنیم خۆشەویستەکەم نەبەخشیبا.

(دڵکەش) قسەکانی تـەواوکرد، مـن دەمزانـی کـات زۆر لایـــداوە، بـــەڵام لـــەنێو ئـــەم چـــیرۆکەدا توابوومـــەوە، هـەروەك چـۆن ئێسـتا لـەنێو جـوانێکی ئەسـتێرەیەکی دیدا سڕ بووم، ئـەو جوانـەی سـیمای دڵکەشـی لـە خـۆی بەســـتووەو خەریکـــە جارێکیـــدی عاشـــقم دەکاتـــەوە، هەســـتمکرد، دڕنـــدەیی پیاوەکـــان کەلتورێکـــە لـــەنێو دارســـتانە چـــڕەکانی ئـــەفریقاوە گەیشـــتۆتە ئـــەو بیشـەڵانانەی کـە تـەنها گیانلەبـەرو دڕنـدەکانی لێیـە، ئەوانـــەی بەرامبـــەرەکانیان ونجڕونجـــڕ دەکـــەن و ئـــەو یاسایانەیان بەسـەردا دەسـەپێنن، کـە بـەتوانا دەمـێنن و ئەوانیدی دەبێت ببنە سوتەمەنی.)

# جولانی گیانی شەڕانگێزیم

دڵکەشـــم جێهێشـــت و بـــەڵام سـێبەری ئـەو هـەر لەمندایە، هەربۆیە بەدیتنی ئـەو جوانـە ئاسمانییـە کـە هەر لە دڵکەش دەچوو، روحیانەتـەکانم بیرهاتـەوەو لـە دڵی خۆمدا گوتم:

چ خەتایەکە ئەگەر لە بەهەشت ئـەو دژانـە بگەنـەوە یەك بەتایبەت کە باب کچی خۆی دەکوژێ، یان مێـرد ژنی خۆی و کوڕ باوك و دایك و خوشك و ئەو کوشت و

بڕیەی لەسەر زەوی هەیە، هەر هەمووی بگوازرێتەوە ئەوێ، ئاخر دواتر دەبێ لەوێ چکارەساتێك بقەومێ، بلێی گیانی تۆڵە ئەوێش خەڵتانی خوێن نەکا؟! ئیدی لەو خەیاڵانەدا بووم هاتمەوە سەر خۆم و زۆر بە خێرایی سەرنجەکانم گواستنەوەو ئەوەی زۆریش سەرسامی کردم نە جنەکەی هاوڕێم و نە بوونەوەرەکانیدی بەنیگاو سەرنجەکانم نیگەران نەبوون.

بەئاگاوە دەمویست بە پرسیاری زیاتر سەرنج و بیرکردنەوەکانم لای ئەوان نەهێڵم بەڵام وەڵامە پێشوەختەکەی ئەوان و زانیاریەکانیان سەرسامیان کردبووم، نەشم دەتوانی بێدەنگ دانیشم و ئەوان وەڵامی من بدەنەوە، هەر لەو ساتە پڕ لە خەیاڵانەدا بووم کە ساروخێکی دروستکراوی دەستی ئامانج بە نێوان ئێمەدا تێپەڕی، منیش سەرنجم کەوتە سەر ئەو منداڵەی کە دڵنیا بووم ئامانجەو بەڵاَم نەمدەتوانی پرسیاری زیاتری لەبارەوە بکەم، ئامانجی برادەری

منـــــدالّی مـــــن و نەناســـــیاوەکەی ئێســـــتای ســـــەر ئەستێرەیەکیدی، بـۆ یەکـەمجار ئـاوڕێکی پـڕ لـەمانای لێدامـەوە، ئـەوە یەکـەم گرنگـی دانـی ئـەوبوو بـەمن، خورپەیـــەك وەك بروســـکەیەکی بارگـــاوی جەســـتەی سڕکردم و بەلاّم دیسانەوە نـەمتوانی یـەك پرسـیاریدی لــەبارەوە بکــەم، بۆیــە تــا ســەرنجی ئــەوان لــەخۆم و ئاوڕەکـــەی ئامـــانج دوور خەمـــەوە پرســـیم ئاشـــنای گەردوون یان ئەستێرەکەی ئێمەن؟

ئەوان پێکەنین و یەکێکیان گوتی:

هـەتا ئێسـتاش ئەسـتێرەکەی ئێـوە بەدەسـت خـاوەن هێزەکانەوەیە، تاوەکو هەرخەریکی بەرهەمهێنانی وزەو ئاسن بن، ئاشـتی و ئـارامی نـابینن، لـەلای ئێـوە پـارت و حکومەت و بەرپرس هەیە، ئەوانـە دەسـەڵاتیان لەسـەر کـەولّی ئێـوە فـراوان دەکـەن، بۆیــە سـەدان جـار ئێـوە کۆیلایەتیتان زیاترە لە ئـازادی، پێتوانـەبێ دۆزینـەوەی ئــەو ژیانــە ســەرەتاییەی ئێمــە لــە دواکەوتوییــەوەبێ نـــەخێر باپیرانمـــان دوای ئـــەزموونێکی زۆر دواجـــار

ســــەرەتاکانی ژیانیــــان کردۆتـــــە پێـــوەری ئـــەو خۆشـگوزەرانیەی تێیـدابن، رێـك پێچـەوانەی ئێـوە کـە هـەر خـەریکی درووسـتکردنی هێـزو زاڵبـوونن بەسـەر یەکتریدا.

یــەك لــەو دوو بوونــەوەرە کــە لەراســتیدا مرۆڤێکـی ئاسایی لایخۆمان بوو هەڵیدایەو گوتی:

تــا هــەمووتان لــە ژیــان و بەرهــەم و ماندووبوونــدا یەکسان نەبن کۆیلەن.

هەڵمدایەو گوتم:

ئێمە رێکخراو پارتی سۆشیالستیمان هەیـە و کـار بـۆ ئەو یەکسانیە دەکەین کە جەنابتان باسی دەکەن.

گوتـی: پارتـەکانی ئێـوە سـەرۆکیان هەیـەو لـەماف و ئەرکدا یەکسان نین، بۆیە ئێـوە کۆیلـەن باپیرانمـان ئـەو حیکایەتانــەی ئێوەیــان بــۆ تۆمــار کــردووین ئێســتا بوونەتە فۆلکلۆر منداڵەکانمانی پێدەترسێنین، هەروەکو ئەو کۆشکە بەرزانەی کە لەسـەر ئەستێرەکەی ئێمـەش

هەن و بەزمانی خۆمان لەسەریان نووسراوە( کۆشکی دیکتاتۆرەکان )

کاتێك ویستم داوای چوونە ئەوێ بکەم تا بەچاوی خۆم ببینم و پێیان بڵێم ئێوەش بەو سەردەمەی ئێمەدا تێپەڕیون و دیکتاتۆرتان هەبووەو جیاوازیتان لەگەڵ ئێمە نییە، حەزم لێبوو تێیان بگەیەنم کە ئەوانیش سیاسیانە بیر دەکەنەوە هەروەك ئەو گفتوگۆیەی ئێستای نێوانمان، دەمویست بڵێم ئێوەش دەمارێکی ئایدیۆلۆژی لە هزرتان چەسپیوەو تا ئێستاش نەتان توانیوە خۆی لێ رزگارکەن، بەڵام دەرفەتیان نەدامێ و ئەویدی هەڵیدایەو گوتی:

پێویست ناکات داوای چونە ئەوێ بکەی چونکە خۆت کرێچی دیکتاتۆرێکی، لەشارو وڵات و ئەستێرەکەی ئێوە چەندین بەرامبەر کۆشکی دیکتاتۆرەکانی لێیە، تۆ لە ئەستێرەی دیکتاتۆرەکانەوە هاتووی، زۆرتان ماوە بگەن بەو ژیانە سادەی ئێمە، پێشت وانەبێ زانیاریمان لەسەر ئەستێرەکەی ئێوە نییە، وێنەی ئەستێرەکەی

ئێوەمـان لایـەو بـە وڵـاتی تـرس نـاوی دەبـەین، چـونکە خۆتـان خـودا بۆخۆتـان و نوێنـەرو سـەرکردە بۆخۆتـان دروست دەکەن و دواتـریش لـەناوتان دەبـەن، باپیرانمـان سـەردانی ئێوەیـان کـردوەو نـەیان توانیـوە لـەنێو ئـەو هەموو جیاوازیانەی ئێوەدا بمێننەوە، بەتایبەتیش ئـەو زانیاریانـــەمان لایـــە، کـــە ئێـــوەی بوونـــەوەر خـــەریکی لەناوبردنی ئەو ئەستێرە نازدارەن کە سەرچاوەی ژیانی ئێوەیـــە، لەســـەرەوە توێکڵەکـــەی دادەتاشـــن و کۆشـــکی دیکتاتۆرەکانی پێ درووست دەکـەن، ناوەکەشـی دەکـۆڵن و خۆتـــان و جوانیـــەکانی پێدەســـوتێنن، ئێـــوە بێئاگـــا کەوتونـــە وێـــزەی خۆتـــان و بەدەســـتی خۆتـــان گـــۆڕ بۆخۆتان هەڵدەکـەنن، تەمـەنی ئەسـتێرەکەی ئێـوە زۆر کـورت بـوەو ئـاوا بـڕوا دەسـتان لـەبنی هەمبانەکـەوە دەردەچێ.

زانیاریـــە وردو راســـتەکەی ئـــەوان، جێگـــەی ســـەرنجم بـوون، دیـاربوو زۆر شـتیان لـەبارەی ئێمـەوە دەزانـی و دەشـیان زانـی لـەنێو هـزری منـدا چ هەیـە، بۆیـە لـە

باروودۆخێکی دەروونی زۆر خراپدا بووم، ئامانج جارێکیدی ساروخەکەی هەڵدایەوەو لەگەڵ برادەرە نامۆکەی خەریکی تاقیکردنەوەی ساروخی گەورەترو بەرزفڕتر بوون، ئەگەرچی گرنگی پێنەدام بەلاّم تێی گەیاندم کە خەریکی ئەو داهێنانەیە کە بەمنداڵی ئێمە بەدوویدا دەگەڕاین، دەیویست لێم نزیك بێتەوەو پێم بڵێ کە راستە هێشتا بچوکم بەلاّم فێرە خوێندەواری بووم و ساڵی ئێرەش جیاوازە لە گەڵ ساڵی ولاّتی مە، ئەوانە خەیاڵێکی کتوپڕ بوون بە مێشکمدا رەت دەبوون.

زۆرینەی ئەو پرسیارانەی دامنابوو بیانکەم قوتم دانەوە، دەمزانی لەدیدی ئەوانەوە ئێمە دڕندەین، تەواوی ئەو چاکسازی و پەیڕەوە ناوخۆییانەی حزب و دەستوورە جۆراوجۆرەکانی حکومەتان لای ئەوان بوونەتە فۆلکلۆر، دەزانن لەبری یەکسانی جیاوازیەکان فراوانتر دەکات ، ئەوان نیگەرانی ئێمەن و ئەو قۆناغانەیان تێپەڕاندووە، کەئێمە هێشتا لە

سـەرەتاکانیداین، بـەڵام بیرکردنـەوە سیاسـی و قسـە قەڵـەوەکانیان گومـانی لا درووسـتدەکردم، بۆیـە بەرلـەوەی بـاس لـە سیاسـەت و ئـەو شـتانە بکـەم کـە دەمزانـی ئـەوانی پـێ تـوڕە دەبـن، بـەر لـەوەی ئـەوان وەڵامی حازر بەدەستم بۆ بهاوێن و بێدەنگم کەن.

گوتم: حەزدەکەم لای ئێوە بمێنمەوەو ماڵۆچکەیەکم هەبێ.

هەردووکیان زۆر پێکەنین دیار بوو پرسیارەکەم لای ئەوان زۆر بێبایەخ بوو، تاقەتی وەڵامدانـەوەیان نـەبوو، یان لە دڵی خۆیاندا گوتویانـە ئـەو بێمێشکە قەشمـەری سـەر ئەسـتێرەکەی خۆیانـەو هـاتووە تـا ئێمـەش قەشمەرکا.

یـەکێکیان پەنجـەی بـۆ بنـاری چـیایەکی سـەربەتەم راکێشا و گوتی:

هـەر لێـرەوە تـا ئـەوێ خانۆچـکەی جـوانن و زۆرینەشـیان بـەتاڵن، ئێمـە دروسـتیان دەکـەین و دەیدەینـە ئەوانـەی نیانـە، بـۆ ئـەو خێزانانـەی تـازە

دروستدەبن، تا هەموان وەکو یەك بن و کەس لەویدی زیاتری نەبێ، کەس بێماڵ نەبێ و بوك و زاواکان خەمی بێجێگەییان نەبێت، بەڵام تۆیەکی کرێچی سەر ئەستێرەکەی خۆت، بە هزرێکی سیاسی و جیاوازی دینی و خۆویستیەوە دەتەوێ ژیانێکی شایستەت دەستکەوێ، باشە نیشتمان و خێزانەکەت جێدەهێڵی؟ تەنیا بیر لەخۆت دەکەیەوە و دڵنیاین لێرەش وادەبی چونکە ژیانی هەرەوەزی لای ئێوە بەکۆتا هاتوەو هەرکەسەو خەمی خۆی دەخوا برا ئاگای لەبرا نەماوەو ئەوەتا تۆش بە تەنی بیر لەخۆت دەکەیەوە.

ئەوەیان زۆر زۆر بڵێ بوو هەر لەو دەم وپلانەی سەر تیڤیەکانی خۆمان دەچوو کە دەرفەتی کەس نادەن و شەلم کوێرم وەناو دەکەون بەبێ ئەوەی حساب بۆ بەرامبەرەکەیان بکەن.

هەر درێژەی دایەو گوتی:

ئاخر ئێرە جێگەی ئەوانە نابێتەوە کە لەوانی دی دەدەن، ئاسن بەکار دەهێنن و توندوتیژی ئەنجام

دەدەن، خیانـــەت لــە هاوژینـــەکانیان دەکـــەن و چـــەند ژنێکـی ئاشـکراو دەیـانی نهێنیـان هەیـە، هـەروەك ئـەو سـەرنجە سێکسیەی تـۆ کـە لـە کەسـەکانی ئێمەتـدا، تـۆ بۆئەوەی لە شەڕە تفەنگی سـەر شـەقامەکانی شـارەکەت و یەکتر کوشتن و راوەدوونـان رزگـارت بێـت، پـەنات بـۆ خواردنەوە بـردووە ، ئـەوە راکردنـە و ئێـرەش جێگـەی راکـــردووان نابێتـــەوە، چـــونکە جێگـــەی خیانـــەتکارو چەتەو یاخی بوان نییە، ئەگەرچی ئێمە رێز لـە میـوان و تـەواوی نامۆکـان دەگـرین بـەڵام دوای خوێندنـەوەی هـزری تـۆو ئـەو پرسـیارە ترسـناکانەی لـەبارەی دیـن و پارت و بەرێکخراو کردنی ئێمەوە کردت، بەتایبـەت کـە دەتـــەوێ لێـــرەوە نەخشـــەی جـــەنگێکی درێژخایـــەن داگیرســــــێنی بــــــەرزگار کردنـــــی نیشـــــتمانەکەت و تۆڵەکردنەوە لە رژێمە نەیارەکان.

بۆیە بڕۆوە ئەوێ هەوڵدە لەماڵەکەی خۆتەوە دەست بە گۆڕانکاریەکان بکەی، بیرێك لـەو جیاوازیـە زۆرانـەی نێرو مێ و گەورەو بچوك و رەشـو سـپی بکـەوەو ئەوسـا

تێدەگەی ئێرە بۆ تۆ ناشێ، بەتایبەتی تۆ هەڵگری کلتورێکی هێندە ناشیرینی کە خانومان دایەی دەچیە ناوی و بیر لە سیملێدان و داگیر کردنی زەویەکانی دەوروبەری و تەنانەت بۆت بکرێ لێرەش هەوڵی بەکرێدانی ئەوانیدی دەدەی چونکە خۆت کرێچی، گیانی هاوکاری ئەوانیدی لای ئێوە بزر بوەو گەندەڵی هەموانی ناشیرین کردوون، هەروابێتەوە گیانی رابەرایەتی لە گوتەکانی تۆدا هەیە نابینی لە پێناسەکەت نوسراوە سەرۆك خێزان، لای ئێمە تاکی خێزانەکان وەکو یەکن، ئەو کلتورانە ئاوا بەئاسانی لێت نابنەوە دوور نییە لێرە هەوڵدەی شانەو دواتر رێکخراو ئەوجار حزبیش درووستکەی، دەزانی ئەو شتانە لێرە پڕوپووچن و بەمەترسی گەورە ئەژمار دەکرێن، باشترە خۆت بەخۆتبی و هێلانەکانی ئێمەش پیس نەکەی.

هەستم کرد زۆر بەنەرمی و حەلیمی هەموانیان کردینە درندە و زەویەکەی ئێمەیان کردۆتە مەکۆی درندەکان، چەند ئەوان بەتایبەت رەزاگرانەکە قسەی

دەکرد هێندە زیاتر دەماری پیاوەتیم دەجوڵا، هەستم کرد ئەمن بە شایستەی ئەوەش نازانن ببمە سەرۆکی خێزانەکەی خۆشم ، یان زانیاری لەسەر برادەرێکی بێگوناحی منداڵیم بزانم، چاوم سوور داگەڕابوو هەموو گوتەکانی ئەوانم بە هەڕەشەو سوکایەتی دانا، چونکە هیچ بایەخێکیان بۆ منی کرێچی سەر ئەستێرەکەی خۆمان دانەنا، دواتر دەتگوت جاسوسی ناو هزری ئێمەن و بەبێ شەرم هەموانیان کردینە خێو، رقم ئەستوور ئەستوور ببوو، خەریك بوو بەهەموو هێزم بۆکسێك لەناو دەمی یەکیان دەم و کەللەیەکیش لە تەختی نێوچەوانی ئەوی دیدەم، پێیان بڵێم لە بەعس نەترساوم، لە چیاکان چەندین ساڵ شەقم لە دارو بەردانداوە، هەی خوێڕی و ناجنسینە ئێوە کێن سەرزەنشتی ئێمە دەکەن، خودا شاهیدە ئەمەریکا و روسیا پێتان بزانن بەنەوەویەك مەحوتان دەکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەو هاوڕێیە چین بزانن بە درندەی

دادەنـێن، ئـەوە رووی موشـەکەکانیان ئەوانـەی هـەڵگری کڵاوەی نەوەوین لە ئێوە دەکەن و تەفرو تووناتان دەکا.

هەردووك دەماری ئەولاو ئـەولای نێوچـەوانم هەسـتا بـوون، سـپێنەی چـاوم سـوور داگـەڕابوو، پتـت لێـدابام دەتـەقیم، ئـاخم بـۆ ئـەوە دەخواسـت کـە بـەبێ چـەك هـاتووم، خۆئەگـەر چـەکم لەگـەڵ خـۆم هێنابـا حـەفتاو پێنجیـەکم لێخـاڵی دەکردنـەوەو دەمکردنـە بێـژینگ، حەزم لێبوو بە چڕنووکەکانم دەموچاوی هـەردووکیان داماڵمە خوارێ، پێشیان بڵێم هەی بێقیمەتینە بۆ ئێمە بەوەحشی دادەنـێن، سیقەتان هـەبێت ئەگـەر جنەکـەی هـاوڕێم نەبوایـە شـەقێکی ئەوەنـدە قـایمم تێهەڵـدەدان هەردووکیانم قۆڕ دەکردن، دەمخەساندن و واملێدەکردن نـانی ئیلـەڵڵای لـەت نەکەنـەوە، ئـاخر نەمـدەوێرا پرسیاریشـیان لێبکـەم، ئـەو پرسـیارەی لـەلای ئێمـە جـوانترین و نـەرمترین پرسـیارە بـۆ کەسـایەتیەکانمان، دەمویست لەوانی بکەم کەچـی پێمپێدەکـەنین، ئامـانجی برادەری خێرلەخۆ نەدیوم دۆزیبۆوە، بە قسەی هەلـەق

وبەلەق لێیان دوور دەخستمەوە، بەزاتی خوای ئەگەر لەبەر خاتری سومعەی ئەستێرە داماوەکەی خۆمان نەبا دەماری کەریەتی دەیگرتم و( بەژنێ خۆشم تەماشا نەدەکردن و دەمکردنە پەڕۆی بێنوێژی) ئاخر ئەمن میوانی وان بووم نەمیوەکیان بۆ هێنام و نەپێکێك خواردنەوەیان دامێ، بەڵام چونکە جنەکەی هاوڕێم هەمیشە دەیکردمە پاڵەوان لەوێش کاریخۆی کردوو لەناخەوە پێی گوتم:

هەتیو ئەوە بیر لەچی دەکەیەوە ئەوانە پیاوی چاکن، یەك هەڵە بکەی سنوورداشت دەکەنەوە، دانبەخۆتدا بگرەو باشتر تێیان بگە، نابینی هزری تۆ دەخوێننەوەو هەر پێتپێدەکەنن.

ئێ خۆ ئەمنیش داروبەرد نەبووم لەشەرمان و لەو هەموو هێرشەی کردیانە سەر بنیادەمی سەر ئەستێرەکەمان، ئارەقەی رەشوشینم دەرکرد، بە قسەی جنەکەی هاوڕێم نەکردوو ویستم وەبن خۆمیاندەم و کەمێك دەموچاویان بشێلم، چاوم لە خڕکە بەردێك

گێڕا تـا لـە تـەپڵی سـەریاندەم، ئـەمما دەسـتم نەکـەوت، دەسـتم بـە نـاوکو کەلەکەمـدا هێنـا بـەڵکو چـەقۆ یـان خەنجەرێکم پێبێت تا وەك شوتی قاشقاشیان کـەم هـەر نـەبوو، ناچـار هێرشـم کـردە سـەریان و پـێش ئـەوەی دەستم بگاتە دەموچاویان بەرلـەوەی یەخـەیان بگـرم و دەمو قەپۆزیان تەعدیلکەم، بەدووان گرتیانم و هـەڵیان دامە حەوای وەك کۆلارە بەگەردوونـدا ئاوارەیـان کـردم، لـەو سـاتە نەهامەتییـەدا بـوو بۆیەکـەم جـار دەنگـی ئامـانجی بـرادەری منـداڵیم هاتـەوە بـەرگوێم و هـاواری کـرد (رزگارمکـە) لەگـەڵ تـەوژمی هەڵـدانم بـۆ ئاسمـان دواجـار سـیمای ئامـانجم بـە گریانـەوە دی کـە گرنگـی پێدەدام، بەڵام نەیدەوێرا بەئاشکرا راسـتییەکان دەرخـا، سـاروخێکی پتـەو کـە بـەخێرایی مـن ئاسمـانی دەبـڕی نامەیـەکی روونـی ئامـانج بـوو بـۆ مـن، بـەڵام نـەتوانیم بیگـرم نـە ئـەویش گەشـتە مـن، بـەڵام لەگـەڵمن لـە پێشـبڕکێدا بـوو، بەوڕێیـەی پێیـدا هـاتبووم بەدەسـت بـەتاڵی هەربەوێیانـدا گەڕاندمـەوەو بەکونفەیـەکونێك

لەسەر زەوی تەپەم لێهات، هەر رێك وەك ئەو تەپەیەی کە لەسەربانەوە خۆم هەڵدا بۆسەر لمەکەو نەیگەشتمێ ، کە چاوم کردەوە لەسەر تەختەی نووستن کەوتوومە خـوارو ئارەقەیـەکی زۆرم کـردووە، هاوژینەکـەم یـەك دۆلکە بەفراوی دامێ بینم پێوەنا و نیوەم کرد، ئەوجار پێی گوتم :

ها کابرا ئەو هاتوهاوارەت لەچ بوو؟

گوتم:

هـیچ، پیاسـەیەکم بـە گەردوونـدا کـرد، بونیـادەمی ئەوێم دیتنەوەو سەگبابانە لەوێوە هەڵیاندامـەوە سـەر زەوی، ئـــەویش دەیزانـــی مەســـتم و بـــەخێرایی خواردوومەتەوە پێی گوتم:

ئەوە پێدەچێت میوانە دیندارە ناوەختەکەی ئێـوارێ دوعای لێکردبی، بۆیە کەمێك تێکچووی، ئەمیش دەمـم بە نیوە دۆلکە ئاوەکەی دیکەوە ناو چۆڕایم لێبڕی.

گوتم: کارەبا نەهاتۆتەوە؟

هاوژینەکەم گوتی: نـا بـەڵام تەقەیـەکی زۆر لەوبـەری شار هەبوو پێدەچێت گیرابێتەوە.

هـەر لـە قسـەکانی نـەبۆوە ریزێـك گوللـەی ئـاگردار بەسـەر ئێمـەدا تێپـەڕین و ویـزە ویزیـان بـەرگوێمان کـەوت، ئیـدی تـەواو دڵنیـا بوومـەوە کـە لەسـەر ئەسـتێرەکەی خۆمـانم و تـۆزی نـامۆیم بـەم دەنگـە ئاشنایە لێبۆوە.

لەبەر ئەوەی بنیادەمەکانی ئەوێ شەڕوشۆڕیان زۆر پێناشیرین بوو پرسیاری دیم نەکرد تەنیا گوتم:

هیچ پێکێك نەماوە بیخۆمەوە؟

گوتی:

ها دەڵێی حەزت لێیە ئەوجارەش وەبەر شەقانت دەن و فڕێتدەنەوە سەر زەوی.

وەڵامـم نەدایـەوە، بـەڵام تێگەیشـتم ئـەو ئاگـای لـە نهێنیـەکانی گـەردوون نییـە، نـامۆیی نـەدیوەو نـازانێ ئێمەی خاراو لەناو جەنگو ئاوارەبوونەکانـدا، بووینەتـە کەرەستەی نیگەرانیەکان و لە قورسی و نەهامەتییەکان

راهاتووین، نامۆکان و خـەڵکی بیـانی، چێژی هاتنـەوەی کارەبـاو شۆڕەشـۆڕی هاتنـــەوەی ئــاوی بەلوعـــەیان نــەکردووە، نـازانن ئـەو سـاتەی کـە لـەمردن رزگـارت دەبێـت چـەندە خۆشـە؟ ئـەوان ئـازادو فێـرە ئـارامین و سپی بوونەوەی پێستی نێو بەندیخانەیان نـەدیوە، قـەت فرۆکە بەسەریاندا نەڕشاوەتەوەو تـۆزو خـۆڵی خـاپوور بوونی وڵاتێکیـان بەسـەردا نـەباریوە، کوا تـامی گۆشـتی ئاسـکو کـەو و باڵنــدە کێویــەکانیان کردووە؟پێموانییــە مـردنی بەکۆمەڵ و دەسکەوتی بە کۆمەڵیان دیبێ.

بۆیە سەرم خستەوە سەر سەرینەکەو تەواو بەئاگاوە بیرم لە دوا سەرنجەکانی ئامانـج دەکردەوە پڕبـوون لـەو کـۆدە نهێنییانــەی کــە تــا ســەردەمێکیدی ناکرێنـــەوە، تێگەیشــتم کــە ئامــانجی بــرادەری منـــداڵیم وریـــابوو ئـەگەرچـی گۆڕانکـاریش بــە سـیماو باڵاشمـدا هـاتوون، بــەڵام ئــەمنی ناســیوەتەوە، ئێســتاش لــە ســەرەتاکانی شێوازی فڕین دەگەڕێ، تاخۆی لە بێکەسی و گۆشەگیری قوتارکا، منداڵەکانی ئەویش فێرە یاخی بـوون دەکـات و

ئـەو پلانـەکانی ئێـرەی لـەبیر مـاوەو دەتـوانیٚ (داو بـۆ باڵنـدەو تەڵـە بـۆ ئـاژەڵ و بۆسـە بـۆ مرۆڤـەکانی ئـەویٚ دانیٚ)، ئەو هێشـتا منداڵـە بـەڵام دووا سـەرنج و هـاواری ئـەو لەگوێمـدا دەزرنگێتـەوە، هـەر لەسـەر ئەسـتێرەکە نامـەی بـۆ هاویشـتم بـەڵام تێـی نەگەیشـتم، هەڵیدایـە ئاسمان و بۆم نەگیرایەوە، کەچی تێیگەیاندم کە گرنگی نەدانەکەی بەمن بۆ خاتری من بووە، هێمایەك بوو پـڕ لەوەفاو خۆشەویستی، نەخشـەیەك بـوو بـۆ جارێکیـدی بینینەوەی یەکتر.

ئێستا ساروخەکەی ئەو لەنێو گەردووندایـە نامەیـەکی پێچراوەی نهێنییـەو لـە خولگـەی ئەسـتێرەکەی خۆیـان دەرچووەو نازاندریٚ کـەی دەگاتـە خولگـەی زەوی، بۆیـە تەنیا بە دۆزینەوەی ئەم نامەیە نهێنییەکانی گـەردوون ئاشکرا دەبن و دەبێتە یەکەم زانیاری کە لە ژیانێکیـدی سەر ئەستێرەیەکی نامۆ بۆ ئێمەی تەنیا نێردرابێت.

**چاپکراوەکانی نووسەر**

1- **چراکان ناکوژێنەوە..........شیعر**

2- **ناڵەی چیا پەنایەك بۆ تاشەکان..........کۆمەڵە چیرۆك**

3- **دڵۆپە.......تایبەت بە لاوان**

4- **سمەجاویدان.......کۆمەڵە چیرۆك**

5- **جن بۆ خۆیم دەبا.......رۆمان**

6- **هێلانەیەك لە پەشمەك ئامادەیە بۆ چاپ**